# چەند دۆکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتی
# لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە

## بەرگی یەکەم

**وەرگێڕانی**

**قادر وریا**

کوردستان — هەولێر

٢٠٠٦



**ناوی کتێب: چەند دۆکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتی لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە**

- وەرگێڕانی: قادر وریا
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جمال رواندزی
- بەرگ: محەمەد قادر
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: ٥٧
- بەرگی یەکەم
- چاپی یەکەم ٢٠٠٦
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار

زنجیرەی کتێب –٥٤– (١٥٧)

**ناونیشان**

**دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی**

**پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.com**

**ژمارەی تەلەفۆن : 2260311**

www.mukiryani.com

# ناوەڕۆک


- لە پێناوی پەرەپێدانی کولتووری مافی مرۆڤ لە کوردستان دا............... ٥
- جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ.................................... ١٣
- رێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنیو سیاسییەکان ................ ٢٤
- رێککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی................................ ٥٨
- رێککەوتننامەی دژی ئەشکەنجەو رەفتار یان سزای توندوتیژ ............... ٨٢
- پەیماننامەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان .............................. ١٠٩
- جارنامەی پێشگیری لە توند و تیژە دژی ژنان ............................. ١٤١
- جارنامەی بنەماکانی وێکهەلکردن........................................ ١٥٣
- بەرنامەی پێشنیارکراوی رێکخراوی نێونەتەوەیی ......................... ١٦١
- پەیمانی شوورای ئەوروپا بۆ پشتیوانی لە کەمایەتییە نەتەوەییەکان ......... ١٦٨
- پەیمانی شوورای ئەوروپا بۆ پشتیوانی لە کەمایەتییە نەتەوەییەکان ......... ١٧٠

# له پێناوی پەرەپێدانی
# کولتووری مافی مرۆڤ له کوردستاندا

قادر وریا

گرنگیی فێرکردنی مافی مرۆڤ و رۆڵی فێرکردن له پەرەپێدان و برەوپێدانی رێزگرتن له ماف و ئازادییه ئینسانییەکان له ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا، لەو مەسەله گرنگانەیه که هەم له بەڵگەنامه نێونەتەوەییەکان (راگەیاندراوەکان Declarations، رێککەوتننامەکان Conventions، پرۆتۆکۆلەکان Protocols، جاڕنامەکان Statementsو بڕیارنامەکانResolutions )ی رێکخراوی نەتەوه یەکگرتووەکان و بنیات و دامەزراوەکانی تایبەت به مافی مرۆڤی سەر بەو ناوەندەدا گونجێندراوه، هەم له لایەن تێکۆشەران و داکۆکیکەرانی ئەو مافانه، به بۆنەی جۆراوجۆرەوه پێی لەسەر داگیراوه.

جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، هەبوونی "تێگەیشتنی هاوبەش" له بارەی ماف و ئازادییه ئینسانییەکان به یەکێك له پێویستییەکانی بەڕێوەچوونی به تەواویی ئەو ماف و ئازادییانه دەزانێ. پێویست بەگوتن ناکا که "تێگەیشتنی هاوبەش" له بارەی ئەو مافانه، بەبێ ئاگاداری و زانیاریی هەرچی زیاتر و وردتر لەوان پێکنایێ.



ئەمەش بەر له هەر شتێکی دیکه، به فێرکردنی مافی مرۆڤ له رێگای جۆراوجۆرەوه دێته دی. هەر بۆیه له "دیباچه"(بەرایی)ی "جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ" دا، به روونی باسی "رەچاوکردنی ئەو مافانه و پەرەپێدانی ئازادییه ئینسانییەکان به یارمەتیی پەروەردە و فێرکردن" کراوه:

"بەم هۆیەوه که تێگەیشتنی هاوبەش له بارەی ئەم ماف و ئازادییانه بۆ ئەوەی به تەواوی بەڕێوەبچن، گرنگییەکی تایبەتی هەیه، کۆمەڵەی گشتی ئەم جاڕنامه جیهانییەی مافی مرۆڤ وەك ئامانجی هاوبەشی هەموو خەڵکان و میللەتان رادەگەیەنێ تا هەموو تاکەکان و سەرجەمی بنیات و دامەزراوەکانی کۆمەڵگه، هەموو کات ئەم جاڕنامەیەیان لەبەرچاوبێ و ، هەوڵ بدەن به هۆی فێرکردن و راهێنانەوه، رەچاوکردن و بەڕێوەبردنی ئەم ماف و ئازادییانه پەرەپێبدەن و، به دیاریکردنی رێوشوێنی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی رۆژ به رۆژ زیاتر رێگا بۆ بەرەسمی ناسران و باشتر بەڕێوەچوونبان چ له نێو خەڵکی ولاتانی ئەندام و چ له نێو خەڵکی ئەو سەرزەوییانەدا که له ژێر دەسەلاتی ئەوان دان، دابین بکەن."[١]

له ماددەی ٢٦ی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤیشدا، وێڕای ئەوه که دەستڕاگەیشتن به پەروەردەوفێرکردن به مافی هەر کەسێك دانراوه، رێزنان له کەسایەتیی مرۆڤ و پەرەپێدانی رەچاوکردنی ماف و ئازادییه ئینسانییەکان وەك یەکێك له ئامانجەکانی پەروەردە و فێرکردن ناوبراوه: "ئامانجی پەروەردە و فێرکردن دەبێ پشکواندنی هەموولایەنەی کەسایەتیی ئینسان و برەودان به رەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییه بنەڕەتییەکان بێ. پەروەردە و فێرکردن دەبێ له خزمەت پەرەپێدانی لێکتێگەیشتنی باشتر و وێکهەڵکردن و دۆستایەتیی نێوان هەموو نەتەوەکان و گشت تاقم و گروپه رەگەزی، یان ئایینییەکاندا بێ و ، هەروەها یارمەتی به پەرەپێدانی تێکۆشانی نەتەوه یەکگرتووەکان له پێناوی پاراستنی ئاشتیدا بکا."[٢]

بە وردبوونەوە لە بەڵگەنامە و پەسندکراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بنیات و دامەزراوەکانی برەوپێدەر و لاگری مافی مرۆڤ بۆمان دەردەکەوێ کە لەلایەکەوە پێ لەسەر ئاشناکردنی مرۆڤان بە مافە تاکەکەسی و هاوبەشەکانیان لە ڕێگای فێرکردنەوە داگیراوە و، لە لایەکی دیکەوە داوا کراوە کە بەرنامەکان و سیاسەتەکانی فێرکاری، لەگەڵ نێوەرۆکی مافی مرۆڤ یەکدیگر و، لە خزمەت گەشەکردن و پەرەپێدانی لێکگەیشتن و ئاشتیی نێوان خەڵك و بە هێزکردنی ڕێز و حورمەتی مرۆییدابن.

ماددەی ٤ی "پەیماننامەی بنەماکانی وێکهەڵکردن"یش کە ڕۆژی ١٦ی نۆڤامبەری ١٩٩٥ لە لایەن وڵاتانی ئەندامی یونسکۆوە پەسند کراوە، بە گرنگیپێدانی زۆرەوە ئاماژە بە پەرەپێدان و پاراستنی ماف و ئازادییە ئینسانییەکان و برەوپێدان و بە هێزکردنی ئاشتی و وێکهەڵکردن لە ڕێگای فێرکردنەوە، دەکا. دەقی تەواوی ئەم ماددەیە بەم جۆرەیە:

"٤-١: فێرکردن گرنگترین ئامرازی پێشگیری لە وێکهەڵنەکردنە. یەکەم هەنگاو لە فێرکردنی وێکهەڵکردندا ئەوەیە کە خەڵك شارەزای مافە هاوبەشەکانیان و ئازادییەکانیان بکرێن، فێربکرێن کە ڕێز لەو ماف و ئازادییانە بگرن و پشتیوانیی ئەوان لە ماف و ئازادییەکانی کەسانی دیکە، زیاتر ببێ.

٤-٢: فێرکردن دەبێ وەك پێویستییەکی زۆر گرنگ بۆ وێکهەڵکردن سەیری بکرێ: هەر بۆیە برەوپێدانی شێوەکانی فێرکردنی عەقڵانی و سیستماتیکی وێکهەڵکردن بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هۆکارە کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و ئایینییەکانی پێکەوە نەحاوانەوە- واتە ریشە سەرەکییەکانی توندوتیژی و بێبەشکردنی کەسایەنی دیکە- پێویستە. بەرنامەکان و سیاسەتەکانی فێرکردن دەبێ یارمەتی بە گەشەکردن و پەرەپێدانی لێکگەیشتن، هاوپێوەندی و وێکهەڵکردن و



لێبووردەیی لە نێو تاکەکان و هەروەها گروپە قەومی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و زمانییەکان بکەن.

٤-٣: فێرکردن لە پێناوی وێکهەڵکردندا دەبێ [لەنێوبردنی] کاریگەرییە دوولایەنەکان کە ترساندن و بێبەشکردنی کەسانی دیکەیان لێدەکەونەوە، بکا بە ئامانج و، یارمەتی بە لاوان بکا تا توانای بڕیاردانی سەربەخۆ، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەڵگەهێنانەوەی داهێنەرانە لە خۆیاندا گەشە پێبدەن. [٣]

بەسەرنجدان بە گرنگیی فێربوون و فێرکردن و ڕۆڵی ئەم کارە لە پەرەپێدانی کولتووری مافی مرۆڤدا، کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەیەی ١٩٩٥-٢٠٠٤ی بە "دەیەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ فێرکردنی مافی مرۆڤ" ناو نابوو. کۆمەڵەی گشتی، ساڵی٢٠٠٤ لە ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ (١٠ی دیسامبر)، لە کۆبوونەوەیەکدا کۆتاییهاتنی ئەو دەیەیەی ڕاگەیاند. کۆمەڵەی گشتی بە وەبەرچاوگرتنی ئەزموونی ١٠ ساڵی ڕابردوو، بەرنامەیەکی نوێی بۆ فێرکردنی مافی مرۆڤ لەم دەیەی پێمان ناوەتە نێوی، پێشنیازکرد. بە گوێرەی بەرنامەی ڕاسپێردراو لە لایەن کۆمەڵەی گشتییەوە، لە سێ ساڵی یەکەمی بەرنامەکەدا (٢٠٠٥ تا ٢٠٠٧) لەسەر فێرکردنی بابەتەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی خوێندندا و گۆڕینی ڕەوتی فێرکردن و شێوەکانی وانەوتنەوە، لە هەمووی گرنگتر بە هێزکردنی کەشوهەوایەك کە کاری فێرکردنی تێدا ئەنجام دەدرێ، پێ داگیراوە.[٤]

کوفی عەنان، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەیامێکدا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤەوە گوتی: "فێرکردنی مافی مرۆڤ بەشێکی هەرە گرنگی ئەو هەوڵانەیە کە بە مەبەستی تەیارکردنی نەوە نوێیەکان بە زانستی مافە

حاشا لێنەکراوەکانیان و ڕێگاکانی بەکارهێنان و داکۆکی لەو مافانە، گەلاڵەیان بۆ دانراوە". ناوبراو پاش ئاماژە بە "دەیەی فێرکردنی مافی مرۆڤ" و ڕاسپاردە نوییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ فێرکردنی مافی مرۆڤدا گوتی: "فێرکردنی مافی مرۆڤ زۆر بەربلاوتر لە وانەیەك لە قوتابخانەکاندا، یان بابەتێك بۆ ڕۆژێکی دیاریکراوە. ڕەوتێکە کە بەپێی ئەو دەبێ خەڵك بەو ئامرازە چەکدار بکرێن کە بۆ ژیانی تێکەڵاو لەگەڵ ئاسایش و ڕێزلێگرتن پێویستیانە. لە ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤدا، ڕێگا بدەن بە درێژەدانی کار لەگەڵ یەکتر لە پێناوی پەرەپێدان و پەروەردەکردنی کولتووری مافی مرۆڤ لە نێو نەوەکانی داهاتوودا، ئاستی ئازادی، ئاسایش و ئاشتی لە نێو تەواوی نەتەوەکانی جیهاندا بەرەوژوور بەرین."(٥)

کۆمێسێری بەرزی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لوییز ئاربۆریش لە پەنجاو شەشەمین ساڵڕۆژی دەرچوونی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا، لەسەر گرنگیی فێرکردنی مافی مرۆڤ پێی داگرت. ئاربۆر گوتی: "فێرکردنی مافی مرۆڤ، ڕێگایەکە بۆ دەستڕاگەیشتنی هەمووان بە ئازادی... هێشتا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی جیهان لە مافی مرۆڤ بێبەشن... ڕۆژی مافی مرۆڤ، بانگەوازێکە بۆ دەستپێکردنی هەوڵێکی مەزن کە بۆ بەدیهاتنی مافە ئینسانییەکانی یەکە یەکەی خەڵکی جیهان پێویستە. تەنیا ڕێگایەکیش کە ئەم ئاکامەی لێدەکەوێتەوە، فێرکردنی مافی مرۆڤە". ئاربۆر، فێرکردنی مافی مرۆڤی بۆ پێکهێنان و پەروەردەکردنی کولتووری مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگاکاندا، بە کارێکی بنچینەیی زانی و ئەو فێرکردنەی بە شێوەیەك بۆ هاندانی یەکسانی و بە هێزکردنی بەشداریی خەڵك لە ڕەوتەکانی بڕیاردان لە نێو سیستمە دیموکراتیکەکاندا، دانا. کومێسێری بەرزی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێداگرتنەوە گوتی: "هەرچەشنە بەرنامەیەکی فێرکردنی مافی مرۆڤ، کاتێك بەراستی بایەخ پەیدا دەکا کە



بەڕێوەبەرانی لە ئاستی خۆجێیی و نەتەوەییدا، بۆ هێنانە مەیدانی تواناکان و دیالۆگ بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگەکانی خۆیاندا، کەڵکیان لێوەربگرن." ئاربۆر لە پەیامی خۆیدا ڕێزی لە هەموو فێرکاران و مامۆستایانی مافی مرۆڤ ناو، وەك پارێزەرانی مافی مرۆڤ کە بەم هۆیەوە لە چوارچێوە فەرمی و نافەرمییەکان، لە کۆمەڵگە بچووك و گەورەکاندا و هێندێك جاریش لە هەلومەرجێکی پڕمەترسیدا، یارمەتی بە بنیاتنانی کولتووری مافی مرۆڤ دەکەن، ناوی بردن.(٦)

فێرکردنی مافی مرۆڤ هەنگاوێکی بنەڕەتییە لە پێناوی پەرەپێدانی کولتووری مافی مرۆڤدا، پەرەپێدانی کولتووری مافی مرۆڤیش دەبێتە هۆی بەرەوژووربردنی ئاستی ئازادی، ئاسایش و ئاشتی لە جیهاندا. هەتا ئاگاداری و زانیاریی مرۆڤەکان لە بارەی مافەکانیانەوە قووڵتر و زیاتر بێ، هەوڵدان بە مەبەستی وەدەستهێنانی ئەو مافانە و خەبات لەدژی پێشێلکەران و زەوتکەرانی ئەوانیش زۆرتر دەبێ و ، مەیدان لە دەوڵەتە دەسەڵاتپەرست، دیکتاتۆر و دژی ئینسانییەکان تەنگتر دەبێتەوە.

وەرگێرانی پەسەندکراوە نێونەتەوەییەکانی تایبەت بە مافی مروڤ و ئاگادارکردنی هاوزمانان لە نێوەرۆکی ئەوان، یەکێك لە ڕێگاکانی ئاشناکردنی مرۆڤ بەو ماف و ئازادییانەیە کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە ڕەسمیی ناسیون. هەر بۆیە لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە پرۆژەی وەرگێڕانی ئەو بەڵگەنامانەم دەست پێکردوە. لەم کتێبەدا ژمارەیەك لەو پەسەندکراوانە بە زمانی کوردی دەخەمە بەرچاوی ئۆگرانی ماف و ئازادییە ئینسانییەکان. نیازم وایە لە داهاتووشدا زۆر پەسەندکراوی دیکە کە هێشتا نەکراون بە کوردی، وەربگێڕمە سەر زمانەکەمان. هیوادارم بەم هەنگاوەم خزمەتێکی بچووکم بە پەرەپێدانی مافی مرۆڤ و دەوڵەمەندکردنی کولتووری ڕێزنان لە ماف و ئازادییە ئینسانییەکان لە کوردستان کردبێ.

**پەراوێزەکان**

**١) و٢) جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ،**

**٣) جاڕنامەی بنەماکانی وێکهەڵکردن**

**٤) و٥) و٦) پەیامەکانی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمیسێری بەرزی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤەوە، ١٠ی دیسامبری ٢٠٠٤، ماڵپەری: "ایران امروز"**

# جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ

## ١٩٤٨/١٢/١٠

بەم هۆیەوە کە بەرەسمی ناسینی ئابڕوو و کەرامەتی زاتیی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و، مافی وەکیەك و حاشالیٚ نەکراوی ئەوان، بناعەی ئازادی، دادپەروەری و ئاشتی لە جیهاندا پێکدێنێ،

بەم هۆیەوە کە وەبەرچاونەگرتن و سووکایەتیکردن بە مافەکانی مرۆڤ، کردەوەی دڕندانەی ئەوتۆیان بەدواوە بووە کە ویژدانی مرۆڤایەتییان ئازارداوە و، پێکهێنانی جیهانێك کە تێیدا مرۆڤ لە بیروڕا دەربڕیندا سەربەست و، لە ترس و هەژاری بە دوور بن، وەك بەرزترین ئارەزووی مرۆڤ ڕاگەیەندراوە،

بەم هۆیەوە کە پێویستە مافەکانی مرۆڤ لە لایەن دەسەڵاتدارەتیی قانوونەوە پشتیوانییان لێبکرێ تا مرۆڤ ناچار نەبێ لە دژی ستەم و بێدادی وەك دواچارە پەنا بباتە بەر یاخیبوون،

بەم هۆیەوە کە پەرەگرتنی پێوەندیی دۆستانەی نێوان نەتەوەکان دەبێ پشتی بگیرێ،

بەم هۆیەوە کە گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان جارێکی دیکە بڕوای خۆیان بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤو ئابڕوو و کەرامەت و بایەخی تاکەکانی مرۆڤ و، بەرابەریی



مافەکانی ژنان و پیاوان، لە پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕاگەیاندۆتەوە و، بڕیاریان داوە یارمەتیی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بدەن و، لە بەر ڕووناکایی ئازادیی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتردا باشترین هەلومەرج بۆ ژیان پێکبێنن،

بەم هۆیەوە کە دەوڵەتانی ئەندام بەڵێنیان بەخۆ داوە بە هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان کار بۆ ڕێزگرتنی هەمەلایەنە چاودێریی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان بکەن،

بەم هۆیەوە کە تێگەیشتنی هاوبەش لە بارەی ئەم ماف و ئازادییانە بۆ ئەوەی بە تەواوی بەڕێوەبچن، گرنگییەکی تایبەتی هەیە،

کۆمەڵەی گشتی ئەم جاڕنامە جیهانییەی مافی مرۆڤ وەك ئامانجی هاوبەشی هەموو خەڵکان و میللەتان ڕادەگەیەنێ تا هەموو تاکەکان و سەرجەمی بنیات و ئۆرگانەکانی کۆمەڵگە، هەموو دەم ئەم جاڕنامەیەیان لە بەرچاو بێ و هەوڵ بدەن بە هۆی فێرکردن و ڕاهێنانەوە، ڕەچاوکردن و بەڕێوەبردنی ئەم ماف و ئازادییانە پەرە پێ بدەنو، بە دیاریکردنی ڕێوشوێنی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕێگا بۆ بەرەسمی ناسران و باشتر بەڕێوەچوونیان چ لە نێو خەڵکی وڵاتانی ئەندام و چ لە نێو خەڵکی ئەو سەرزەوییانەدا کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان دان، دابین بکەن.

**ماددەی ١:**

هەموو مرۆڤان بە ئازادی لە دایك بوون و، لە باری ئابڕووو کەرامەت و مافەکانیانەوە لەگەڵ یەکدا بەرابەرن. هەموویان خاوەنی عەقڵ و ویژدانن و دەبێ بە گیانێکی برایانە لەگەڵ یەکدا بجوڵێنەوە.

**ماددەی ٢:**

١- هەر کەسێك دەتوانێ بێ هیچ جیاوازیدانانێك بەتایبەتی لە باری ڕەگەز، ڕەنگ،

زایەند (جنس)، زمان، دین، بیروڕای سیاسی، یان هەر بیروڕایەکی دیکەوە، هەروەها بێ وەبەرچاوگیرانی ڕەچەڵەکی نەتەوەیی، یان کۆمەڵایەتی، سامان، لە دایکبوون، یان هەر بارودۆخێکی دیکەوە، هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی هەبێ کە لەو جاڕنامەیەدا هاتوون.

٢- هەروەها نابێ هیچ چەشنە جیاوازییەك لەسەر بناغەی پایەی سیاسی، قەزایی، یان نێونەتەوەیی وڵاتێك، یان سەرزەوییەك کە مرۆڤێك پێیەوە بەستراوەتەوە، ڕەچاو بکرێ، چ ئەو وڵاتە، یان سەرزەوییە سەربەخۆ بێ، یان لەسایە و لەژێر چاوەدێریی وڵاتێکی دیکەدا بێ، یان خودموختار نەبێ، یان سەروەرییەکەی بە جۆرێك بەرتەسك کرابێتەوە.

**ماددەی ٣:**

هەر مرۆڤێك مافی ژیان، ئازادیو ئاسایش و تەناهیی تایبەتی خۆی هەیە.

**ماددەی ٤:**

هیچ مرۆڤێك نابێ بکرێتە کۆیلە، یان بندەستو، کۆیلایەتی و کڕین و فرۆتنی کۆیلان بە هەر شێوەیەك بێ، پێشی پێدەگیرێ.

**ماددەی ٥:**

هیچ کەسێك نابێ ئەشکەنجە بدرێ، یان بکەوێتە بەر ڕەفتارو سزای زۆردارانەو دژی ئینسانیو، سووکایەتیی پێبکرێ.

**ماددەی ٦:**

هەر مرۆڤێك مافی ئەوەی هەیە کەسایەتییە قانوونییەکەی لە هەموو جێیەك بەڕەسمی بناسرێ.

**ماددەی ٧:**

هەموان لە بەرانبەر قانووندا یەکسانن و مافی ئەوەیان هەیە بێ هیچ



جیاوازیدانانێك لە لایەن قانوونەوە پشتیان بگیرێ. هەموان مافی ئەوەیان هەیە لەبەرانبەر هەر جیاوازیدانانێکدا کە نێوەرۆکی ئەم جاڕنامەیە پێشێل بکاو، لە دژایەتی لەگەڵ هەر هاندانێکدا کە بە مەبەستی ئەو جیاوازیدانانە بەڕێوە بچێ، وەك یەك لە لایەن قانوونەوە پشتیوانییان لێبکرێ.

**ماددەی ٨:**

لەبەرانبەر ئەو کردەوانەدا کە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەنو، ئەو مافانە بەهۆی دەستوور، یان هەر قانوونێکی دیکەوە دانیان پێدانراوە، هەر کەسێك مافی هانا بردن بۆ دادگا نەتەوەییە بڕواپێکراوەکانو داواکردنی پێراگەیشتنی کاریگەر بە سکاڵاکەی هەیە.

**ماددەی ٩:**

هیچ کەسێك نابێ لە خۆوە بگیرێ، زیندانی بکرێ، یان دوور بخرێتەوە.

**ماددەی ١٠:**

هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە لەو پەڕی بەرابەریدا لەگەڵ کەسانی دیکە لە دادگایەکی سەربەخۆ، بێلایەن، بەئینساف و ئاشکرادا بە کێشە و سکاڵاکەی ڕابگەنو، دادگایەکی ئەوتۆ دەبێ لە بارەی مافەکانو پێویستییەکانی وی، یان هەر تاوانێك کە پێی تاوانبار کراوە، بڕیار بدا.

**ماددەی ١١:**

١- هەر کەسێك بە هەر تاوانێك تاوانبار کرابێ، هەتا ئەو کاتەی لە دادگایەکی ئاشکرادا کە هەموو دەستەبەرێکی پێویست بۆ داکۆکی لە خۆکردنی بۆ دابین کرابێ، تاوانباربوونی وی بەشێوەیەکی قانوونی دەرنەکەوتووە، بە بێ تاوان دەژمێردرێ.

٢) هیچ كەسێك سەبارەت بە جێبەجێكردنی كارێك، یان ئەنجامنەدانی كارێك كە لە كاتی ئەنجامدانیدا بە گوێرەی مافە نەتەوەیی، یان نێونەتەوەییەكان بە تاوان نەناسراوە، مەحكووم ناكرێ. هەروەها هیچ كەسێك نابێ بە سزایەكی توندتر لەو سزایەی كە لە كاتی ئەنجامدانی تاوانەكەدا بۆ ئەو تاوانە دیاریكراوە، مەحكووم بكرێ.

**ماددەی ١٢:**

هەر چەشنە خۆتێهەڵقورتاندنی لە خۆوە لە ژیانی تایبەتی، كاروباری بنەماڵەیی، ماڵو شوێنی مانەوە و نامە نووسینی هەر كەسێك، هەروەها هەر كار و كردەوەیەك كە زیان بە شەرەف، نامووس، ئابروو و ناوبانگی كەسێك بگەیەنێ، مەحكوومە. لە بەرانبەر ئەم جۆرە خۆتێهەڵقوتاندنو هێرشانەدا، مافی هەر مرۆڤێكە كە لە لایەن قانوونەوە پشتی بگیرێ.

**ماددەی ١٣:**

١- هەر كەسێك مافی ئەوەی هەیە لە نێو هەر وڵاتێكدا ئازادانە هاتوچۆ بكاو بە ویستی خۆی شوێنی ژیان هەڵبژێرێ.

٢- هەر كەسێك مافی ئەوەی هەیە هەر وڵاتێك بە وڵاتەكەی خۆشییەوە بەجێ بێڵێ، یان بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی.

**ماددەی ١٤:**

١- لە بەرانبەر ستەم وچەوساندنەوەدا، هەر كەسێك مافی ئەوەی هەیە بە شوێن پەناگەیەكدا بگەڕێو، پەنا بباتە بەر وڵاتێكی دیكە.

٢- كەسێك سەبارەت بە تاوانی گشتیو نا سیاسیو بەهۆی كردەوەی نەگونجاوو ناتەبا لەگەڵ ئامانجو ڕێوشوێنەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان دەكەوێتە بەر لێكۆڵینەوەو ڕادەدوونان، ناتوانێ لەم مافەی كەڵك وەربگرێ.



**ماددەی ١٥ :**

١- هەر كەسێك مافی ئەوەی هەیە "تابعیت" (دەوڵەتنامە- مافی هاونیشتمانەتی) پێبدرێ.

٢- هیچ كەس نابێ لە خۆوە لە "تابعیت"، یان لە مافی گۆڕینی دەوڵەتنامە بێبەش بكرێ.

**ماددەی ١٦:**

١- هەر ژنو پیاوێك كە گەیشتنە تەمەنی خۆناسینەوە، مافی ئەوەیان هەیە بێ وەبەرچاوگرتنی هیچ سنوورێك لە باری ڕەگەز، نەتەوایەتی، یان ئایینەوە بینە ژنو مێردو، ژیانی هاوبەش پێكبێنن. لە تەواوی ماوەی ژنو مێردایەتیو هەروەها لە كاتی هەڵوەشاندنەوەیدا، ژنو پیاو لە كاروباری پێوەندیدار بە ژیانی هاوبەش، مافی وەكیەكیان هەیە.

٢- پێكەوەنانی ژیانی هاوبەش دەبێ بە ڕەزامەندیی تەواو و ئازادانەی ژنو پیاو بێ.

٣- خێزان كۆڵەكەی سروشتیو بنەڕەتیی كۆمەڵگەیەو دەبێ لە لایەن كۆمەڵگەو دەوڵەتەوە پشتیوانیی لێبكرێ.

**ماددەی ١٧:**

١- هەر كەسێك چ بە تەنێ، یان بە شێوەی بەكۆمەڵ مافی خاوەنەتی (موڵكدار)ی هەیە.

٢- هیچ كەسێك نابێ لە خۆوە لە مافی خاوەنەتی بێبەش بكرێ.

**ماددەی ١٨:**

هەر كەسێك مافی ئازادیی بیركردنەوە، ویژدانو دینی هەیە. ئەم مافە پێویستی بە

ئازادیی گۆڕینی دین، یان بیر و باوەڕو، هەروەها ئازادیی دەربڕینو ئاشکراکردنی بیروڕا لە چوارچێوەی فێرکردنی ئایینی، بە جێهێنانی ڕێوشوێنەکانو، بەڕێوەبردنی ڕێورەسمە ئایینییەکاندا چ بە شێوەی تەنیا، یان بەکۆمەڵ، چ بە شێوەی تایبەتی، یان گشتیی هەیە.

**ماددەی ١٩:**

هەر کەسێك مافی ئازادیی بیروڕاو ڕادەربڕینی هەیەو، ئەو مافەش پێویستی بەوە هەیە کە هیچ کەس لەوەی کە بیروڕایەکی هەیە نەترسێو نیگەران نەبێو، لە بەدیهێنانو وەرگرتنو بڵاوکردنەوەی زانیاریو بیروبۆچووندا، ئازادانەو بێ وەبەرچاوگرتنی سنوورەکان، دەستی بە هەموو ئامرازێکی گونجاوی بیروڕا دەربڕینو بڵاوکردنەوە رابگا.

**ماددەی ٢٠:**

١- هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە لە پێکهێنانی ئەنجومەنو کۆڕو کۆبوونەوەو کۆمەڵەی ئاشتیخوازانەدا ئازاد بێ.

٢- هیچ کەسێك نابێ بە زۆر لە هیچ کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بکرێ.

**ماددەی ٢١:**

١- هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە راستەوخۆ، یان لە ڕێگای نوێنەرانێك کە ئازادانە هەڵیاندەبژێرێ، لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی وڵاتی خۆیدا بەشدار بێ.

٢- هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە لە هەلومەرجێکی وەکیەك لەگەڵ کەسانی دیکەدا، پیشە گشتییەکانی وڵاتی خۆی بەدەست بێنێ.

٣- خواست و ویست و بڕیاری خەڵك، بناغەی دەسەڵاتی دەوڵەتە. ئەو بڕیارە دەبێ



لە هەڵبژاردنی بێ فێڵدا کە بە شێوەیەکی دەورەیی بەڕێوەدەچن، خۆی دەر بخا. هەڵبژاردن دەبێ گشتی بێ، بەرابەریو یەکسانیی تێدا ڕەچاو بکرێ، بە دەنگدانی نهێنی بێ، یان بە شێوەیەکی ئەوتۆ بەڕێوە بچێ کە ئازادیی دەنگدان دابین بکا.

**ماددەی ٢٢:**

هەر کەسێك وەك ئەندامێکی کۆمەڵ، مافی بیمەی کۆمەڵایەتیی هەیەو، بۆی هەیە بەهۆی یارمەتیو هاوکارییە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان، ئەو مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەی بۆ پاراستنی ئابڕوو و کەرامەتو گەشەکردنی ئازادیی کەسایەتیی خۆی پێویستنی، بە سەرنجدان بە ڕێکخراوەو سەرچاوەکانی وڵات، وەدەستیان بێنێ.

**ماددەی ٢٣:**

١- هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە کار بکا، کاری خۆی بە ئازادی هەڵبژێرێ، هەلومەرجێکی دادپەروەرانەو جێگای ڕەزامەندی بۆ کار تێدا کردن داوا بکاو، لە بەرانبەر بێکاریدا پشتیوانیی لێبکرێ.

٢- هەمووان مافی ئەوەیان هەیە بێ جیاوازیدانان لە بەرانبەر کاری وەك یەکدا، هەقدەستی وەکیەك وەربگرن.

٣- هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە بۆ داکۆکی لە قازانجو بەرژەوەندەکانی خۆی لەگەڵ کەسانی دیکەدا سەندیکا و یەکیەتی پێکبێنێ، یان بچێتە نێویانەوە.

**ماددەی ٢٤ :**

هەر کەسێك مافی حەسانەوەو پشوودانو کەڵکوەرگرتنی لە کاتی ڤالا هەیەو، بەتایبەتی مافی دیاریکردنی سەعاتەکانی کارو پشووی دەوریی بەمز هەیە.

ماددەی ٢٥ :

١- هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە بە مەبەستی دابینکردنی سلامەتیو ئاسوودەیی خۆیو بنەماڵەکەی بەتایبەتی لە باری خواردن، جلوبەرگ، خانووبەرە، چاوەدێرییە پزیشکییەکانو خزمەتە کۆمەڵایەتییە پێویستەکانەوە، ئاستێکی باش لە ژیانی هەبێ. هەروەها مافی ئەوەی هەیە لە کاتی بێکاری، نەخۆشی، نەقوستانی، بێوەژنی، یان بێوەمێردی، پیریو، لە تەواوی ئەم حاڵەتانەدا کە بێ ئەوەی خۆی ویستبێتی، کەرەسەو ئامرازەکانی ژیانو بەڕێوەچوونی لە دەست دەرچوون، لە باری کۆمەڵایەتییەوە ژیانی دابین بکرێ.

٢- دایکانو منداڵان مافی ئەوەیان هەیە یارمەتیو چاوەدێریی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێ. هەموو منداڵێك چ ئەوانەی بەرهەمی ژیانی شەرعی بن، چ ئەوانەی بە نا شەرعی هاتوونەتە دنیا، مافی ئەوەیان هەیە وەکیەك لە باری کۆمەڵایەتییەوە پشتیوانییان لێبکرێ.

ماددەی ٢٦ :

١- هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە بخرێتە بەر خوێندنو پەروەردە بکرێ. پەروەردەو فێرکردنو لانی کەم خوێندنی سەرەتاییو بناغەیی، دەبێ بە خۆڕایی بێ. خوێندنی سەرەتایی ئیجبارییە. فێرکردنی تەکنیکیو پیشەیی دەبێ بکرێتە گشتیو، دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی بەرز دەبێ بە یەکسانیی تەواوەوە بۆ هەمووان مسۆگەر بکرێ تا هەموو بتوانن بە گوێرەی مایەو توانای خۆیان کەڵکی لێوەربگرن.

٢- ئامانجی پەروەردەو فێرکردن دەبێ پێگەیاندنی هەموو لایەنەی کەسایەتیی ئینسانو برەودان بە ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بێ. پەروەردەو فێرکردن دەبێ لە خزمەت پەرەپێدانی لێکتێگەیشتنی باشترو، وێکهەڵکردنو دۆستایەتیی نێوان هەموو نەتەوەکانو گشت تاقمو گروپە ڕەگەزی، یان



ئایینییەکاندا بێو، هەروەها یارمەتی پەرەپێدانی تێکۆشانی نەتەوە یەکگرتووەکان بدا لە پێناوی پاراستنی ئاشتیدا.

٣- دایكو باب لە هەڵبژاردنی جۆری پەروەدەو فێرکردن بۆ منداڵانی خۆیان، مافی ئەوەیان هەیە لە پێشەوەی کەسانی دیکە بن.

ماددەی ٢٧:

١- هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە ئازادانە لە ژیانی کولتووریی کۆمەڵدا بەشداری بکاو نەخشی هەبێو، چێژ لە هونەر وەربگرێ و بەشداری لە پێشکەوتنی زانستی بکاو سوود لە دەسکەتەکانی وەربگرێ.

٢- هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە لە پشتیوانیی قازانجە ماددیو مەعنەوییەکانی بەرهەمە زانستی، ئەدەبیو هونەرییەکانی خۆی کەڵك وەربگرێ.

ماددەی ٢٨ :

هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە لە بواری کۆمەڵایەتیو نێونەتەوەییدا، داواکاری پێکهێنانی سیستەمێکی ئەوتۆ بێ کە مافو ئازادییەکانی گونجاو لەم جاڕنامەیەدا بە تەواوی دابین بکاو، بەڕێوەیان ببا.

ماددەی ٢٩:

١- هەر تاکێك تەنیا لە بەرانبەر کۆمەڵگەیەکدا کە گەشەکردنی ئازادانەو هەموولایەنەی ئەوی مسۆگەر کردوە، ئەرکی دەکەونە سەر شان.

٢- هەر کەسێك لە بەکارهێنانی مافەکانو کەڵکوەرگرتن لە ئازادییەکانی خۆیدا، تەنیا لە بەرانبەر ئەو لەمپەرە قانوونییانەدا ملکەچە کە بەمەبەستی بەڕەسمی ناسینو ڕەچاوکردنی مافو ئازادییەکانی کەسانی دیکەو، بە نیازی لەبەرچاوگرتنی

پێداویستییە ئەخلاقییە دادپەروەرەکان بــە نیــازی نــەزمی گــشتیو خێــرو خۆشــیی هەمووان لە کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیکدا، پەسندکراون.

**٣-** ئەم مافو ئازادییانــە نابــێ بــەهیچ شــێوەیەك لەگــەڵ ئامانجــەکانو رێوشــوێنو بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە دژایەتی دابن.

**ماددەی ٣٠:**

هیچ یەك لە خاڵە پەسندکراوەکانی ئەم جاڕنامەیە نابێ بە جۆرێك مانا بکرێنەوە کـە مافێکی ئەوتۆ بدەن بە دەوڵەتێك، کۆمەڵەیەك، یان کەسێك کە بە پێی ئەو، بـۆ لـە نێوبردنی مافو ئازادییەکانی گونجاو لەم جاڕنامەیەدا تێبکۆشن.



# ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی
# مافە مەدەنیو سیاسییەکان
# ١٦/١٢/١٩٦٦

**کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٦ی دیسامبری ١٩٦٦ دا پەسندی کردوە (بڕیارنامەی 2200 A، بەپێی مادەی ٤٩، لە ٢٣ی مارسی ١٩٧٦ەوە بەڕێوەبردنی دەست پێ‌کراوە)**

سەرەتا:

دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە:

❊ بە سەرنجدان بەو بنەمایانە کە لە پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون، بەڕەسمی ناسینی ئابڕووی زاتیو مافە یەکسانو رانەگوێزراوەکانی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی مرۆڤ، بناغەی ئازادی، دادپەروەریو ئاشتی لە جیهاندا پێکدێنن،

❊ بە سەرنجدان بەمە کە، ئەم مافانــە لــە ئــابڕووی زاتیــی هــەر تــاکێکی مرۆڤــەوە سەرچاوە دەگرن،

* به سەرنجدان بەمە کە لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا، چڵەپۆپەی ئەو شتەی مرۆڤێکی ئازاد دەیەوێ، دەستڕاگەیشتنی بە ئازادیی سیاسی، مەدەنیو رزگاری لە ترسەو، گەیشتنی بەم مەرجانە تەنیا و تەنیا لە رێگای کەڵکوەرگرتنی هەر کەس لە مافە سیاسیو مەدەنییەکانو، هەروەها مافە کولتووریو کۆمەڵایەتییەکانەوە مسۆگەر دەبێ،

* به سەرنجدان بە پەیمان Charter ی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەوڵەتان بەرعۆدەن رێزی مافو ئازادییە مرۆییەکان بگرنو بەرێوەیان بەرنو لە سەرانسەری جیهاندا پەرەیان پێبدەن،

* بە تێگەیشتن لەم راستییە کە تاکەکان هەمبەر بەیەکترو کۆمەڵێك کە تێیدا ئەندامن، لە باری بەرەوژووربردنو پەرەپێدانی مافە دانپێدانراوەکان لەم پەیماننامەیەدا، بەرپرسیارن،

* دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە رەزامەندیی خۆیان لەگەڵ ئەم خاڵانەی خوارەوە رادەگەیەنن:

## بەشی یەکەم

**ماددەی ١:**

١ـ هەموو گەلێك مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەیە. بە هۆی ئەم مافەوە، ئەوان ستاتۆ و رەوشی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو پەرەپێدانی کولتووریی خۆیان، سەربەستانە دیاری دەکەن.



٢ـ هەموو گەلێك دەتوانێ بۆ ئامانجەکانی خۆی کەڵك لە سامانو سەرچاوە سروشتییەکانی خۆی وەربگرێ، بە مەرجێك ئەو بەرپرسیارەتییە نەخاتە ژێر پێ کە بە گوێرەی رێککەوتنە ئابوورییە نێونەتەوەییەکانو لەسەر بناغەی قازانجی بەرانبەرو قانوونی نێونەتەوەیی، کەوتوونە سەرشانی. لە هیچ هەلومەرجێکدا ناکرێ گەلێك لە ئامرازو پێداویستییەکانی ژیانو بەرێچوون بێبەش بکرێ.

٣ـ دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیماننامەیەو لە نێو ئەواندا ئەو دەوڵەتانە کە بەرپرسایەتیی بەرێوەبردنی وڵاتانی موستەعمەرەو بندەستیان لەسەرشانە، دەبێ بۆ بەدیهاتنی مافی چارەی خۆنووسین و رێزگرتن لەم مافە، بە گوێرەی دەق و رێوشوێنەکانی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەخێرایی هەنگاو بنێن.

## بەشی دووهەم

**ماددەی ٢:**

١- هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم پەیمانە بەرعۆدە دەبێ کە هەمبەر بە تاکەکانی دانیشتووی ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆی، بێ لەبەرچاوگرتنی جۆری رەچەڵەك، رەگەز، زمان، ئایین، بیروڕای سیاسیو هەر جۆرە بیروڕایەکی دیکە، هەروەها بێ وەبەرچاوگرتنی بنەچەی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، سامان، پێوەندیی خزمایەتیو بارودۆخیتر، رێز لە مافەکانی گونجاو لەم پەیماننامەیەدا بگرێو دەستەبەریان بکا.

٢- هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم پەیمانە، لەو جێگایانە کە پێشبینیی قانوونو رێوشوێنیان بۆ نەکراوە، بەرعۆدە دەبێ کە بەپێی رەوتی قانووندانانی خۆیو، لەسەر بناغەی رێوشوێنەکانی ئەم پەیماننامەیە، هەنگاوی پێویست بنێ. دیاریکردنی

قانوونو ڕێوشوێن دەبێ بەمەبەستی بەڕێوەبردنی ئەم مافانە بێ کە لەم پەیماننامەیەدا هاتوون.

٣- هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم پەیمانە بەرعۆدە دەبێ:

ئەلف ـ دڵنیایی بدا کە تاك لە کاتی پێشێلکرانی ئەو مافو ئازادییانەی کە لەم پەیماننامەیەدا بەرەسمی ناسراون ئامرازێکی بۆ قەرەبووکردنەوەی کاریگەری زیانەکانی هەبێ. تەنانەت ئەگەر ئەم پێشێلکردنە بە هۆی کەسانێکەوە بووبێ کە پۆستو مەقامی رەسمییان هەبووە.

ب ـ دڵنیایی بدا ئەو تاکەی داوای قەرەبووکردنەوەی زیان دەکا، لە لایەن کاربەدەستانی لێوەشاوەی قەزایی، ئیداریو قانووندانانەوە، یان بە هۆی هەر کەسێکی دیکەوە کە سیستەمی قانوونیی وڵات دیاریی دەکا، لێی بپرسرێتەوە. هەروەها پێداویستییەکانی قەرەبووکردنەوەی زیانە یاساییەکان پەرەی پێبدرێ.

ج ـ دڵنیایی بدا کە ئەم جۆرە کاربەدەستانە، هەرکات لەم چەشنە خەسارەیان لێدەرکەوت، ناچار دەکرێن قەرەبووی بکەنەوە.

**ماددەی ٣ :**

دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە بەرعۆدە دەبن یەکسانیی مافەکانی ژنانو پیاوان لە کەڵکوەرگرتن لە هەموو مافە سیاسیو مەدەنییەکان کە لەم پەیماننامەیەدا هاتوون، دەستەبەر بکەن.

**ماددەی ٤ :**

١ـ وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیمانە هەرکات ڕووداوێکی نائاسایی گشتی ڕوویدا کە هەڕەشەی لە ژیانی نەتەوەیەك کردو، ئەم ڕووداوە بە شێوەیەکی رەسمی ڕاگەیەندرا، دەتوانن لە دەرەوەی ئەم پەیماننامەیەو بەرپرسیارەتییە دیاریکراوەکانیان، هەنگاوی



پێویست بەپێی بارودۆخەکەو بەرژەوەندەکان هەڵبگرن. بەڵام بەو مەرجە کە ئەم هەنگاوانە لەگەڵ بەرپرسیارەتیو ئەرکە حوقووقییە نێونەتەوەییەکانیان ناتەبا نەبن، هەروەها نەبنە هۆی جیاوازیدانان بە دژی، یان بە قازانجی ڕەچەڵەك، ڕەگەز، زمانو بنەچەیەکی ئایینی، یان کۆمەڵایەتی.

٢ـ (ئەم هەنگاوانە) نابێ لە دەرەوەی ماددەکانی ٦ـ٧ـ٨ (بەندی ١و٢)- ١١-١٥-١٦و ١٨ی ئەم قانوونە (پەیماننامەیە)دا بن.

٣ـ هەر وڵاتێکی ئەندامی ئەم پەیمانە کە لە (مافی) دۆخە نائاساییەکانی ئەم پەیماننامەیە کەڵك وەردەگرێ، دەبێ دەستبەجێ جۆری ئەم دۆخە نائاساییەو، هۆیەکانی نائاسایی ڕاگەیاندنەکە لە ڕێگای سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ئاگاداریی وڵاتانی دیکەی ئەندام رابگەیەنێ. (هەروەها ئەم وڵاتە) لە ڕاگەیەندراوێکدا کاتی تەواوبوونی ئەو بارودۆخە نائاساییە دەستنیشان دەکاو، لە ڕێگای هەر ئەو کەسەوە (سکرتێری گشتی) بە ئاگاداریی وڵاتانی ئەندامی دەگەیەنێ.

**ماددەی ٥:**

١ـ هیچکام لە خاڵەکانی ئەم پەیماننامەیە، نابێ بە جۆرێك لێکبدرێنەوە کە ئەو مافە بدەن بە وڵاتێك، گروپێك، یان کەسێك کە مافو ئازادییە دەستنیشانکراوەکانی ئەم پەیماننامەیە لە نێوببا، یان بەرتەسکیان بکاتەوە.

٢ـ هیچ بەرتەسککردنەوەو دابەزینێك لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ کە لە قانوونەکان (عورف)، پەیماننامەکان، پێڕەوەکانو نەریتو ڕێوشوێنەکانی هەرکام لە وڵاتانی ئەم پەیماننامەیەدا، ناسراونو هەن، بەم بیانویە کە لەم پەیماننامەیەدا (ئەو مافانە) بەرەسمی نەناسراون، یان لە ڕادەیەکی کەمتردا بەرەسمی ناسراون، قبوڵ ناکرێ.

## بەشی سێهەم

**ماددەی ٦:**

١ـ هەر مرۆڤێك بە شێوەیەکی زاتی، مافی ژیانی هەیە. ئەم مافە دەبێ بە هۆی قانوونەوە بپارێزرێ. هیچ کەسێك نابێ، لەخۆوە و، بە شێوەیەکی ملهوڕانە لە مافی ژیان بێبەش بکرێ.

٢ـ لەو وڵاتانەدا کە سزای ئێعدام هەڵنەوەشاوەتەوە، سزای مردن تەنیا دەبێ بۆ ئەو تاوانبارانەی جینایەتیان کردوە، ئەویش بە گوێرەی قانوونێك کە لە سەردەمی ڕوودانی تاوانەکەدا بەرێوەچووە، دەربچێ. (ئەم سزایەش) نابێ لەگەڵ ڕێوشوێنەکانی ئەم پەیماننامەیە و پەیماننامەی نەهێشتن و سزای تاوانی کوشتاری بەکۆمەڵ (Genocide) ناتەبا بێ.

٣- کاتێك سەبارەت بە ئەنجامدانی تاوانی کوشتاری بەکۆمەڵ کەڵك لە سزای مردن وەردەگیرێ، هیچ شتێك لەم ماددەیەدا ڕێگا بە وڵاتی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە نادا لەو قانوونە لابدا کە لە پەیماننامەی نەهێشتن و سزای تاوانی کوشتاری بەکۆمەڵدا هاتووە.

٤- هەر کەسێکی سزای مەرگی بۆ دیاری دەکرێ مافی ئەوەی هەیە داوای لێبووردن، یان سووکبوونی تاوانەکەی بکا. شانسی کەڵکوەرگرتن لە لێبووردنی گشتی، لێبووردنی تاکەکەس، یان سووکبوونی سزای مردن بۆ هەموو نموونەکان هەیە.

٥- سزای مردن نابێ بۆ ئەو تاوانە دیاری بکرێ کە کەسانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵی ئەنجامیان داوەو، (هەروەها ئەو سزایە) نابێ لە بارەی ژنانی دووگیانیشەوە بەرێوەبچێ.

٦- هیچ شتێك لەم ماددەیەدا نییە کە ببێتە هۆی وەدواخستن، یان پێشگرتن بە هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدام لە لایەن وڵاتی ئەندامی ئەم پەیماننامەیەوە.



**ماددەی ٧ :**

هیچ کەسێك نابێ ئەشکەنجە بدرێ، یان سووکایەتیی پێبکرێو، سزای نائینسانیو درندانە بدرێ. بەتایبەتی تاقیکاریی پزیشکیو زانستی نابێ بەبێ ڕەزامەندیی ئازادانەی کەسەکە لەسەری بەرێوەبچێ.

**ماددەی ٨:**

١- هیچ کەسێك نابێ وەکو کۆیلە ڕابگیرێ. کۆیلەییو کڕینو فرۆشتنی کۆیلە بە هەر چەشنو شێوەیەك بێ، قەدەغەیە.

٢ـ هیچ کەسێك نابێ بە زۆرەملی خزمەتی پێبکرێ.

٣ـ ئەلف: هیچ کەسێك نابێ بە زۆرەملی کاری پێبکرێ، یان ناچار بە ئەنجامدانی کارێکی داسەپاو بکرێ.

بێ: بەندی سێهەم (ئەلف) نابێ ببێتە کۆسپ لەسەر ڕێی ئەو وڵاتانەی کاری قورس وەکوو سزایەك دیاری دەکەن. دیارە بڕینەوەی سزایەکی ئەوتۆش (سزادانی تاوانبار بە کاری قورس) دەبێ بەپێی بڕیاری دادگایەکی شایستە بێ.

جیم: بۆ (ڕوونبوونەوەی) نیوەرۆکی ئەم بەندە، وشەی کاری داسەپاوو زۆرەملی ئەم نموونانەی خوارەوە ناگرێتەوە:

Iـ هەر کار، یان خزمەتێك کە بەندی (ب) نەیگرێتەوەو، [ئەم جۆرە کارانە] زۆرتر لە تاکێك کە بە بڕیاری دادگا ڕاگیر دەکرێ، یان بە شێوەیەکی مەرجدار دەگیرێ، داوا دەکرێ.

IIـ هەر چەشنە خزمەتێکی تایبەتی سەربازی لەو وڵاتانەدا کە ئەرکی خزمەتی سەربازی بەرەسمی نەناسراوە، هەر جۆرە خزمەتێکی نەتەوەیی بڕیار لەسەردراو کە لە

قانوونی خزمەتی سەربازیدا نەهاتووە.

III- هەرچەشنە خزمەتێك كە لە هەلومەرجی نائاسایی، یان لە كاتی ڕوودانی كارەساتێكی مەترسیدار بۆ ژیانو ئاسوودەیی كۆمەڵگە، ئەنجامدانی پێویست بێ.

IIII- هەر كار، یان خزمەتێك كە بچێتە خانەی بەرپرسیارەتییە كۆمەڵایەتی (مەدەنی)یەكان.

**ماددەی ٩ :**

١- ئازادیو ئاسایشی تاكەكەسی، مافی هەر مرۆڤێكە. هیچ كەس نابێ لەخۆوە دەستبەسەر بكرێ، یان بگیرێ. هیچ كەس نابێ لە ئازادیی خۆی بێبەش بكرێ، مەگەر ئەوكاتە كە قانوونو ڕێوشوێنەكانی دادپرسی بڕیاری دابێ.

٢- هەر كەسێك كە دەگیرێ، دەبێ لە ماوەی گیراندا، هۆی گیرانی پێرابگەیەندرێ. هەروەها دەبێ دەستبەجێ لەو تاوانە ئاگادار بكرێتەوە كە داویانەتە پاڵی.

٣- هەر كەسێك كە سەبارەت بە تاوانێك دەگیرێو دەستبەسەر دەكرێ، دەبێ بێ دواكەوتن ببرێ بۆ بەردەم قازی، یان كاربەدەستێكی دیكە كە بەپێی قانوون كاروباری قەزایی بەڕێوە دەبا. پێویستە لە ماوەیەكی گونجاویشدا لێی بكۆڵرێتەوە، یان ئازاد بكرێ. نابێ گرتنو چاوەڕوان هێشتنەوەی تاكەكان بۆ دادپرسی، ببێ بە ڕێسایەكی گشتی. بەڵام لە هەر قۆناغێك لە پێڕاگەیشتنی قەزاییدا، تاوانباركراو (لەوانەیە) تا كاتی پێكهاتنی دادگاو بڕیاردان لە بارەی، بە زمانەت ئازادیی كاتیی پێبدرێ.

٤- هەر كەسێك كە بە هۆی گیرانو دەستبەسەری، لە ئازادی بێبەش دەكرێ، مافی خۆیەتی لەسەر ڕەوتی دادخوازی پێداگر بێ تا دادگا بێ دواكەوتن لەسەر ناقانوونیبوونی گیرانەكەی بڕیار بداو، ئەگەر گیرانەكەشی ناقانوونی بوو، (قازی) دەبێ بڕیاری ئازادكردنی بدا.



٥- هەركەسێك كە بووە بە قوربانیی گرتنو دەستبەسەركرانی ناقانوونی، مافی ئەوەی هەیە زیانەكانی بۆ قەرەبوو بكرێتەوە.

**ماددەی ١٠:**

١- هەموو ئەو كەسانەی ئازادییان لێ زەوت دەكرێ (بەندییەكان)، دەبێ بەشێوەیەكی مرۆییو بە ڕێزەوە كە حەقیقەتی زاتی مرۆڤیان لێ پێكهاتووە، ڕەفتاریان لەگەڵدا بكرێ.

٢- ئەلف: جگە لە نموونە ناوازەكان، كەسانی گومانلێكراو، دەبێ لەوانەی حوكمیان دراوە بەجیا رابگیرێن، دەشبێ ڕەفتارێكی جیاوازو، گونجاو لەگەڵ كەسانی حوكمنەدراویان لەگەڵدا بكرێ.

ب: كەسانی گومانلێكراوی لاو، دەبێ بەجیا لە گەورەكان رابگیرێن، دەشبێ بە زووترین كات لێكۆڵینەوەی قەزاییان لەگەڵدا بكرێ.

٣- سیستەمی نەدامەتگە (پەژیوانگە) دەبێ جۆرێك ڕەفتار لەگەڵ تاكەكانی تێدا زاڵ بێ كە ئامانجە بنەڕەتییەكەی، چاككردنی ئەوانو گەڕاندنەوەی ئابڕووی كۆمەڵایەتییان بێ. لاوانی خەتاكار دەبێ بەجیا لە گەورەكان بژینو، هەڵسوكەوتی گونجاو لەگەڵ تەمەنو بارودۆخی قانوونیی خۆیان لەگەڵدا بكرێ.

**ماددەی ١١ :**

ناكرێ مرۆڤێك بەند بكرێ تەنیا لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە پابەندبوونی كۆنتراكتانەی خۆی بباتەسەر.

**ماددەی ١٢:**

١- هەر مرۆڤێك لە چوارچێوەی سنوورەكانی وڵاتی خۆیدا، دەبێ بە شێوەیەكی

قانوونی مافی هاتوچۆی ئازادانەو هەڵبژاردنی ئازادانەی شوێنی نیشتەجێبوونی هەبێ.

٢ـ هەر مرۆڤێك دەبێ ئازادیی بەجێهێشتنی هەر وڵاتێك بە وڵاتەكەی خۆیشیەوە هەبێ.

٣ـ ئەم مافانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێكرا، بە هیچ شێوەیەك نابێ بەرتەسك بكرێنەوە، مەگەر ئەو كاتانە كە بەرتەسككردنیان بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، نەزمی گشتی، سلامەتیو رەوشی گشتی، یان لە پێناوی [رەچاوكردنی] مافو ئازادیی كەسانی دیكەدا، پێویست بێو، بە هۆی قانوونەوە، قەراریان لەسەر درا بێو، لەگەڵ مافە ناسراوەكانی دیكەی ئەم پەیماننامەیەشدا بگونجێن.

٤ـ هیچ مرۆڤێك نابێ لە مافی چوون بۆ وڵاتی خۆی، لەخۆوە بێبەش بكرێ.

**ماددەی ١٣:**

هەر بێگانەیەك كە بە شێوەیەكی قانوونی دەكەوێتە نێو سنووری وڵاتی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە، تەنیا لە حاڵەتێكدا لەو وڵاتە دەردەكرێ كە ئەم دەركردنە بە گوێرەی بڕیارێكی قانوونی بێ. ئەگەر دەركردنەكە ناقانوونی بوو، یان هۆیەكی روونی پێوەندیدار بە ئاسایشی نەتەوەییەوە نەبوو، دەبێ رێگا بەو كەسە بدرێ كە هۆیەكانی دژایەتیی خۆی لەگەڵ ئەم دەركردنە، رابگەیەنێ. بۆ ئەم مەبەستە پەروەندەی ئەو بە ئامادەبوونی نوێنەرێك كە پێشتر دیاریكردوە، بە هۆی ناوەندە خاوەن سەلاحییەتەكانەوە، یان بە هۆی كەسانێكی تایبەتی كە لە لایەن ناوەندە خاوەن سەلاحییەتەكانەوە دیاریكراون، چاوی پێدا دەخشێندرێتەوە.

**ماددەی ١٤ :**

١ـ هەموو تاكێك لە بەرانبەر دادگاو دەزگای دادپەروەریدا مافی یەكسانیان هەیە.



لە كاروباری بڕیاردان لە بارەی هەر تاوانێك كە دەدرێتە پاڵ تاكێك، یان بڕیارێك كە لە دژی مافو بەرپرسیارەتییە قانوونییەكانی ئەو بێ، كەسی تاوانباركراو دەبێ مافی ئەوەی هەبێ بە هۆی دادگایەكی قانوونی، بێلایەن، خاوەن سەلاحییەتو سەربەخۆ، بە شێوەیەكی دادپەروەرانەو ئاشكرا لە تاوانەكانی بكۆڵدرێتەوە. چاپەمەنیو بیروڕای گشتی لەوانەیە سەبارەت بە لایەنی ئەخلاقی، نەزمی گشتی، یان ئاسایشی نەتەوەیی كۆمەڵگەیەكی خەڵك سەروەر (دێموكرات)، لە هەموو، یان بەشێك لە دادگاكە مەنع بكرێن. كاتێك بەرژەوەندی ژیانی تایبەتیی لایەنەكانی كێشەكە وابخوازێ، یان دادگا لە هەلومەرجی تایبەتیدا ئاشكرابوونی كۆبوونەوەكانی بە زیانی بەرژەوەندی دەزگای دادپەروەری بزانێ، رێگا دەدرێ كۆبوونەوەكانی دادگا لە هەموو، یان بەشێك لە رەوتی دادپرسیدا، نهێنی بن. بەڵام بڕیارێك كە لە بارەی تاوانی جەزایی، یان مەدەنییەوە دەدرێ، دەبێ ئاشكرا بێ. مەگەر ئەوكاتە كە بەرژەوەندی تاكە گەنجەكان وابخوازێ، یان رەوتی دادپرسییەكە، پێوەندیی بە كێشەو ناكۆكیی خێزانیو، سەرپەرشتیی منداڵانەوە بێ.

٢ـ هەر كەسێك تاوانی ئەنجامدانی تاوانێكی دراوەتە پاڵ، مافی ئەوەی هەیە وەك بێ تاوان سەیری بكرێ تا ئەوكاتە كە بە گوێرەی قانوون تاوانەكەی دەسەلمێنرێ.

٣ـ لە بارەی یەكجاریبوونی تاوان دژی تاك، هەر كەسێكمافی ئەوەی هەیە كە لە یەكسانیی تەواودا لە لانیكەمی مافە دەستەبەركراوەكانی خوارەوە كەڵك وەربگرێ:

ئەلف- دەستبەجێو بە وردی، بە زمانێك كە لێی تێبگا، لە جۆرو هۆی تاوانێك كە دراوەتە پاڵی، ئاگادار بكرێ.

ب- كاتو كارهاسانیی پێویستی بەمەبەستی ئامادەكردنی داكۆكینامەو وتووێژ لەگەڵ پارێزەرێك كە بۆ خۆی هەڵیبژاردووە، بۆ دابین بكرێ.

ج- بێ ماتەڵكردنی خۆڕایی، دادگایی بكرێ.

د- له کاتی دادگاییکردندا، بۆ خۆی له دادگا ئاماده بێ، بۆ خۆی بەرگری له خۆی بکا، یان له ڕێگای پارێزەرێکەوە که بۆ خۆی هەڵیبژاردووە، بەرگری له خۆی بکا. دەبێ لەو مافانەی خۆی ئاگادار بکرێ که ئەگەر پارێزەری نییە، به مەرجێك بەرژەوەندەکانی دەزگای دادپەروەری بخوازێ‌و، هەروەها ئەگەر ئەو توانای ئەوەی نییە هەقدەستی پارێزەر بدا، بێ ئەوەی هەقدەست بدا، پارێزەری بۆ دەگیرێ.

ه- لەو شایەدانەی به دژی ئەو شایەدییان داوە، سەرلەنوێ پرسیار بکرێتەوە، یان داوایان لێبکرێ سەرلەنوێ شایەدی بدەنەوە. هەر له هەلومەرجێکی ئەوتۆشدا که به دژی ئەو شایەدی دراوە، ڕێگا بدرێ کەسانێکیش به قازانجی ئەو شایەدی بدەن.

و- ئەگەر ئەو زمانەی له دادگادا قسەی پێدەکرێ، تێناگا، یان ناتوانێ قسەی پێبکا، دەبێ بێ ئەوەی کرێی لێبستێندرێ، وەرگێڕی بۆ بێنن تا یارمەتیی بکا.

ز- بۆ شایەدیدان له دژی خۆی، یان دانان به تاوانبارییدا، نابێ هیچ زۆر، یان سەپاندنێك هەبێ.

٤ـ ڕێوشوێنی دادپرسی له بارەی کەسانی لاو دەبێ به گوێرەی تەمەن‌و بەرژەوەندو گەڕاندنەوەی ئابڕوو بۆ ئەوان دیاری بکرێ.

٥- هەرکەسێك که به تاوانبار دەناسرێ، بەپێی قانوون دەبێ مافی ئەوەی هەبێ که تاوانباری‌و مەحکوومبوونەکەی به هۆی دادگایەکی بەرزترەوە چاوی پێدا بخشێندرێتەوە.

٦ـ هەرکات کەسێك بڕیاری یەکجاری لەسەر مەحکوومییەتەکەی درابوو، بەڵام پاشان له ئاکامی دۆزینەوەو دەستکەوتنی بەڵگەو زانیاریی حاشا لێنەکراودا روون بۆوە که ئەو حوکمەی دراوە هەڵەیەکی قەزایی بووەو، حوکمەکەی هەڵوەشێندرایەوە، یان کەوتە بەر لێبووردن، ئەو کەسە که له ئاکامی ئەو حوکمەو سزادانەدا تووشی



ئازارو کوێرەوەری بووە، مافی ئەوەی هەیە بەپێی قانوون داوای بژاردنەوەی زیان بکا. بەڵام ئەگەر دەرکەوت بۆ خۆی کەم، یان زۆر دەستی له نەدرکاندنی زانیارییەکەو روون نەبوونەوەی راستییەکەدا هەیە، ئەم مافەی نییە.

٧ـ هەر کەسێك که به هۆی قانوونی سزادانی وڵات، به تاوانێك مەحکووم دەکرێ، یان به بێتاوان دەناسرێ، نابێ جارێکی دیکه دادگایی، مەحکوومو تەمبێ بکرێتەوە.

**ماددەی ١٥ :**

١ـ هیچ کەسێك نابێ هاوکات سەبارەت به ئەنجامدانی کردەوەیەك، یان دەستهەڵگرتن لەو کردەوەیە که بەپێی قانوونی نەتەوەیی، یان نێونەتەوەیی تاوان نییە، مەحکووم بکرێ. هەروەها نابێ هیچ سزایەکی توندتر لەو سزایەی له کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بۆ تاوانەکە هەبوو، دیاری بکرێ. ئەگەر پاش ئەنجامدانی تاوان، ڕێوشوێنی قانوونیی دیکه دابنرێ‌و سزایەکی سووکتر بۆ ئەو تاوانە دیاری بکرێ، تاوانبار دەبێ لەو ڕێوشوێنانە کەڵك وەربگرێ.

٢ـ هیچ کام له ڕێوشوێنەکانی ئەم ماددەیە نابێ لەگەڵ دادپرسی‌و سزادانی کەسێك که له کاتی ئەنجامدانی کردەوەیەك، یان دەست لێهەڵگرتنیدا، کردەوەکەی به گوێرەی ڕێوشوێنە گشتییەکانی قانوونە ناسراوەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی تاوان نەبووە، ناتەبایی هەبێ.

**ماددەی ١٦:**

هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە له هەر شوێنێك له بەرانبەر قانووندا، وەك کەسێکی حوقووقی بناسرێ.

**ماددەی ١٧ :**

١- دەستێوەردان له ژیانی تایبەتی، خێزانی، ماڵو نامەگۆڕینەوەی هەر کەسێك،

لەخۆوە (بەبێ ئیزنی قانوون)، یان بەپێچەوانەی قانوون، قەدەغەیە. هەروەها نابێ شەرافەت و ئابڕووی هیچ کەسێك بکەوێتە بەر دەستدرێژیی ناقانوونییەوە.

٢- هەر کەسێك ئەم مافانەی هەیە لە بەرانبەر ئەم جۆرە دەستدرێژی و دەستێوەردانانەدا، لە لایەن قانوونەوە پشتگیری لێبکرێ.

**ماددەی ١٨ :**

١- هەر مرۆڤێك، مافی ئازادیی بیرکردنەوە، بیروڕا و ئایینی هەیە. ئەم مافە دەسەلات و ئازادیی قەبوولکردنی دڵخوازانەی ئایین، یان بیروڕایەکیش دەگرێتەوە. هەروەها هەر مرۆڤێك لە دەربڕینی راشکاوانەی ئایین، یان بیروڕای خۆیدا بە شێوەی تاکەکەسی، یان بەکۆمەڵو بە نهێنی، یان ئاشکرا سەربەستە. ئەم دەسەلاتو ئازادییە، فێربوون و فێرکردنی رێوشوێنە ئایینییەکانی هەر مرۆڤێکیش دەگرێتەوە.

٢- لەم جۆرە نموونانەدا، نابێ زۆری لە هیچ کەس بکرێ. هەروەها نابێ ئازادیی کەسێك لە قەبوولکردنی ئایینێك، یان بیروڕایەکدا کە بە ویستی خۆی هەڵیبژاردووە، زیانی پێبگا.

٣- تەنیا ئەوکاتە دەکرێ ئازادیی دەربڕین، ئایینو بیروڕای کەسێك بەرتەسك بکرێ کە بە گوێرەی قانوون، ئەویش بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی گشتی، نەزم، سلامەتیی رەوشتو مافو ئازادییە بنەڕەتییەکانی کەسانیتر پێشبینی کرابێ.

٤ـ وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە، بەرعۆدە دەبن کە ئازادیی دایکوباباو سەرپەرستانی قانوونی لە فێرکردنی رێوشوێنی ئایینیو ئەخلاقی بە منداڵانیانو بە گوێرەی بیروڕای خۆیان بپارێزن.

**ماددەی ١٩:**

١- هەر مرۆڤێك مافی هەیە کە بۆچوونەکانی خۆی بێتێهەڵقورتاندن و رێ



لێگرتنی کەسانی دیکە، دەرببڕێ.

٢- هەر مرۆڤێك مافی ئازادیی دەربڕینی هەیە. ئەم مافە، ئازادیی فێربوونی زانست، وەرگرتن و دانی زانیاری و هەرچەشنە بیروڕایەك دەگرێتەوە، بێ لەبەرچاوگرتنی چۆنیەتیی دەربڕینەکەی: بە زمان بێ، یان بە نووسین، بە چاپکراوی، یان لە فۆرمی هونەری و بە هەر شێوەیەکی دیکە کە خۆی هەڵیبژاردووە.

٣- جێبەجێکردنی مافەکانی گونجاو لە بەندی ٢ی ئەم ماددەیەدا ئەرکی تایبەتی و بەرپرسایەتیی لەگەڵدایە، لەوانەیە هێندێك سنووری دیاریکراوی بۆ دابنرێ. ئەم سنووردارکردنانە، تەنیا دەبێ لەبەر ئەم پێویستییانەی خوارەوەو بە هۆی قانوونەوە ئەنجامبدرێ:

ئەلف- بۆ رێزنان لە مافەکان، یان ئابڕووی کەسانی دیکە.

ب- پاراستنی ئاسایشی گشتی، رێکوپێکی و سلامەت و رەوشی گشتی.

**ماددەی ٢٠ :**

١- هەرچەشنە پڕوپاگەندەیەك بۆ شەڕ، بەپێی قانوون قەدەغەیە.

٢- هەرچەشنە هاندانی گیانی دژایەتیی نەتەوەیی، رەگەزی، یان ئایینی کە ببێتە هۆی دنەدانی جیاوازیدانان، یان دوژمنایەتیو توندوتیژی، بە گوێرەی قانوون قەدەغەیە.

**ماددەی ٢١ :**

مافی پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوەی هێمنانە بەرەسمی دەناسرێ. بۆ جێبەجێکردنی ئەم مافە هیچ سنوورو چوارچێوەیەك دانانرێ، مەگەر بە گوێرەی قانوون، ئەویش لە کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیكو لەبەر پێویستیی بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی،

هێمنایەتیی گشتی، ڕێکوپێکی گشتی، پارێزگاری لە سلامەت ڕەوشی گشتی، یان پارێزگاری لەئازادییەکانی کەسانی دیکە.

**ماددەی ٢٢ :**

١ـ هەموو کەسێك مافی ئازادیی پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵە لەگەڵ کەسانی دیکەی هەیە. ئەم مافە پێکهێنانی یەکیەتییەکانو ئەندامەتی لەواندا بەمەبەستی پارێزگاری لە هۆگرییەکانو قازانجەکان دەگرێتەوە.

٢ـ کەڵکوەرگرتن لەو مافانە بە هیچ شێوەیەك نابێ بەرتەسك بکرێتەوە، مەگەر ئەو سنووردارکردنە بە گوێرەی قانوون، ئەویش لە کۆمەڵگەیەکی دیمۆکراتیكو سەبارەت بە پێویستیی بەرژەوەند، ئاسایشی گشتی، هێمنایەتیی گشتی، ڕێکوپێکیی گشتی، پارێزگاری لە سلامەتیو ڕەوشی گشتیو پاراستنی ئازادیی کەسانی دیکە بێ. ئەم سنووردارکردنە قانوونییە ئەندامانی هێزە چەکدارەکانو پولیسیش دەگرێتەوە.

٣ـ هیچکام لە ڕێوشوێنەکانی ئەم ماددەیە، ڕێگا بە وڵاتانی ئەندامی پەیماننامەی ساڵی ١٩٤٨ی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار- تایبەت بە ئازادیی پێکهێنانی یەکیەتیو پشتیوانی لە مافی خۆڕێکخستن- نادا بە هۆی قانووندانان، یان جۆری بەڕێوەبردنی قانوونەکان، دژایەتیی ئەو دەستەبەرانە بکا کە لە پەیماننامەکەدا هاتوون.

**ماددەی ٢٣:**

١- بنەماڵە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و توخمێکی (کۆڵەکەیەکی) بنچینەییو سروشتیی کۆمەڵگەیە و، شایانی ئەوەیە بە هۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە، پارێزگاریی لێبکرێ.

٢- مافی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش و پێکهێنانی بنەماڵە بۆ پیاوان و ژنانێك کە



گەیشتوونەتە ئەم تەمەنە، بەرەسمی دەناسرێ.

٣- هیچ ژیانێکی هاوبەش بەبێ ڕەزامەندیی ئازادانەو بە تەواویی ژنو پیاو پێکناهێنرێ.

٤- وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە، دەبێ هەنگاوی گونجاو بەمەبەستی دابینکردنی یەکسانیی مافەکانو بەرپرسایەتییەکانی ژنو مێرد لە کاتی پێکەوەنانو هەڵوەشاندنەوەی ژیانی هاوبەشدا هەڵبگرن. لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ژیانی هاوبەشدا، دەبێ بۆ پارێزگاری لە منداڵان، پێشبینیی پێویست کرابێ.

**ماددەی ٢٤:**

١- هەر منداڵێك، بەبێ هیچ جیاوازیدانانێك لە باری ڕەگەز، ڕەنگ، جینس، زمان، ئایین، نەتەوە، یان ڕەچەڵەکی کۆمەڵایەتی، سامان، یان بەستراوەیی خوێنیو خزمایەتی کە بە سەرنجدان بە کەمیی تەمەن دیاری کراون، مافی ئەوەی هەیە کەڵك لە پشتگیریی پارێزگارانەی بنەماڵە و کۆمەڵگە وەربگرێ.

٢- هەر منداڵێك دەستبەجێ دوای لەدایکبوون دەبێ ناوی بۆ دانرێو ئەم ناوەش تۆمار بکرێ.

٣- هەر منداڵێك مافی وەرگرتنی هاووڵاتێتی هەیە.

**ماددەی ٢٥ :**

هەر هاووڵاتییەك بێ لەبەرچاوگیرانی ئەم سنوورانەی لە بەندی ٢دا هاتوونو (هەروەها) بێسنوورو لەمپەری بێجێ، دەبێ مافی ئەوەی هەبێ:

ئەلف- لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا، ڕاستەوخۆ، یان لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازادی نوێنەرانەوە، بەشدار بێ.

ب- لە هەڵبژاردنی دەورەیی بێخەوشدا کە بە دەنگی گشتیی وەکیەکو نهێنی بەڕێوەدەچێو، دەربڕینی ئازادانەی داخوازەکانی دەنگدەران دەستەبەر دەکا، مافی هەڵبژاردنو هەڵبژێرانی هەیە.

ج- (هەر وڵاتێك) بەپێی مەرجە گشتییەکان، مافی وەکیەکی بۆ ئەنجامدانی پیشە گشتییەکانی وڵاتی خۆی هەیە.

**ماددەی ٢٦:**

هەموو تاکەکان لە بەرانبەر قانووندا یەکسانن‌و بەبێ جیاوازی، مافی پاڕێزرانی (پشتیوانیی) وەکیەك لە لایەن قانوونەوەیان هەیە. لەم بارەوە، قانوون دەبێ پێشی هەرچەشنە هەڵاواردنێك بگرێ‌و، بۆ هەموو تاکەکان پشتیوانیی کاریگەرو وەکیەك دژی هەرچەشنە جیاوازیدانان، لە هەر قۆناغێکدا لە باری رەگەز، رەنگ، جینس، زمان، ئایین، بیروڕای سیاسی، یان باوەڕی دیکە، رەچەڵەکی نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتی، سامان، بەستراوەیی خوێنیی‌و خزمایەتی‌و هەر بارودۆخێکی دیکەوە دابین بکا.

**ماددەی ٢٧ :**

لەو وڵاتانەدا کە کەمایەتیی رەگەزی، ئایینی، یان زمانی هەن، کەسانێك کە سەر بەو کەمایەتییانەن، نابێ مافی (پێکهێنانی) کۆڕو کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی خۆیان‌و (هەروەها) کەڵکوەرگرتن لە کولتووروو دەربڕین‌و جێبەجێکردنی رێوشوێنە ئایینییەکان‌و قسەکردن‌و نووسین بە زمانی خۆیان لێ زەوت بکرێ.



## بەشی چوارەم

**ماددەی ٢٨ :**

١- کۆمیتەیەکی مافی مرۆڤ (لێرە بەدواوە لەم پەیماننامەیەدا هەروەك کۆمیتە ناوی دەبرێ) دادەمەزرێ. ئەم کۆمیتەیە لە ١٨ ئەندام پێکدێ‌و ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکا کە لە بەندەکانی داهاتوو (٢و٣)دا دێن.

٢- ئەندامانی ئەم کۆمیتەیە لە هاووڵاتیانی وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیمانە پێکدێن، لە کەسانێك کە لە باری رەوشتەوە خاوەنی تایبەتمەندیی بەرزن‌و، لێوەشاوەیی ئەوان لە بواری مافی مرۆڤدا دەرکەوتووە. بەشداریی هێندێك کەس کە لە کاروباری قەزاییدا ئەزموونیان هەیە لە لایەن کۆمیتەوە گرینگی پێدەدرێ.

٣- ئەندامانی کۆمیتە، هەڵدەبژێردرێن (هەڵبژێردراون)و بەپێی لێوەشاوەیی لەم کۆمیتەیەدا خزمەت دەکەن (نوێنەرانی رەسمیی دەوڵەتی وڵاتەکەی خۆیان نین)

**ماددەی ٢٩ :**

١- ئەندامانی کۆمیتە بە دەنگی نهێنیی‌و لە نێو لیستی ئەو کەسە شیاوانە کە مەرجەکانیان لە ماددەی ٢٨دا هاتووە‌و، هەر بەم مەبەستە لە لایەن وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیمانەوە کاندیدا کراون، هەڵدەبژێردرێن.

٢- هەر وڵاتێکی ئەندامی ئەم پەیمانە ناتوانێ لە ٢ کەس زیاتر کاندیدا بکا. ئەم کەسانە دەبێ هاووڵاتێتی (دەوڵەتنامە)ی ئەو وڵاتەیان هەبێ کە کاندیدایان دەکا.

٣- هەر تاکێك بۆی هەیە دووبارە کاندیدا بێتەوە.

**ماددەی ٣٠ :**

١- یەکەم هەڵبژاردن نابێ درەنگتر لە ٦ مانگ دوای دەستپێکردنی بەڕێوەچوونی ئەم

پەیماننامەیە، بەڕێوەبچێ.

٢- لانیکەم چوار مانگ پێش بەڕێوەچوونی هەر هەڵبژاردنێك لە کۆمیتەدا- بێجگە لەو هەڵبژاردنانەی بەپێی ماددەی ٣٤ بۆ پڕکردنەوەی جێگای بەتاڵ ئەنجام دەدرێن- سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیمانە بۆ ناساندنی کاندیدای ئەندامەتی لە ماوەی ٣ مانگدا بانگهێشتن بکا.

٣- سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ لیستەیەك بەپێی ڕیزبەندیی پیتەکانی ئەلفوبێ لە هەموو ئەو کەسانە کە بەم شێوە دەبنە کاندیدای ئەندامەتی لە کۆمیتەدا، وێڕای دیاریکردنی ناوی ئەو وڵاتانە کە ئەوانیان (بۆ ئەندامەتیی کۆمیتە) کاندیدا کردوە، ئامادە بکاو بیدا بە دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە. هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتە دەبێ لە کۆبوونەوەیەکدا کە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بەشداریی وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیمانە پێکیهێناوە، ئەنجام بدرێ. ئاستی شەرعییەت پەیداکردنی ئەم کۆبوونەوەیە، بەشداریی دوو لە سێی وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیمانەیە کەسانێکیش کە بۆ ئەندامەتیی ئەم کۆمیتەیە هەڵدەبژێردرێن دەبێ ئەو کاندیدایانە بن کە زۆرترین دەنگەکانیان بەدەست هێناوە، خاوەنی زۆرایەتیی ڕەهای دەنگی نوێنەرانی وڵاتانی دەنگدەرو بەشداری کۆبوونەوەکەن.

**ماددەی ٣١ :**

١- کۆمیتە ناتوانێ زیاتر لە کەسێك لە هەر وڵاتێك بەئەندام وەربگرێ.

٢- لە هەڵبژاردنی (ئەندامانی) کۆمیتەدا، دەبێ سەرنج بدرێتە ڕەچاوکردنی دابەشینی دادپەروەرانەی جوگرافیایی ئەنداماو نوێنەرانی شارستانییە جۆراوجۆرەکانو سیستەمە حوقووقی (قانوونی)یە گەورەکان.



**ماددەی ٣٢ :**

١ـ ئەندامانی کۆمیتە دەبێ بۆ ماوەی ٤ ساڵ هەڵبژێردرێن. ئەوان بۆ هەڵبژێرانەوەی دووبارە دەتوانن خۆیان کاندیدا بکەنەوە. بەڵام ماوەی ئەندامەتیی ٩ کەس لە ئەندامانی هەڵبژێردراو لە یەکەم هەڵبژاردندا، دەبێ پاش تەواوبوونی ٢ ساڵ، کۆتایی پێبێ. ناوی ئەم ٩ ئەندامە دەبێ دەستبەجێ بەدوای یەکەم هەڵبژاردن بە شێوەی تیر و پشك لێهاویشتنو بە هۆی سەرۆکی کۆبوونەوەو، بە گوێرەی ماددەی ٣٠ی بەندی ٤، دیاری بکرێن.

٢ـ هەڵبژاردن بەدوای کۆتاییهاتنی ماوەی خزمەتدا، بەپێی ماددەکانی پێشووی ئەم بەشە لە پەیماننامە بەڕێوەدەچێ.

**ماددەی ٣٣ :**

١- هەرکات ئەندامێکی کۆمیتە بە هەر هۆیەك جگە لە نەهاتنێکی کاتی، دەست لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی هەڵبگرێو ئەندامانی دیکەی کۆمیتە لەسەر (ئەم کارە) یەکدەنگ بن، سەرۆکی کۆمیتە دەبێ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان-کەسێك کە دەبێ ڕابگەیەنێ کورسیی ئەم کەسە بەتاڵە- ئاگادار بکاتەوە.

٢- ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتە بمرێ، یان دەست لەکار بکێشێتەوە، سەرۆك (ی کۆمیتە) دەبێ دەستبەجێ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان- کەسێك کە دەبێ چۆڵبوونی ئەو کورسییە لە ڕۆژی مردن، یان ڕۆژی دەست لەکارکێشانەوەی کاریگەر ڕابگەیەنێ- ئاگادار بکاتەوە.

**ماددەی ٣٤:**

١ـ هەرکات چۆڵبوونی کورسی (بێخاوەن بوون) بە گوێرەی ماددە ٣٣ ڕاگەیەندراو،

له ماوەی ٦ مانگی دوای راگەیەندرانی چۆڵبوونی کورسییەکەدا ئەندامی جێنشین نەهاتبووە سەرکار، سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیمانە رادەگەیەنێ کە (دەتوانن) لە ماوەی ٢ مانگدا بەپێی ماددەی ٢٩ بۆ پڕکردنەوی کورسیی چۆڵ، کاندیداکانی خۆیان بناسێنن.

٢ـ سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە گوێرەی ریزبەندیی پیتەکانی ئەلف و بێ، لیستەیەك لە هەموو ئەو کەسانەی کاندیدای ئەندامەتی لە کۆمیتەدان، ئامادە دەکاو، دەیدا بە وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیمانە. هەڵبژاردن بۆ پڕکردنەوەی کورسیی چۆڵ (بێخاوەن) بە گوێرەی رێوشوێنەکانی ئەم بەشەی ئەم پەیماننامەیە بەڕێوەدەچێ.

٣ـ هەر ئەندامێکی کۆمیتە کە بۆ پڕکردنەوەی کورسیی چۆڵ، بەپێی ماددەی ٣٣ هەڵ دەبژێردرێ، بۆ پاشماوەی ئەو دەورەیەی ئەندامێك کە کورسییەکەی بەپێی ماددەی ٣٣ بەتاڵ ماوەتەوە، دەبێتە ئەندامی کۆمیتە.

**ماددەی ٣٥ :**

ئەندامانی کۆمیتە بە پەسندی کۆمەڵەی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەپێی ئەو مەرجانەی کە کۆمەڵەی گشتیی دیارییان دەکاو بە سەرنجدان بە بەرپرسایەتییە گرنگەکانی کۆمیتە، لە سەرچاوە (دارایی)کانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مووچە وەردەگرن.

**ماددەی ٣٦ :**

سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کارمەندو کارهاسانیی پێویست بۆ جێبەجێکردنی هەرچی کاریگەرتری ئەو ئەرکانەی کۆمیتە (بە هۆی ئەم پەیماننامەیە کەوتۆتە ئەستۆی) بۆ کۆمیتە دابین دەکا.



**ماددەی ٣٧ :**

١ـ سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەندامانی یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتە بۆ ناوەند (بنکە)ی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگهێشتن دەکا.

٢ـ پاش یەکەم کۆبوونەوە، کۆمیتە کۆبوونەوەکانی بەپێی ئەو ماوەیە کە لە پێڕەوی نێوخۆیی خۆیدا دیاری کراوە، پێکدێنێ.

٣ـ کۆمیتە بە شێوەی ئاسایی لە ناوەند (بنکە)ی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان لە نووسینگەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ، کۆدەبێتەوە.

**ماددەی ٣٨:**

هەر ئەندامێکی کۆمیتە بەر لە وەئەستۆگرتنی ئەرکەکانی، دەبێ بە شێوەی رەسمی لە کۆبوونەوەی ئاشکرای کۆمیتەدا رابگەیەنێ (بەرعۆدە دەبێ) کە ئەرکەکانی خۆی لەوپەڕی بێلایەنیو بە ویژدانەوە ئەنجامدەدا.

**ماددەی ٣٩ :**

١- کۆمیتە دەبێ (ئەندامانی) دەستەی سەرۆکایەتیی خۆی بۆ ماوەی ٢ ساڵ هەڵبژێرێ. ئەوان بۆیان هەیە سەرلەنوێ هەڵبژێردرێنەوە.

٢- کۆمیتە بۆخۆی قانوونو رێوشوێنە نێوخۆییەکانی خۆی دیاری دەکا. بەڵام ئەم قانوونە دەبێ ئەم خاڵانەیان تێدا رەچاو کرابێ:

ئەلف- ئاستی رەوایی پەیداکردنی کۆبوونەوەکان ١٢ کەس بێ.

ب- بڕیارەکانی کۆمیتە بە زۆرایەتیی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو وەرگیرابێ.

## ماددەی ٤٠ :

١ـ وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیمانە بەرعۆدە دەبن کە لە بارەی ئەو هەنگاوانەی بۆ هاتنەدیی مافە ناسراوەکانی نێو ئەم پەیمانەو کەڵکوەرگرتنی هەرچی زیاتر لەم مافانە هەڵیانگرتوون، بەم پێیە راپۆرت بدەنەوە:

ئەلف- لە ماوەی ساڵێك دوای ئەوەی بەڕێوەبردنی ئەم پەیمانە لەسەر وڵاتانی ئەندام بوو بە ئەرکێکی پێویست.

ب- دوای ئەو ماوەیە هەرکات کە کۆمیتە داوایکرد:

٢ـ هەموو راپۆرتەکان دەبێ بدرێن بە سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەویش بۆ پێراگەیشتن دەیداتەوە بە کۆمیتە. راپۆرتەکان دەبێ لە بارەی ئەو هۆکارو گرفتانەوە بن کە لەسەر بەڕێوەچوونی رێوشوێنەکانی ئەم پەیمانە کاریگەرییان هەیە.

٣ـ سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پاش راوێژو بیروڕاگۆڕینەوە لەگەڵ کۆمیتە، وێنەی هێندێك بەشی راپۆرتەکان (کە لایەنی پسپۆرییان هەیە) دەدا بە دامەزراوە پسپۆرییەکان کە لەو بوارانەدا خاوەن سەلاحییەتن.

٤ـ کۆمیتە لەو راپۆرتانەی لە لایەن وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیمانەوە پێی دراون، دەکۆڵێتەوە. (پاشان) راپۆرتەکانی خۆیو هەروەها ئەو پێشنیازە گشتییانەش کە لەوانەیە شایانی سەرنجو گونجاو بن، بۆ وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیمانە دەنێرێ. هەروەها لەوانەیە کۆمیتە ئەم پێشنیازانە وێڕای روونووسی ئەو راپۆرتانەی لە وڵاتانی ئەندامەوە پێی گەیشتوون، بدا بە شوورای ئابووریو کۆمەڵایەتی.

٥ـ وڵاتانی ئەندانی ئەم پەیمانە بە گوێرەی بەندی ٤ی ئەم ماددەیە دەتوانن بۆچوونی خۆشیان لە بارەی پێشنیازەکانەوە بۆ کۆمیتە بنێرن.



## ماددەی ٤١:

١ـ بەپێی ئەم ماددەیە هەر وڵاتێکی ئەندامی ئەم پەیمانە دەتوانێ هەرکاتێك رابگەیەنێ کە لێوەشاوەیی کۆمیتە بۆ وەرگرتنو پێڕاگەیشتنی سکاڵاکانی وڵاتێکی ئەندامی ئەم پەیمانە لەم بارەوە کە وڵاتێکی دیکە(ی ئەندام) بەرپرسیارەتیی خۆی ئەنجام نادا، بەڕەسمی بناسێ. بەپێی ئەم ماددەیە، ئەو سکاڵایانە وەردەگیرێنو لێیان دەپرسرێتەوە کە وڵاتی ئەندامی ئەم پەیمانە، سەلاحییەتی کۆمیتە بۆ راگەیشتن بەوانی بەڕەسمی ناسیبێ. هەر سکاڵایەك کە پێوەندیی بە وڵاتێکی ئەندامی ئەم پەیمانەوە هەبێ کە ئەم سەلاحییەتەی کۆمیتەی بەڕەسمی نەناسیبێ، وەرناگیرێ. ئەو سکاڵایانەی بە گوێرەی ئەم ماددەیە وەردەگیرێن بەم پێیە کە لە خوارەوەدا هاتووە، هەنگاویان بۆ دەنرێ:

ئەلف- ئەگەر وڵاتێکی ئەندامی ئەم پەیمانە بۆی دەربکەوێ کە وڵاتێکی دیکەی ئەندام رێوشوێنەکانی ئەم پەیمانە جێبەجێ ناکا، (ئەو وڵاتە) بە سکاڵای بەنووسراوو دەستنیشانکردنی نموونە، سەرنجی وڵاتی ئەندام رادەکێشێ. لە ماوەی ٣ مانگ پاش وەرگرتنی سکاڵا(ی بەنووسراو)دا، وڵاتی وەرگری سکاڵاکە، روونکردنەوە، یان هەر چەشنە لێدوانێکی نووسراوی دیکە بۆ روونبوونەوی بابەتەکە دەدا بە وڵاتی بەرزکەرەوەی سکاڵا. (روونکردنەوەو لێدوان) ئەوەندەی دەگونجێ دەبێ زانیاریی پێوەندیدار بە رێساکانی دادپرسی نێوخۆیی [ئەو وڵاتە]و هەنگاوەکانی تایبەت بە قەرەبووکردنەوە، یان چاکسازیی ئەو رێسایانەو هەر شتێکی بەکەڵکی دیکەی تایبەت بەو بابەتەی تێدا بێ.

ب- ئەگەر دوو وڵاتی ئەندام لەسەر بابەتەکە، بەرەو لێکنزیکبوونەوەو رەزامەندی نەچوون، لە ماوەی ٦ مانگی دوای وەرگرتنی یەکەم سکاڵادا، هەرکام لە دوو وڵاتەکە، مافی ئەوەی دەبێ کە کێشەکە بە نامە بە کۆمیتەو وڵاتی پێوەندیدار بە

بابەتەکە رابگەیەنێ.

ج- کۆمیتە تەنیا لەو حاڵەتەدا لە کێشەکە دەپرسێتەوە کە روون بووبێتەوە هەموو رێگاچارە نێوخۆییە گونجاوەکان لە بارەی ئەم کێشەیە، بە گوێرەی بنەماکانی قانوونە ناسراوە نێونەتەوەییەکان بە شێوەیەکی گشتی کەڵکیان لێوەرگیراوەو ئاکامی نەبووە. ئەم رێسایە لە بارەی هێندێك نموونەوە کە سکاڵاکە بە جۆرێکی پاساوهەڵنەگر درێژبۆتەوە، بەرێوەناچێ.

د- کۆمیتە، بەپێی ئەم ماددەیە، لە کاتی راگەیشتنی بە سکاڵاکان، کۆبوونەوەی پێراگەیشتن پێکدێنێ.

ه- بە مەبەستی جێبەجێکردنی رێوشوێنەکانی گونجاو لە بەندی ج دا، کۆمیتە هەنگاوی گونجاو و سەرنجەکانی خۆی بە مەبەستی چارەسەری دۆستانەی کێشە [ی جێی ناکۆکی]و لەسەر بناغەی رێزنان لە مافی مرۆڤو ئازادییە بنەڕەتییە ناسراوەکان کە لەم پەیمانەدا هاتوون دەدا بە وڵاتانی ئەندام.

و- کۆمیتە بۆ راگەیشتن بە هەر کێشەیەك کە داوای لێکراوە پێی رابگا، دەتوانێ بە سەرنجدان بە نیوەرۆکی بەندی (ب)، زانیاریی تایبەت بەو کێشەیە لە وڵاتی پێوەندیدار داوا بکا.

ز- وڵاتانی پێوەندیداری ئەندامی ئەم پەیمانە، بەپێی نیوەرۆکی بەندی ب، مافی ئەوەیان هەیە لە کاتی راگەیشتنی کۆمیتە بە کێشەکە، نوێنەریان لە کۆمیتەدا هەبێو بۆچوونو لێدوانی خۆیان بە زمانو بە نووسراوە پێشکەش بکەن.

ح- کۆمیتە لە ماوەی ١٢ رۆژ پاش وەرگرتنی یادداشت (نامە)، بەپێی بەندی ب، قەبوڵ دەکا راپۆرت بداتەوە کە:

١- ئەگەر رێگاچارەیەك بەپێی بەندی (ه) نەدۆزرایەوە، کۆمیتە راپۆرتی خۆی بە



کورتیو تەنیا لە بارەی رووداوەکانو رێگاچارەکە، ئامادە دەکا.

٢- ئەگەر رێگاچارەیەك بەپێی نێوەرۆکی بەندی (ه) نەدۆزرایەوە، کۆمیتە راپۆرتی خۆی بە کورتیو تەنیا لە بارەی رووداوەکانەوە ئامادە دەکا. بۆچوونی زارەکیو بەنووسراو کە لە لایەن وڵاتانی پێوەندیدارەوە دەربڕاون، تۆمار دەکرێنو دەکرێ بە پاشکۆی راپۆرتەکە. لە بارەی هەر بابەتێکەوە، راپۆرتێك بە وڵاتانی پێوەندیدارو ئەندامی پەیمان رادەگەیەندرێ.

٢ـ رێوشوێنەکانی ئەم ماددەیە، لەو کاتەوە بەرێوەدەچن کە ١٠ وڵاتی ئەندامی ئەم پەیمانە، بەپێی بەندی ١ی ئەم ماددەیە، راگەیەندراویان دەرکردبێ. راگەیەندراوی وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیمانە دەدرێتە سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەویش وێنەی راگەیەندراوەکە بۆ وڵاتانی دیکەی ئەندام دەنێرێ. راگەیەندراوێك، هەر کاتێك دەکرێ بە هۆی یادداشتێك کە بۆ سکرتێری گشتی نووسراوە، وەربگیرێتەوە. وەرگرتنەوەی راگەیەندراو، کار ناکاتە سەر سکاڵایەك کە پێشتر بەپێی ئەم ماددەیە ناردراوە [بۆ کۆمیتە]. هیچ سکاڵایەکی دیکە بەدوای گەیشتنی یادداشتی وەرگرتنەوەی راگەیەندراو بە سکرتێری گشتی، وەرناگیرێ. مەگەر ئەوە کە وڵاتی ئاماژەپێکراو، راگەیەندراوێکی نوێ دەربکا.

**ماددەی ٤٢:**

١ـ ئەلف- ئەگەر کێشەیەك بەپێی ماددەی ٤١ بۆ کۆمیتە ناردرابێو [ئەو کێشەیە] بە رەزامەندیی وڵاتانی ئەندامی پێوەندیدار چارەسەر نەکرابێ، کۆمیتە دەتوانێ بە رەزامەندیی پێشتری وڵاتانی ئەندامی پێوەندیدار، کۆمیسیۆنێکی تایبەتی رێککەوتن دیاری بکا. (کە لێرە بەدواوە هەر بە کۆمیسیۆن ناوی دەبرێ). کۆمیسیۆن بە مەبەستی [دۆزینەوەی] چارەسەرێکی هێمنانە لە بارەی کێشە[ی جێی ناکۆکی]، لەسەر بناغەی رێزگرتن لەم پەیمانە، یارمەتیی بەکەڵك دەکا.

ب- کۆمیسیۆن لە ٥ ئەندام پێکدێ کە وڵاتانی ئەندامی پێوەندیدار، قەبووڵیانن. ئەگەر وڵاتانی ئەندامی پێوەندیدار لەسەر پێکهاتەی هەموو، یان بەشێك لە [ئەندامانی] کۆمیسیۆن لە ماوەی ٣ مانگدا رێك نەکەوتن، ئەو ژمارەیە لە ئەندامانی کۆمیسیۆن کە لەسەریان رێك نەکەوتوون، بە دەنگی نهێنیو بە زۆرایەتیی دوو لە سێی ئەندامانی کۆمیتە، لە نێو ئەندامانیدا هەڵدەبژێردرێن.

٢ـ ئەندامانی کۆمیسیۆن سەبارەت بە سەلاحییەتو لێوەشاوەیی کەسیی خۆیانەوەیە کە ئەم ئەرکانە ئەنجام دەدەن (نوێنەرایەتیی وڵاتانی خۆیان لە کۆمیسیۆندا ناکەن). ئەوان نابێ هاووڵاتیی وڵاتانی ئەندامی پێوەندیدار، یان هاووڵاتیی وڵاتێك بن کە ئەندامی ئەم پەیمانە نییە، یان هاووڵاتیی وڵاتێك بن کە بە گوێرەی ماددەی ٤١، راگەیەندراوی دەرنەکردوە.

٣ـ کۆمیسیۆن (بۆخۆی) سەرۆکی خۆی هەڵدەبژێرێو پێڕەوی نێوخۆیی خۆی پەسند دەکا.

٤ـ کۆبوونەوەکانی کۆمیسیۆن بە شێوەی ئاسایی دەبێ لە بنکەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە نووسینگەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ پێکبێن. بەڵام ئەوان دەتوانن پاش راوێژ لەگەڵ سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو وڵاتانی ئەندامی پێوەندیدار، کۆبوونەوەکانیان لە شوێنی گونجاوی دیکە پێکبێنن.

٥- بەپێی ماددەی ٣٦، دەبیرخانەیەکی پێشبینیکراو، خزمەتو کاروباری نووسینگەیی ئەو کۆمیسیۆنانە ئەنجام دەدا کە بە هۆی ئەم ماددەیە پێکدێن.

٦- ئەو زانیارییانەی کۆمیتە وەریان دەگرێو لێیان دەکۆڵێتەوە، دەبێ بخرێنە بەردەست کۆمیسیۆن.کۆمیسیۆن دەتوانێ لە وڵاتانی ئەندامی پێوەندیدار، زانیاریی دیکە کە بۆ کاملکردن پێویستن، داوا بکا.



٧ـ کاتێك کۆمیسیۆن بە تەواوی بە کێشەکە راگەیشت، لانی زۆر لە ماوەی ١٢ مانگ پاش راگەیشتنی بە کێشەکە، بۆ ئاگاداریی وڵاتانی پێوەندیدار، راپۆرتێك لە لایەن سەرۆکی کۆمیتە (کۆمیسیۆن)ەوە پێشکەش دەکرێ.

ئەلف- ئەگەر کۆمیسیۆن لە توانایدا نەبوو لە ماوەی ١٢ مانگدا کاری راگەیشتن بە کێشەکە تەواو بکا، لە راپۆرتی خۆیدا تەنیا باسی هەلومەرجی راگەیشتن بە کێشەکە دەکات.

ب- ئەگەر رێگایەکی هێمنانە بەمەبەستی بەرعۆدەکردن (ی لایەنەکان)و لەسەر بناغەی رێزدانان بۆ مافەکانی مرۆڤ کە لەم پەیمانەدا هاتوون، دۆزرایەوە، کۆمیسیۆن راپۆرتی خۆی لە گێڕانەوەی بەکورتیی رووداوەکانو رێگاچارەیەکدا کە پێی گەیشتووە، چڕ دەکاتەوە.

ج- ئەگەر رێگایەکی ئاشتیخوازانە بە گوێرەی نێوەرۆکی بەندی ب نەدۆزرایەوە، کۆمیسیۆن هەموو ئەو رێگاچارانە کە پێوەندییان بە کێشەی نێوان دەوڵەتانی ئەندامەوە هەیەو، بۆچوونەکانی خۆی لە تویێی پێشنیاز لە بارەی چارەسەری هێمنانەی کێشەکەوە، وەك راپۆرت پێشکەش دەکا.

ئەم راپۆرتە هەروەها تێبینییە زارەکیو نووسراوەکانی دەوڵەتانی ئەندامی بە تۆمارکراوی لەگەڵدا دەبێ.

د- ئەگەر راپۆرتی کۆمیسیۆن بەپێی نێوەرۆکی بەندی (ج) پێشکەشکرا، دەوڵەتانی ئەندام لە ماوەی ٣ مانگ دوای وەرگرتنی راپۆرت، دەبێ بە سەرۆکی کۆمیتە رابگەیەنن کە ئایا نێوەرۆکی راپۆرتی کۆمیسیۆن قەبوڵ دەکات، یان نا.

٨ـ بەپێی ماددەی ٤١، رێوشوێنەکانی ئەم ماددەیە، زیانێك بە بەرپرسیارەتییەکانی کۆمیتە ناگەیەنێ.

٩ـ دەوڵەتانی ئەندام، هەموو تێچووەکانی ئەندامانی کۆمیسیۆن بەپێی بەراوردێك کە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەیکا، بە شێوەی یەکسان دەگرنەئەستۆ.

١٠ـ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە گوێرەی بەندی ٩ی ئەم ماددەیە، ئەم دەسەڵاتەی هەیە ئەگەر پێویست بوو تێچووی ئەندامان بەر لەوەی دەوڵەتێکی ئەندام بیدا، بگرێتە ئەستۆ.

**ماددەی ٤٣ :**

ئەندامانی کۆمیتەو (ئەندامانی) کۆمیسیۆنەکانی تایبەت بە چارەسەری ناکۆکییەکان کە بە گوێرەی ماددەی ٤٢ دیاری کراون، هەروا کە لە بەشەکانی پێوەندیدار بە بەڵێننامەی ئیمتیازەکانو پارێزراوییەکاندا هاتووە، مافی ئەوەیان هەیە لە هاسانکاری، ئیمتیازەکانو پارێزراوییەکانی پسپۆڕانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کەڵك وەربگرن.

**ماددەی ٤٤ :**

ئەم ڕێوشوێنانەی لەم پەیمانەدا بڕیار لەسەر بەڕێوەچوونیان دراوە، هیچ زیانێك بەو پێڕەوە نێوخۆییە دادپرسییانە ناگەیەنن کە لە بواری مافی مرۆڤو بەڵگەنامەکانی پێکهێنەری پەیماننامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو دامەزراوە پسپۆڕییەکاندا، پەسند کراون. هەروەها ئەم ڕێوشوێنانە، ڕێ لەوە ناگرن کە دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە، بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانیان، بەپێی ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییە گشتیو تایبەتییەکان کە لە نێوانیاندا هەیە، کەڵك لە پێڕەوە نێوخۆییەکانی دیکەی تایبەت بە دادپرسی وەربگرن.



**ماددەی ٤٥ :**

کۆمیتە لە ڕێگای شووڕای ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە ڕاپۆرتی ساڵانە لە بارەی تێکۆشانی خۆی پێشکەشی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا.

## بەشی پێنجەم

**ماددەی ٤٦ :**

هیچکام لە ڕێوشوێنەکانی ئەم پەیمانە نابێ بە جۆرێك لێکبدرێنەوە کە زیان لە ڕێوشوێنەکانی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان بدەن، یان لەگەڵ پێڕەوە نێوخۆییەکانی دامەزراوە پسپۆڕییەکان کە بەرپرسایەتییە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دیاری دەکەنو [هەروەها] لەگەڵ دامەزراوە پسپۆڕییەکانی پێوەندیدار بە بابەتەکانی ئەم پەیمانە، ناتەبا بن.

**ماددەی ٤٧ :**

هیچکام لە ڕێوشوێنەکانی ئەم پەیمانە نابێ بە جۆرێك لێکبدرێنەوە کە زیان بە مافی زاتیی هەموو خەڵك لە کەڵکوەرگرتنی تەواوو سەربەستانە لە سەرچاوەو سامانە سروشتییەکانی خۆیان بگەیەنێ.

## بەشی شەشەم

**ماددەی ٤٨ :**

١- ئەم پەیمانە بۆ مۆرکران لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان ئەندامی هەریەك لە دامەزراوە پسپۆڕییەکانی ئەم ڕێکخراوە، یان

هەر دەوڵەتێکی ئەندامی [وەفادار بە] پێڕەوی دیوانی نێونەتەوەیی دادو هەر دەوڵەتێك کە لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ ئەندامەتی لەم پەیمانەدا بانگهێشتن دەکرێ، بە کراوەیی دەمێنێتەوە.

٢- [بوون بە ئەندامی] ئەم پەیمانە بەستراوەتەوە بە پەسندکرانی [لە لایەن دەستووری هەر وڵاتێکەوە]. بەڵگەنامەکانی پەسندکران لە لای سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رادەگیرێن.

٣- ئەم پەیمانە بە گوێرەی بەندی یەکەمی ئەم ماددەیە بۆ ئەوەی هەر وڵاتێك پێی پەیوەست بێ [ببێتە ئەندامی]، کراوەیە.

٤- پەیوەستبوون بەم پەیمانە، لە ڕێگای دانی بەڵگەی پەیوەستبوون بە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، دەبێ.

٥- سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئەم پەیمانەیان مۆر کردوە، یان پێیەوە پەیوەست بوون، لە سپاردنی بەڵگەنامەی پەسندکردن، یان پێوەپەیوەستبوون ئاگادار دەکاتەوە.

**ماددەی ٤٩:**

١- سێ مانگ پاش سپاردنی سی‌وپێنجەمین بەڵگەنامەی پەسندکردن، یان پێوەپەیوەستبوون بە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەست بە بەڕێوەبردنی ئەم پەیمانە دەکرێ.

٢- هەر دەوڵەتێك کە ئەم پەیمانە پاش سپاردنی سی‌وپێنجەمین بەڵگەنامەی پەسندکردن، یان پێوەپەیوەست بوون، پەسند بکا، یان پێی پەیوەست بێ، ٣ مانگ دوای سپاردنی بەڵگەنامەی پەسندکردن، یان پێوەپەیوەستبوون، پێویستە دەست بە بەڕێوەبردنی ئەم پەیمانە بکا.



**ماددەی ٥٠ :**

ڕێوشوێنەکانی ئەم پەیمانە هەموو یەکەکانی دەوڵەتە فیدراڵەکان (وڵاتانی هاوپەیمان) بەبێ نێوبوێرو ریزپەڕ، دەگرێتەوە.

**ماددەی ٥١:**

١- هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم پەیمانە دەتوانێ گەڵاڵەیەك بۆ چاکسازی لەم پەیمانەدا پێشنیاز بکاو دەقەکەی بە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بسپێرێ. سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر گەڵاڵەیەکی پێشنیازکراوی لەم چەشنە بۆ دەوڵەتانی ئەندام دەنێرێو، داوایان لێ‌دەکا پێی رابگەیەنن کە ئایا پێیان خۆشە کۆنفرانسێك بە بەشداریی دەوڵەتانی ئەندام بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی گەڵاڵە پێشنیازییەکانو بڕیاردان لە بارەیانەوە پێکبێ. ئەگەر لانیکەم سێ یەکی دەوڵەتی ئەندام لەگەڵ پێکهاتنی کۆنفرانسێکی ئەوتۆدا بن، سکرتێری گشتی لەژێر چاوەدێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کۆنفرانسێك پێکدێنێ. هەر دەسکاریو گۆڕانێك کە لە لایەن زۆرایەتیی دەوڵەتانی ئامادەبوو و دەنگدەری نێو کۆنفرانسەکە پەسند کرا، بۆ پەسندکران، دەخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢- دەسکاریو گۆڕانەکان ئەوکاتە پێویستە بەڕێوە ببرێن کە لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کرابنو زۆرایەتیی دوو لە سێی دەوڵەتانی ئەندام، بە گوێرەی ڕەوتی قانووندانانی خۆیان، قەبووڵیان کردبن.

٣- هەرکە کاتی بەڕێوەبردنی گۆڕانو دەسکارییەکان دەستی پێ‌کرد، بەڕێوەبردنیان لەسەر ئەو تاقمە لە دەوڵەتان کە قبووڵیان کردوون دەبێ بە شتێکی پێویست. دەوڵەتانی دیکەی ئەندامیش ئەرکی سەرشانیانە ڕێوشوێنەکانی ئەم پەیمانەو هەرچەشنە دەسکاریو گۆڕانێك کە پێشتر قبووڵیان کردوە، بەڕێوەببەن.

**ماددەی ٥٢:**

بێجگە لەو راگەیەندراوانەی بە گوێرەی بەندی ٥ی ماددەی ٤٨ دەدرێن، سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو دەوڵەتانی ئاماژەپێکراو لە بەندی ١ی هەمان ماددەدا، لە هەموو ئەم هەنگاوە تایبەتییانە ئاگادار دەکاتەوە:

ئەلف- مۆرکردنەکان، پەسندکراوەکانو پێوەپەیوەستبوونەکان بە گوێرە ماددەی ٤٨

ب- کاتی دەستپێکردنی بەڕێوەبردنی ئەم پەیمانە بە گوێرەی ماددەی ٤٨و، کاتی دەستپێکردنی دەسکاریو گۆڕانەکان بەپێی ماددەی ٥١.

**ماددەی ٥٣ :**

١ـ دەقی چینی، ئینگلیزی، فەڕانسەیی، رووسیو ئیسپانیی ئەم پەیمانە ئیعتباری وەك یەکیان هەیەو بە ئارشیفی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێردرێن.

٢ـ سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وێنەی دەقاودەقی ئەم پەیمانە بۆ هەموو دەوڵەتانی ئاماژەپێکراو لە ماددەی ٤٨دا دەنێرێ.

---

* ئەم رێککەوتننامەیە، ن.نووریزادە کردوویە بە فارسیو، من دەقە فارسییەکەم لە ماڵپەڕی "عصر نو" وەرگرتووە.



## دەقی تەواوی رێککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بەرانبەر بە ژنان

**١٨/١٢/١٩٧٩**

رێککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بەرانبەر بە ژنان، لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەبڕیاری ١٨٠/٣٤ لە ٢٧ی سەرماوەزی ١٣٥٨ (١٨ی دیسامبری ١٩٧٩)دا، پەسند کراو، راگەیاندرا کە دەوڵەتان دەتوانن ئیمزاو پەسندی بکەنو، پابەندبوونی خۆیانی پێوە رابگەیەنن. ئەم رێککەوتننامەیە بە گوێرەی بەندی ١ی ماددەی ٢٧، لە ٣ی سیپتامبری ١٩٨١ (١٢ی خەرمانانی ١٣٦٠ ەوە)، رەچاوکردنو بەرێوەبردنی بە پێویست زانرا.

بەسەرنجدان بەمە کە دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بەرعۆدەن کە بەرابەری (یەکسانی)ی ژنانو پیاوان لە دەستڕاگەیشتن بە گشت مافە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، مەدەنیو سیاسییەکانیاندا، دەستەبەر بکەن،

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییانە کە لە ژێر چاوەدێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو کارگێڕییە پسپۆرییەکاندا بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی بەرابەریی مافەکانی ژنانو پیاوان، مۆرکراون،

بەسەرنجدان بەو بڕیارنامە، جاڕنامەو ڕاسپێرییانەی لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو کارگێڕییە پسپۆرییەکانەوە، بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی مافەکانی ژنانو پیاوان پەسند کراون،

نیگەران لەوە کە سەرەرای ئەو بەڵگەنامە جۆراوجۆرانە، جیاوازیدانان بە دژی ژنان هەروا بە شێوەیەکی بەرین درێژەی هەیە،

بە وەبیرهێنانەوەی ئەوە کە هەڵاواردنی ژنان، بنەماکانی بەرابەریی مافەکانو ڕێزدانان بۆ کەسایەتیی مرۆڤ پێشێل دەکاو، پێشی بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو کولتووریی وڵات لە هەلومەرجێکی وەك یەك لەگەڵ پیاواندا دەگرێو، لە سەر ڕێی پەرەگرتنی بەختیاریی کۆمەڵو بنەماڵە دەبێتە کۆسپو لەمپەرو، پشکوتنی بەتەواویی تواناییو لێوەشاوەییەکانی ژنان لە خزمەت بە وڵاتو مرۆڤایەتیدا، لەگەڵ گیروگرفتو کەندو کۆسپ بەرەورووو دەکا،

نیگەران لەوە کە ژنان لە هەلومەرجو ژیانی هەژارانەو دەسکورتانەدا، لانی کەمی ئیمکانی دەستڕاگەیشتن بە خواردەمەنی، لەشساغی، خوێندنو فێربوون، دەرەتانی کارکردنو پێویستییەکانی دیکەیان هەیە،

بەو هۆیەوە کە لەو باوەڕە داین کە پێکهاتنی سیستەمێکی نوێی ئابووریی



نێونەتەوەیی لەسەر بناغەی بەرابەریو دادپەروەری، نەخشێکی گرنگی لە بەرەوپێشەوە بردنی بەرابەریی نێوان پیاوانو ژناندا دەبێ،

بە پێداگرتن لە سەر ئەم ڕاستییە کە خاشەبڕکردنی ئاپارتایدو، کۆتایی هێنان بە شکڵو شێوە جۆراوجۆرەکانی ڕەگەزپەرستی، جیاوازیدانانی ڕەگەزی، ئیستیعمار، ئیستیعماری نوێ، دەستدرێژی، داگیرکاری، زۆرداری، خۆتێهەڵقوتاندنی دەرەوە (بێگانە) لە کاروباری دەوڵەتاندا، پێویستی بە وەدیهاتنی بەتەواویی مافەکانی ژنانو پیاوان هەیە،

بە قەبووڵکردنی ئەوە کە پتەوکردنی ئاشتیو هێمنایەتیی نێونەتەوەیی، سڕینەوەی ئاڵۆزییە نێونەتەوەییەکان، هاوکاریی دوو لایەنەی دەوڵەتان لەگەڵ یەکتر بێ وەبەرچاوگرتنی سیستەمە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان، چەك داماڵینی بە تەواویو بە تایبەتی داماڵینی چەکی ئەتۆمی (ناوکی) لە ژێر چاوەدێریو کۆنترۆڵی وردو کاریگەری نێونەتەوەییدا، پێداگرتن لە سەر بنەماکانی دادپەروەری، بەرابەریو قازانجە دوولایەنەکان لە پێوەندیی نێوان دەوڵەتاندا، وەدیهاتنی مافە ڕەواکانی ئەو خەڵکانەی لە ژێردەسەڵاتی ئیستیعمارو بێگانەو داگیرکەری دەرەکی دانو، گەیشتنیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانو سەربەخۆییو، هەروەها ڕێز دانان بۆ دەسەڵاتدارەتیی نەتەوەییو تەواوەتیی ئەرزی، دەبنە هۆی پەرەگرتنو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو، لە ئاکامدا یارمەتی بە پێکهاتنی بەرابەریو یەکسانیی تەواو لە نێوان ژنانو پیاواندا دەکەن،

چونکە پێمانوایە پەرەگرتنی بەتەواویو هەموو لایەنەی وڵاتێك، خێرو خۆشیی جیهانیو جێگیر بوونی ئاشتی، پێویستیان بە بەشداریی یەکپارچەی ژنان لە هەموو بوارەکان لە هەلومەرجی وەك یەك بۆ ژنانو پیاواندا، هەیە،

بە لەبەرچاوگرتنی نەخشی زۆری ژنان لە دابین کردنو هێنانەدیی ئاسوودەیی

بنەماڵەو پێشکەوتنی کۆمەڵدا- کە تا ئێستا بە تەواوی لێی نەکۆڵراوەتەوە-، گرینگیی دایکایەتی لە باری کۆمەڵایەتی یەوەو نەخشی دایكو باوکان لە بنەماڵەو پەروەردەکردنی منداڵانداو، بە ئاگاداری لەمە کە نەخشی ژنان لە سکوزادا نابێ ببێتە بەردی بناغەی جیاوازیدانانو، بارهێنانی منداڵان پێویستی بە دابەشکردنی بەرپرسایەتی لە نێوان ژنو پیاوو کۆمەڵدا هەیە،

بە ئاگاداری لەمە کە رۆڵو نەخشی کۆنی ژنانو پیاوان لە نێو کۆمەڵو بنەماڵەدا، لە پێناوی گەیشتن بە بەرابەریی تەواو لە نێوان ژنانو پیاواندا پێویستە ئاڵوگۆڕی بەسەردابێ،

شێلگیرو پێداگر لەسەر بەرێوەچوونی رێوشوێنە دیاریکراوەکانی جاڕنامەی نەهێشتنی فەرقوجیاوازی دژ بە ژنانو، هەر بەم مەبەستە هەڵگرتنی هەنگاوی پێویست بۆ لەنێوبردنی ئەو جیاوازییانە لە هەموو شکڵو شێوەکانیاندا، لە سەر ئەم رێوشوێنانەی خوارەوە رێك کەوتن:

## بەشی یەکەم

### ماددەی ١:

مەبەست لە دەستەواژەی "جیاوازیدانان بە دژی ژنان" لەم رێککەوتننامەدا، هەموو ئەو هەڵاواردن، دەرهاویشتن، بێبەشکردنو سنوور دیاریکردنانەن کە لە سەر بناغەی زایەند (جنس) بەرێوە دەچنو، مەبەست، یان ئاکامی هەر هەموویان بێبەری کردنی ژنان لە مافە ئینسانییەکانیانو ئازادییە بنەڕەتییەکان لە بوارە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووریو مەدەنییەکانداو، هەر بوارێکی دیکەی پێوەندیدار بەوانەوەیە.



### ماددەی ٢:

دەوڵەتانی ئەندام، هەموو چەشنە جیاوازیدانان بەرانبەر بە ژنان مەحکووم دەکەنو، رادەگەیەنن کە دەستبەجێ بە هەموو ئامرازو شێوازێکی گونجاوەوە، سیاسەتی نەهێشتنی جیاوازی بەرانبەر بە ژنان دەگرنە پێشو، هەر بەم نیازەشەوە بەرعۆدە دەبن کە:

ئەلف- بنەمای بەرابەریی ژنانو پیاوان لە یاسای بنەڕتیو قانوونە پێوەندیدارەکانی دیکەی وڵاتدا- ئەگەر تا ئێستا نەگونجابێ- بگونجێننو، جێبەجێ بوونو بەرێوەچوونی بەکردەوەی ئەم ئەسڵە بە هۆی دانانی قانوونو لە رێگای گونجاوی دیکەوە، دەستەبەر بکەن،

ب- بە هۆی پەسندکردنی قانوونی گونجاوو لەبارو، لە رێگای هەڵگرتنی هەنگاوی دیکەوە کە دیاریکردنی سزا بۆ پێشێلکەران یەکێکیانە، لە هەوڵی نەهێشتنی فەرقوجیاوازی بەرانبەر بە ژناندا بن،

پ- پشتیوانیی قانوون لە مافەکانی ژنان لە سەر بناغەی بەرابەری لەگەڵ پیاوانداو، پشتیوانیی کاریگەر بۆ ژنان لە بەرانبەر هەر جۆرە کردەوەو هەنگاوێکی تێکەڵ بە فەرقوجیاوازی لە لایەن دەزگاو ناوەندە قەزاییەکانی سەلاحییەت پێدراوی نەتەوەییو دامەزراوە دەوڵەتییەکانی دیکەوە، دابین بکەن،

ت- لە هەر جۆرە کردەوەو هەنگاوێکی تێکەڵ بە فەرقوجیاوازی دژی ژنان خۆبپارێزنو، بەرێوەبردنی ئەو بەرپرسایەتییانە [ کە بەهۆی ئەو رێککەوتننامەیە کەوتۆتە سەرشانیان] لە لایەن ناوەندو دامەزراوە دەوڵەتییەکان [ی وڵاتی خۆیان] دەستەبەر بکەن،

ج- هەموو جۆرە هەنگاوێکی پێویست بە مەبەستی نەهێشتنی جیاوازی بە دژی

ژنان لە لایەن هەر کەس‌و هەر ڕێکخراوو کۆمپانیایەکی تایبەتییەوە بێ، هەڵبگرن.

چ- بە مەبەستی گۆڕینیان هەڵوەشاندنی قانوون، بڕیار، دابونەریت‌و ڕەفتاری ئەوتۆ کە بەرانبەر بە ژنان جیاوازی دادەنێن، قانوون دابنێن‌و ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر.

ح- هەموو سزاو تەمبێ یەك لە ئاستی وڵاتەکەیاندا کە دەبنە هۆی جیاوازیدانان بەرانبەر بە ژنان، هەڵوەشێننەوە.(*)

**ماددەی ٣:**

دەوڵەتانی ئەندان دەبێ لە گشت بوارەکان، بە تایبەتی لە بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و کولتوورییەکاندا، بە هەڵگرتنی هەنگاوی گونجاو، یەك لەوان دانانی قانوون، بۆ دەستەبەرکردنی پەرەگرتوویی و پێشکەوتنی بە تەواویی ژنان‌و، هەروەها دەست ڕاگەیشتنی ئەوان بە مافە ئینسانییەکان‌و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە سەر بناغەی یەکسانی لەگەڵ پیاواندا، تێبکۆشن.

**ماددەی ٤:**

١ـ گرتنە پێشی ڕێوشوێنی تایبەتی‌و کاتی لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامەوە کە ئامانجیان پێکهێنانی خێراتری بەرابەری لە نێوان ژنان‌و پیاوانە، نابێ وەك "جیاوازیدانان" بەو مانایە کە لەم ڕێککەوتننامەدا هاتووە، سەیری بکرێ. ئەم هەنگاوانە جگە لەوەی نابێ ببنە هۆی [مانەوەو]پاراستنی پێوانەو پێوەرە نابەرابەرەکان، دەبێ دوای بەدیهاتنی ڕەفتارو دەرفەتی بەرابەر، کۆتاییان پێبهێنرێ.

٢ـ گرتنە پێشی ڕێوشوێنی تایبەتی لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامەوە بۆ وێنە هەر ئەو هەنگاوانەی بە مەبەستی پشتیوانی لە دایکایەتی لەم ڕێککەوتننامەدا گونجاون، بە جیاوازیدانان دانانرێن.



**ماددەی ٥:**

دەوڵەتانی ئەندام هەموو هەنگاوێکی گونجاو لەم بوارانەی خوارەوەدا هەڵدەگرن:

ئەلف- گۆڕینی ڕەفتارو هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتی‌و کولتوورییەکانی پیاوان و ژنان بە مەبەستی لەنێوبردنی دەمارگرژی‌و گشت شێوازە کۆنەکان‌و، نەریتی جۆراوجۆری دیکە کە بە چاوی سووك تەماشای ژن‌و پیاو دەکەن، یان یەکێکیان، لەوی دیکە بە زیاتر دەزانن‌و، یان دەیانەوێ نەخش‌و ڕۆڵە کلیشەییەکانی ژنان‌و پیاوان بە نەگۆڕی بمێننەوە.

ب- دڵنیا بوون لەوە کە تێگەیشتنی دروست لە دایکایەتی وەك ئەرکێکی کۆمەڵایەتی‌و، هاوبەشبوونی بەرپرسایەتیی پەروەردەو فێرکردنی منداڵان لە نێوان دایك‌و بابدا بەشێك دەبێ لە فێرکردن‌و پەروەردەی بنەماڵە، بۆ ئەوەی لە ئاکامی ئەم جۆرە تێگەیشتنەدا قازانجی منداڵان هەموو کات لە سەرووی هەموو شتێکەوە بێ.

**ماددەی ٦:**

دەوڵەتانی ئەندام بە مەبەستی پێشگیری لەڕاگوێزتن‌و هێنان‌و بردنی ناقانوونی‌و کەڵکوەرگرتن لە لەشفرۆشیی ژنان، هەموو هەنگاوێکی پێویست کە یەك لەوان دانانی قانوونە، هەڵدەگرن.

## بەشی دووهەم

**ماددەی ٧ :**

دەوڵەتانی ئەندام بۆ لابردنی جیاوازی بەرانبەر بە ژنان لە ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی وڵاتدا هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵدەگرن، بە تایبەتی ئەو مافانەی خوارەوە لە هەلومەرجی وەك یەك لەگەڵ پیاواندا، بۆ ژنان دابین دەکەن:

ئەلف- دەنگدان لە هەموو هەڵبژاردنەکانو راپرسییە گشتییەکانداو، هەبوونی دەرفەتی خۆکاندید کردن لە هەموو دەزگایەکی هەڵبژێردراوی گشتیدا:

ب- بەشداری لە دیاریکردنی سیاسەتی دەوڵەتو جێبەجێکردنیداو، دیاریکران بۆ بەرپرسایەتییە دەوڵەتییەکانو بەڕێوەبردنی هەموو بەرپرسایەتییەکان لە هەموو ئاستێکی دەوڵەتیدا:

ت- بەشداری لە ڕێکخراوەو ئەنجومەنە نادەوڵەتییەکانی پێوەندیدار بە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیی وڵاتدا.

**ماددەی ٨:**

دەوڵەتانی ئەندام هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵدەگرن تا بێ هیچ چەشنە جیاوازییەكو لە هەلومەرجێکی وەك یەك لەگەڵ پیاواندا، دەرەتان بە ژنان بدرێ وەك نوێنەری ئەوان لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەڵبسوورێنو لە تێکۆشانی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا، نەخشیان هەبێ.

**ماددەی ٩:**

١ــ دەوڵەتانی ئەندام لە بواری وەرگرتن، گۆڕین، یان پاراستنی رەگەزنامە (تابعیت)دا، مافی وەك یەك لەگەڵ پیاوان دەدەن بە ژنان. دەوڵەتان بە تایبەتی ئەو مافە بۆ ژنان دەستەبەر دەکەن کە مێرد کردن بە پیاوێکی بێگانە (خەڵکی وڵاتێکی دیکە)، یان گۆڕینی رەگەزنامەی پیاوی ژندار، لەخۆڕا نابنە هۆی گۆڕانی رەگەزنامەی ژنەکە، یان بێبەری بوونی ئەو لە نیشتمان، یان بەسەرداسەپانی رەگەزنامەی مێردەکەی.

٢ــ دەوڵەتانی ئەندام مافی وەك یەك بە ژنانو پیاوان لەبارەی رەگەزنامەی منداڵانیانەوە دەدەن.



## بەشی سێیەم

**ماددەی ١٠:**

دەوڵەتانی ئەندام بە مەبەستی دەستەبەرکردنی مافی بەرانبەر لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، هەرچەشنە هەنگاوێکی پێویست بۆ لابردنی جیاوازی لە دژی ژنان هەڵدەگرن. بە تایبەتی لەسەر بناغەی بەرانبەریی ژنو پیاو ئەو خاڵانەی خوارەوە دەستەبەر دەکەن:

ئەلف- هەلومەرجی وەك یەك لە بواری فێرکردنە فەننیو حیرفەییەکانداو، بە مەبەستی دەست راگەیشتن بە فێربوونو، وەرگرتنی بڕوانامە لە دامەزراوە فێرکارییە جۆراوجۆرەکان لە شارو گوندەکاندا،

ئەم بەرانبەرییە دەبێ لە قۆناغەکانی پێش چوونە قوتابخانە، فێربوونی گشتی، فەننیو حیرفەییو خوێندنی فەننیی بەرزو هەروەها دەورە حیرفەییە جۆراوجۆرەکاندا دەستەبەر بکرێ.

ب- دەست راگەیشتن بە بەرنامەی دەرسیی وەك یەك، تاقیکاریی وەك یەك، مامۆستایانی هاوئاست لە باری لێوەشاوەییو بڕوا پێکراوییەوە، شوێنو جێگای وەك یەكو ئیمکاناتو پێداویستیی وەك یەك بۆ فێربوون لە باری چۆنایەتییەوە.

پ- لەنێوبردنی هەر چەشنە تێگەیشتنێکی دەقگرتوو (کلیشەیی) لە بارەی نەخشی ژنانو پیاوان لە هەموو ئاستو جۆرو شێوە جیاوازەکانی فێرکردندا لە ڕێی هاندانو بوار رەخساندن بۆ خوێندنی تێکەڵاوو شێوازە جۆراوجۆرەکانی دیکەی فێربوون کە ڕێگای گەیشتن بەو مەبەستە خۆش دەکەن. بە تایبەتی لە ڕێگای چاوخشاندنەوە بە کتێبە دەرسییەکانو بەرنامەی فێرکردن لە قوتابخانەکانداو بەراوردکردنی شێوازەکانی فێرکردن لەگەڵ یەکتر.

ت- پێکهێنانی دەرەتانی وەك یەك بە مەبەستی کەڵکوەرگرتن لە بورس‌و ئیمتیازەکانی دیکەی خوێندن.

ه- دابینکردنی ئیمکاناتی وەك یەك بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن بە بەرنامەکانی تایبەت بە درێژەی خوێندن، بۆ وێنە بەرنامەکانی خوێندەوار کردنی گەورەساڵان بە تایبەتی ئەو بەرنامانەی بە مەبەستی پڕکردنەوەی هەرچی زووتری کەلێنی نێوان ژنان‌و پیاوان لە بواری خوێندەواریدا داڕێژراون،

ج- هێنانەخواری ڕێژەی ئەو کچە قوتابییانەی کە دەست لە خوێندن هەڵدەگرن‌و، دانانی بەرنامە بۆ ئەو ژن‌و کچانەی کە زوو دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە.

چ- دابینکردنی پێداویستیی وەك یەك بۆ بەشداریی چالاکانەی ژنان لە وەرزش‌و ڕاهێنانی لەشدا.

ح- دەستڕاگەیشتن بەو ڕێوشوێن‌و زانیارییە دیاریکراوانەی سلامەتی‌و لەشساغیی بنەماڵە دەستەبەر دەکەن. ڕێنوێنی لە بارەی چۆنیەتیی کۆنترۆڵی زاوزێ لە بنەماڵەدا، لەو زانیاری‌و ڕێوشوێنانەن.

**ماددەی ١١:**

١- دەوڵەتانی ئەندام هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵدەگرن تا هەر جۆرە جیاوازیدانانێك بە دژی ژنان لە بارەی کارو پیشەوە لە نێو ببەن‌و لە سەر بناغەی ئەسلی بەرانبەریی ژن‌و پیاو، مافی وەك یەك بۆ ئەوان دەستەبەر دەکەن. بە تایبەتی لەم بوارانەی خوارەوەدا:

ئەلف- مافی کارکردن وەك مافێکی بێ ئەملاوئەولای هەر مرۆڤێك،

ب- مافی کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتی وەك یەك بۆ دامەزران لەسەر کار، کە بەڕێوەبردنی پێوانەو ڕێوشوێنی وەك یەك بۆ دامەزراندن یەك لەو هەنگاوانەیە،



ت- مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی کارو پیشە، مافی چوونە سەری پلەو پایە، مافی دڵنیا بوون لە باری [لەدەست نەدان‌و دەرنەکران لەسەر] کارەوەو مافی کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئیمتیازو هەلومەرجێکی تایبەت بە کارو پیشەو، مافی بەشدار بوون لە دەورە پسپۆرییەکان‌و کلاسەکانی فێرکردنەوەی دووبارەدا، بۆ وێنە دەرورەکانی فێربوونی کارو بەشداری لە دەورەکانی فێربوونی پسپۆری‌و ڕاهێنانی قۆناغ بە قۆناغدا،

ج- مافی وەرگرتنی هەقدەستی بەرانبەرو هەروەها کەڵکوەرگرتن لە ئیمتیازەکان‌و، مافی بەرەوروو بوون لەگەڵ ڕەفتاری وەك یەك لەو کارانەدا کە بایەخی وەك یەکیان هەیەو هەروەها لەگۆڕێدا بوونی داوەریی وەك یەك بۆ هەڵسەنگاندن‌و نرخاندنی چۆنایەتیی ئەو کارانەی وەکیەکن،

چ- مافی کەڵکوەرگرتن لە بیمە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی لە قۆناغەکانی خانەنشینی، بێکاری، نەخۆشی، بێتوانایی، پیری‌و جۆرەکانی دیکەی پەککەوتەیی‌و، هەروەها مافی کەڵکوەرگرتن لە مەرەخەسی بە مووچەو هەقدەستەوە،

ح- مافی پارێزرانی سلامەتی‌و لەشساغی‌و، بەڕێوەچوونی ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە ئەمنییەتی شوێنی کار، کە پشتیوانی لە ئەرکی سکوزاو بەرهەمهێنانی منداڵ یەك لەوانە،

٢ـ بە مەبەستی پێشگیری لە بەڕێوەچوونی کردەوەی تێکەڵ بە فەرقوجیاوازی دژی ژنان لە سۆنگەی مێردکردن، یان دووگیان بوونیانەوەو، بە نیازی دەستەبەرکردنی مافی ئەوان بە شێوەیەکی کاریگەر لە بواری کارکردندا، دەوڵەتانی ئەندام ئەم هەنگاوانە هەڵ دەگرن:

ئەلف- وەدەرنانی ژنان لەسەر کار سەبارەت بە دووگیان بوون‌و مەرەخەسی وەرگرتن بە بۆنەی منداڵبوونەوەو، جیاوازیدانان بە هۆی بارودۆخی ژن‌و مێردایەتییانەوە،

قەدەغە دەکەنو لەم پێوەندییەدا، سزا قانوونییەکان بەڕێوەدەبەن،

ب- مەرەخەسی پێدان لە کاتی منداڵبوونو زەیستانیدا، بێ ئەوەی لە مووچەو ئیمتیازە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیان بێبەشیان بکەن، یان بەو بۆنەیەوە کاری پێشوویان لە دەست بدەن.

پ- هاندانی پێشکێشکەرانی خزمەتە کۆمەڵایەتییە پێویستەکان بۆ ئەوەی دایكو بابەکان بتوانن بەرپرسایەتییە بنەماڵەییەکانیان لەگەڵ بەرپرسایەتییە شوغڵییەکانیانو بەشدارییان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هاوهەنگاو بکەن، بە تایبەتی لە ڕێگای پێکهێنانو پەرەپێدانی ڕایەڵکەی تایبەت بە چاوەدێریی منداڵانەوە،

ت- دابینکردنی پشتیوانیی تایبەتی بۆ ژنان لە کاتی دووگیانیدا، بە تایبەتی لەو کارانەدا کە مەترسییان بۆ ئەوان هەیە،

٣ـ ئەو قانوونانەی بە لایەنگریو پشتیوانی لە ژنان لەو ماوەیەدا ئاماژەیان پێکرا، نێوە نێوەو هاوکات لەگەڵ بەرەوپێشچوونی زانستو تێکنۆلۆژیدا، دەبێ سەرلەنوێ چاویان پێدا بخشێندرێتەوەو ئەگەر پێویست بوو ئاڵوگۆڕیان تێدا پێکبێ، هەڵبوەشێندرێنەوە، یان ماوەکەیان نوێ بکرێتەوە.

**ماددەی ١٢:**

١ـ دەوڵەتانی ئەندام بۆ لەنێوبردنی جیاوازیدانان بەرانبەر بە ژنان لە بواری چاوەدێرییە پزیشکییەکاندا، هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵدەگرن تا دەستیان بە خزمەتە لەشساغییەکان، یەك لەوان خزمەتەکانی پێوەندیدار بە کۆنتڕۆڵی زاوزێ لە سەر بناغەی ڕەچاوکردنی بەرانبەریی نێوان ژنانو پیاوان، ڕابگا.

٢ـ دەوڵەتانی ئەندام جگە لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی لە بەندی ١ی ئەو ماددەیەدا هاتوون، ئەو خزمەتانەش کە ژنان لە کاتی دووگیانی، منداڵبوونو



زەیستانیدا پێویستیان دەبێ، دەستەبەر دەکەنو لەکاتی پێویستدا پێڕاگەیشتنو خزمەتی خۆڕاییو هەروەها خواردەمەنیی پێویست لە قۆناغی دووگیانیو شیردان بە منداڵدا، بۆ ژنان دابین دەکەن.

**ماددەی ١٣:**

دەوڵەتانی ئەندام هەموو هەنگاوێکی پێویست بە مەبەستی نەهێشتنی جیاوازی بەرانبەر بە ژنان لە بوارەکانی دیکەی ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتیدا هەڵدەگرن بۆ ئەوەی لەسەر بناغەی بەرانبەریی ژنانو پیاوان، مافی وەك یەك بە تایبەتی لەم بوارانەی خوارەوەدا، دەستەبەر بکەن:

ئەلف- مافی کەڵکوەرگرتن لە ئیمتیازە بنەماڵەییەکان،

ب- مافی کەڵکوەرگرتن لە قەرزە بانکییەکان، "رهن"(گرەودانان)و ئیعتیبارە داراییەکان،

پ- مافی بەشداری لە چالاکییە سەرگەرمکەرەکان، تێکۆشانە وەرزشییەکانو هەموو بوارەکانی ژیانی کولتووریدا.

**ماددەی ١٤:**

١ـ دەوڵەتانی ئەندام گیروگرفتە تایبەتییەکانی ژنانی لادێ دەبیننو سەرنجێکی تایبەتی دەدەن بەو نەخشە گرنگە کە ئەم ژنانە لە ژیانی ئابووریی بنەماڵەکانیاندا، بە تایبەتی لە کاری بەشە غەیرە ماڵییەکانی ئابووریدا هەیانەو، هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵدەگرن تا نێوەرۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیە لە بارەی ژنانی ناوچە گوندنشین بەڕێوەبچێ.

٢ـ دەوڵەتانی ئەندام هەموو هەنگاوێکی پێویست بە مەبەستی لابردنی جیاوازی بەرانبەر بە ژنان لە ناوچە گوندنشینەکاندا، هەڵدەگرن تا ئەو ژنانە لە سەر بناغەی

بەرانبەریی ژنانو پیاوان، لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو تایبەت بە لادێدا بەشدار بنو کەڵکیان لێوەرگرنو، بە تایبەتی ئەم مافانەیان دابین بکرێ:

ئەلف- بەشداری لە دانانو بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی ئاوەدانکردنەوە لە هەموو ئاستێکدا،

ب- دەستڕاگەیشتن بە پێویستییەکانی لەشساغیی تەواو بۆ وێنە زانیاری، راوێژکردنو خزمەتەکانی کۆنترۆڵی زاوزێ لە بنەماڵەدا،

پ- کەڵکوەرگرتنی راستەوخۆ لەبەرنامەکانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی،

ت- کەڵکوەرگرتن لە دەورەو بەرنامە جۆراوجۆرەکانی فێرکردن چ رەسمیو چ نارەسمی وەك فێربوونی خوێندەواریو کەڵکوەرگرتن لە خزمەتە خۆجێییو تایبەتییەکان بە مەبەستی بەرەوژوور بردنی توانای ئەوان لە باری کاری فەننییەوە،

ج- پێکهێنانی گروپەکانو شیرکەتە هەرەوەزییەکان بە مەبەستی دابینکردنی شانسی دەستڕاگەیشتنی وەك یەك بە دەرەتانە ئابوورییەکان لە رێگای وەدەستهێنانی کارو کارکردنەوە،

چ- بەشداری لە هەموو تێکۆشانێکی خۆجێیدا،

ح- دەستڕاگەیشتن بە وامو ئیعتبارەکانی کشتوکاڵی، کارهاسانی بۆ دیتنەوەی بازارو تێکنۆلۆژیی گونجاو، کەڵکوەرگرتنی وەك یەك لە زەویو، لەگۆڕێ دابوونی رەفتاری وەك یەك لە چوارچێوەی ریفۆرمەکانی تایبەت بە زەویوزارو لادێداو، هەروەها بەرنامەکانی جێگرەوەی زەویوزار،

خ- دەستڕاگەیشتن بە پێویستییەکانی ژیانێکی گونجاو بە تایبەتی خانووبەرە، لەشساغی، ئاوو کارەبا، پێوەندییەکانو هاتوچۆ.



## بەشی چوارەم

**ماددەی ١٥:**

١ـ دەوڵەتانی ئەندام مافی بەرانبەر لەگەڵ پیاوان لە بەرانبەر قانووندا، دەدەن بە ژنان.

٢ـ دەوڵەتانی ئەندام دەسەڵاتو ئیمکاناتی قانوونیی بە تەواویی بەرانبەر لەگەڵ پیاوان لە کاروباری مەدەنیدا دەدەن بە ژنانو هەروەها هەلومەرجێکی وەك یەك بۆ کەڵکوەرگرتنی ئەوان لەو دەسەڵاتو ئیمکاناتە دابین دەکەن. دەوڵەتانی ئەندام لە ئیمزاکردنی رێککەوتننامەو بەڕێوەبردنی مڵكو ساماندا مافی بەرانبەر لەگەڵ پیاواندا بە ژنان دەدەنو لە تەواوی قۆناغەکانی دادپرسین لە دادگاکانو ناوەندە قەزاییەکاندا، لەگەڵ ژنو پیاو وەك یەك رەفتار دەکەن.

٣ـ دەوڵەتانی ئەندام ئامادە دەبن تا هەموو رێککەوتننامەکانو هەرجۆرە بەڵگەنامەیەکی تایبەتی کە لایەنی قانوونییان هەیەو لە خزمەت بەرتەسکتر کردنی ئیمکاناتی قانوونیی ژنان دان، هەڵ وەشێننەوە.

٤ـ دەوڵەتانی ئەندام لە بواری هاتوچۆو ئازادیی هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بوونو مانەوەدا، لەباری قانوونییەوە مافی بەرانبەر لەگەڵ پیاواندا دەدەن بە ژنان.

**ماددەی ١٦:**

١ـ دەوڵەتانی ئەندام بە مەبەستی نەهێشتنی جیاوازی بەرانبەر بە ژنان لە کاروباری پێوەندیدار بە فێرکردنو پێوەندیی بنەماڵەییدا، هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵدەگرنو، بە تایبەتی لە سەر بناغەی بەرانبەریی پیاوانو ژنان ئەم مافانەی خوارەوە دەستەبەر دەکەن:

ئەلف- مافی وەك یەك لە هەنگاونان بەرەو پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش،

ب- مافی وەك یەك لە هەڵبژاردنی ئازادانەی هاوسەرداو، بەستنەوەی ژیانی هاوبەش بە رەزامەندیی تەواوو ئازادانەی دوو لایەنی ژیانە هاوبەشەکە،

پ- مافو بەرپرسایەتیی وەك یەك لە ماوەی ژنو مێردایەتیو لە کاتی جوێبوونەوە دا،

ت- مافو بەرپرسایەتیی وەك یەك بۆ دایكو باب لە سەرپەرستیی منداڵاندا، بێوەبەرچاوگرتنی وەزعی پێوەندیی ژنو مێردایەتی، لەو مەسەلانەدا کە پێوەندییان بە منداڵانی ئەوانەوە هەیە، بەرژەوەندی منداڵان هەمیشە لە سەرووی هەموو بەرژەوەندێك دەبێ،

ج- مافی وەك یەك لە بڕیاردانی ئازادانەو بەرپرسانە لەبارەی ژمارەی منداڵان، ماوەی نێوان لەدایکبوونی منداڵێك تا منداڵێکی دیکە، دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، فێربوونو ئامرازی پێویست بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتو توانایی کەڵکوەرگرتن لەو مافانە،

چ- مافو بەرپرسایەتیی وەك یەك لەبواری بەخێوکردن، سەرپەرستیو چاوەدێریی منداڵانو قەبوولکردنی منداڵی کەسانی دیکە وەك منداڵی خۆیان داو، هەر نموونەیەکی دیکەی لەو چەشنەو بەم واتایانەوە لە قانوونی وڵاتدا. لە هەمووی ئەو نموونانەدا قازانجو بەرژەوەندی منداڵان لەسەرووی هەموو بەرژەوەندێکەوە دەبێ،

ح- مافی تاکەکەسی (فردی)ی وەکیەکی ژنو مێرد کە مافی هەڵبژاردنی ناوبانگی بنەماڵە (شۆرەت)، کارو پیشە یەك لەو مافانەن،

خ- مافی وەکیەك بۆ ژنو مێرد لە بواری خاوەنەتی (مالکیت)دا، مافی وەرگرتنو وەدەستهێنانی بەرێوەبەری، سەرپەرستی، کەڵکوەرگرتن لە مڵكو سامانو راگوێزتنی، چ خۆڕایی بێو چ هەزینەی تێ بچێ.

٢ـ مارەکردنو زەماوەندی منداڵ لایەنی قانوونییان نییە. لەو پێوەندییەدا هەموو



هەنگاوێکی پێویست کە دانانی قانوون بۆ دیاریکردنی لانی کەمی تەمەنی مێردکردنو ژن هێنانو تۆمارکردنی زەماوەند لە نووسینگە رەسمییەکاندا لەو هەنگاوانەن، دەبێ باوێژرێن.

## بەشی پێنجەم

### ماددەی ١٧:

١- بە مەبەستی توێژینەوە لەو پێشکەوتنانەی لە ئاکامی جێبەجێکردنو بەرێوەبردنی نێوەرۆکی ئەم رێککەوتننامەیەدا بەدیهاتوون، کۆمیتەی لەنێوبردنی جیاوازی بەرانبەر بە ژنان (کە لەمەودوا هەر بە کۆمیتە ناودەبرێ) پێکدێ. کۆمیتە لە کاتی دەستپێکردنی بەرێوەبردنی رێککەوتننامەکەدا لە ١٨ کەسو، پاش ئەوەی دەوڵەتانی ئەندام بوون بە سیو پێنج، لە ٢٣ کەسایەتیی بژاردە (نخبە)ی خۆشناوو شارەزا لە بوارەکانی پێوەندیدار بە رێککەوتننامە پێکدێ.

ئەم بژاردانە لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامەوەو لە نێو هاونیشتمانانی ئەوان هەڵدەبژێردرێنو، هەر کامێکیان لەو بوارەدا کە لێوەشاوەیی هەیە، خزمەت دەکا. لە هەڵبژاردنی ئەو جۆرە کەسانەدا دابەشینی دادپەروەرانەی جوگرافیاییو جۆراوجۆریی شارستانییەتەکانو سیستەمە حوقووقییە گەورەکان وەبەرچاو دەگیرێ.

٢- ئەندامانی کۆمیتە بە دەنگی نهێنیو لە نێو لیستێك لەو ناوانەی لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامەوە دەستنیشانکراون، هەڵدەبژێردرێن. هەر دەوڵەتێکی ئەندام دەتوانێ یەکێك لە هاونیشتمانانی خۆی کاندیدا بکا.

٣- یەکەمین هەڵبژاردن ٦ مانگ دوای ئەوەی بەرێوەبردنی ئەم رێککەوتننامەیە

دەستی پێکرد، ئەنجام دەدرێ. لانی کەم ٣ مانگ پێش بەڕێوەچوونی هەر هەڵبژاردنێك، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نامەیەکدا داوا لە دەوڵەتانی ئەندام دەکا کە لە ماوەی ٢ مانگدا کاندیدای خۆیان بناسێنن. سکرتێری گشتی لیستی ناوی کاندیداکان بە پێی تەرتیبی ئەلفوبێو وێڕای دەست نیشانکردنی ئەو وڵاتانەی ئەوانی کاندیدا کردوە، ئامادە دەکاو بۆ هەر کام لە دەوڵەتانی ئەندامی دەنێرێ.

٤- ئەندامانی کۆمیتە لە کۆبوونەوەی دەوڵەتانی ئەندامدا کە بە هۆی سکرتێری گشتی لە بنکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڕێوە دەچێ، هەڵدەبژێردرێن. لەم کۆبوونەوەیەدا ـ کە دەبێ لانی کەم دوو لە سێی ئەندامان تێیدا بەشدار بن ـ ئەو کاندیدایانە بۆ ئەندامەتیی کۆمیتە هەڵدەبژێردرێن کە زۆرترین دەنگەکانو هەروەها زۆرایەتیی موتڵەقی دەنگی ئەو نوێنەرانەیان وەدەست هێنابێ کە لە کۆبوونەوەکەدا بەشدارنو دەنگ دەدەن.

٥- ئەندامانی کۆمیتە بۆ دەورەیەکی چوارساڵە هەڵدەبژێردرێن. بەڵام ماوەی ئەندامەتیی ٩ کەس لە ئەندامانی هەڵبژێردراو لە یەکەم هەڵبژاردندا، پاش ٢ ساڵ کۆتایی پێ دێ. پاش یەکەمین هەڵبژاردن دەستبەجێ ناوی ئەو ٩ ئەندامە بە شێوەی تیرو پشك لێهاویشتن لە لایەن سەرۆکی کۆمیتەوە، دەستنیشان دەکرێ.

٦- پێنج ئەندامی دیکەی کۆمیتە بە گوێرەی بەندەکانی ٣و٤ی ئەم ماددەیەو دوای پەسند کران بۆ جاری سیو پێنجەم، یان پەیوەستبوونی سیو پێنجەمین ئەندام بەم ڕێککەوتننامەیە، هەڵدەبژێردرێن. دەورەی ئەندامەتیی دووکەس لەو پێنج ئەندامە دوای ٢ ساڵ کۆتایی پێ دێ. ناوی ئەو دوو کەسە بە شێوەی تیرو پشك لێهاویشتنو لە لایەن سەرۆکی کۆمیتەوە دیاری دەکرێ.

٧- بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو پۆستانەی لەوانەیە خاڵی بمێننەوە، دەوڵەتێك کە



تێکۆشانی بژاردە (نخبە)کەی وەك ئەندامی کۆمیتە ڕاگیراوە، بژاردەیەکی دیکە لە نێو هاونیشتمانانی خۆی بۆ ئەندامەتی لە کۆمیتەدا ـ بەومەرجەی کۆمیتە تەئییدی بکا ـ دەناسێنێ.

٨- ئەندامانی کۆمیتە بە تەئییدی کۆمەڵەی گشتیو بە گوێرەی ڕێوشوێنو مەرجە دیاریکراوەکانی ئەو کۆڕەو، بە سەرنجدان بە گرینگیی بەرپرسایەتییەکانی کۆمیتە، مووچەی مانگانەیان لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پێدەدرێ.

٩- سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، کارمەندانو هەر پێداویستییەکی دیکە بە مەبەستی بەڕێوەچوونو جێبەجێبوونی ئەرکەکانی کۆمیتە لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا دابین دەکا.

**ماددەی ١٨:**

١- دەوڵەتانی ئەندام بەرعۆدە دەبن ڕاپۆرتی خۆیان لە بارەی هەنگاوە قانوونی، قەزاییو ئیجراییەکانو هەر هەنگاوێکی دیکە بە مەبەستی جێبەجێکرانی نێوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیەو، هەروەها لە بارەی ئەو پێشکەوتنانەی لەوبوارەدا وەدەستهاتوون، بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەن کۆمیتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە، پێشکێشی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن:

ئەلف- ساڵێك پاش ئەوەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە بوو بە ئەرکێکی پێویست لەسەر شانی ئەو دەوڵەتە،

ب- دواتر هەر چوارساڵ جارێك، جگە لەمەش هەر کاتێك کۆمیتە داوای ڕاپۆرتی کرد.

٢- لەم ڕاپۆرتانەدا، ئەو هۆکارو گیروگرفتانە ڕوون دەکرێنەوە کە لە سەر ڕادەو چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی بەرپرسایەتییەکانی دیاریکراو بە هۆی ئەم ڕێککەوتننامەیەوە، کاریگەرو شوێندانەر بوون.

**ماددەی ١٩:**

١- کۆمیتە پێڕەوێکی نێوخۆ بۆ چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کاروباری خۆی پەسند دەکا.

٢- کۆمیتە بەرپرسانی خۆی بۆ دەورەیەکی دووساڵی هەڵدەبژێرێ.

**ماددەی ٢٠ :**

١ـ کۆمیتە بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لەو راپۆرتانەی بە گوێرەی ماددەی ١٨ی ئەم ڕێککەوتننامەیە پێشکێشی دەکرێ، هەموو ساڵێ کۆبوونەوەیەکی چەند رۆژی کە ماوەکەی لە دوو حەوتوو تێناپەڕێ، پێکدێنێ.

٢ـ کۆبوونەوەکانی کۆمیتە زۆرتر لە بنکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان لە هەر شوێنێکی گونجاوی دیکە کە کۆمیتە بڕیاری لە سەربدا، پێکدێن.

**ماددەی ٢١:**

١ـ کۆمیتە هەموو ساڵێ لە ڕێگای شوورای ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە، راپۆرتێك لە بارەی تێکۆشانی خۆی پێشکێشی کۆمەڵەی گشتی دەکاو دەتوانێ لە سەر بناغەی راپۆرتەکانی خۆیو ئەو زانیارییانەی لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامەوە پێیگەیشتوون، پێشنیارو راسپێرییە گشتییەکانی خۆی بێنێتە گۆڕێ. ئەو پێشنیارو راسپێرییە گشتییانە، وێڕای ئەو بۆچوونو بیروڕایانە کە لەوانەیە دەوڵەتانی ئەندام هەیانبێ، لە راپۆرتی کۆمیتەدا دێن.

٢ـ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، راپۆرتەکانی کۆمیتە دەنێرێ بۆ کۆمیسیۆنی مەقامی ژن تا لێیان ئاگادار بێ.

**ماددەی ٢٢:**

دامەزراوە پسپۆرییەکان بۆیان هەیە لە ڕێگای نوێنەرایەتییەکانیانەوە لە بارەی



چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی هەر ماددەیەك لەو پەیماننامەیە کە لە چوارچێوەی تێکۆشانی ئەواندا دەگونجێ، لێکۆڵینەوە بکەن. کۆمیتە دەتوانێ داوا لە دامەزراوە پسپۆرییەکان بکا راپۆرتی خۆیان لە بارەی چۆنییەتیی بەڕێوەچوونی پەیماننامەکە لەو بوارانەدا کە لە چوارچێوەی تێکۆشانی ئەواندا دەگونجێن، بڵاوبکەنەوە.

## بەشی شەشەم

**ماددەی ٢٣:**

هیچ شتێکی ئەم ڕێککەوتننامەیە، ئەو ڕێوشوێنو بڕیارانە پێشێل ناکا کە بە مەبەستی گەیشتنی ژنانو پیاوان بە یەکسانیو بەرانبەرییەکی بەکەڵکترو کاریگەرتر دیاریکراون. ئەو ڕێوشوێنو بڕیارانە بریتین لە:

ئەلف- قانوونەکانی دەوڵەتێکی ئەندام، یان

ب- هەر ڕێککەوتننامەیەك، پەیمان، یان ڕێککەوتننامەیەکی نێونەتەوەیی دیکە کە ئەو دەوڵەتە لەسەریەتی جێبەجێیان بکا.

**ماددەی ٢٤ :**

دەوڵەتانی ئەندام بەرعۆدە دەبن هەر هەنگاوێکی پێویست لە ئاستی نەتەوەییدا بە مەبەستی وەدیهێنانی بە تەواویی ئەو مافانەی لەو ڕێککەوتننامەیەدا بەڕەسمی ناسراون، هەڵبگرن.

**ماددەی ٢٥:**

١- هەموو دەوڵەتان بۆیان هەیە ئەم ڕێککەوتننامەیە مۆر بکەن.

٢- سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك پارێزەرو پاسەوانی ئەم

ڕێککەوتننامەیە دیاری دەکرێ.

٣- پەسند کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە پێویستی بە تێپەڕین لە هێندێك قۆناغی قانوونییەوە هەیە.

بەڵگەنامەکانی پەسند کردنی ڕێککەوتننامە، بە ئەمانەت لە لای سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێن.

٤ـ ڕێگا بۆ هەر دەوڵەتێك کە بیهەوێ بەم ڕێککەوتننامەیە پەیوەست بێ، ئاوەڵایە. پەیوەست بوون بەم ڕێککەوتننامەیە بە دوای سپاردنی بەڵگەنامەی پەیوەستبوون بە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، دێتەدی.

**ماددەی ٢٦:**

١- دەوڵەتانی ئەندام هەر کاتێك بە پێویستی بزانن دەتوانن بە هۆی نامە بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای چاوخشاندنەوە بەو ڕێککەوتننامەیەدا بکەن.

٢- کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی ئەو هەنگاوانەی دەبێ لە پێوەندی لە گەڵ ئەو جۆرە داواو داخوازانەدا هەڵبگیرێن، بڕیار دەدا.

**ماددەی ٢٧:**

جێبەجێکردنو بەڕێوەبردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە سی ڕۆژ دوای ئەوەی بەڵگەنامەی پەسندکردن، یان پەیوەستبوونی بیستەمین دەوڵەت، بە ئەمانەت لە لای سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دانرا، دەبێتە ئەرکێکی پێویست.

٢- سی ڕۆژ دوای پەیوەستبوونی بیستەمین دەوڵەت بەم ڕێککەوتننامەیەو دانرانی بەڵگەنامەی مۆرکردن، یان پەیوەستبوونەکە بە ئەمانەت لای سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، جێبەجێکردنو بەڕێوەبردنی نێوەرۆکەکەی دەبێ بە ئەرکێکی پێویست.



٣- پاش ئەوەی بیستەمین بەڵگەنامەی مۆرکردن، یان پەیوەستبوون بە ئەمانەت دانرا، هەر دەوڵەتێك ئەم ڕێککەوتننامەیە پەسند بکا، یان پێی پەیوەست بێ، دوای سی ڕۆژ دەبێ دەست بکا بە جێبەجێکردنو بەڕێوبردنی.

**ماددەی ٢٨:**

١- سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەقی پارێزنامە (تحفـظ)ی(**) هەر وڵاتێك لە کاتی مۆرکردن، یان پەیوەست بوون بەم ڕێککەوتننامەیەدا، وەردەگرێو بە سەر دەوڵەتانی ئەندامدا دابەشی دەکا.

٢- ئەو پارێزنامانەی لەگەڵ ئامانجو مەبەستی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا نەگونجێن، وەرناگیرێن.

٣- پارێزنامەکان ـ هەر کات پێویست بێ ـ دەکرێ بە هۆی نامەیەك بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەربگیرێنەوە. سکرتێری گشتی هەموو دەوڵەتان لەو مەسەلەیە ئاگادار دەکاتەوە. پارێزنامەکە، لەو ڕۆژەڕا کە سکرتێری گشتی نامەکە وەردەگرێ، هەڵدەوەشێنرێتەوە.

**ماددەی ٢٩:**

١ـ هەرچەشنە ناکۆکییەك لە سەر لێکدانەوەیان بەڕێوەبردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە لە نێوان دوو، یان چەند دەوڵەتی ئەندامدا کە لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر نەکرێ، لە سەر داخوازی یەکێك لە لایەنەکان دەدرێ بە دادوەری. ئەگەر هاتوو لە ماوەی ٦ مانگ دوای داوا کردنی دادوەریدا، لایەنەکان لە سەر چۆنیەتیو قەراری دادگایەکە ڕێك نەکەوتن، یەکێك لە لایەنەکان دەتوانێ داوا بکا کێشەکە بدرێ بە دیوانی نێونەتەوەیی دادپەروەریو بە گوێرەی پێڕەوی نێوخۆی ئەو دیوانە چارەسەر بکرێ.

٢- هەر دەوڵەتێکی ئەندام دەتوانێ لە کاتی مۆرکردنو پەسندکردنی ئەم

ڕێککەوتننامەیە، یان پەیوەستبوونیدا، رابگەیەنێ کە بە یەکەمین بەندی ئەم ماددەیە پابەند نابێ. دەوڵەتانی دیکەی ئەندام پێویست ناکا لەگەڵ دەوڵەتێکدا کە خۆی لە پابەندبوون بە بەندی یەکەمی ئەم ماددەیە پاراستووە، بە گوێرەی ئەو بەندە بجوڵێنەوە.

٣- هەر دەوڵەتێکی ئەندام کە بە گوێرەی بەندی ٢ی ئەم ماددەیە، پابەند نەبوونی خۆی بە بەندی یەك راگەیاندووە، هەرکات بیهەوێ دەتوانێ بە شێوەی رەسمی بە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان رابگەیەنێ کە وازی لەو خۆپاراستنو پابەند نەبوونە، هێناوە.

**ماددەی ٣٠:**

ئەم ڕێککەوتننامەیە کە دەقە عەرەبی، چینی، ئینگلیزی، فەرانسەویی، رووسیو ئیسپانییەکەی، وەکیەك جێگای بڕوان، بە ئەمانەت لە لای سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێ.

---

(*) تەرتیبی پیتەکان لە بەندەکانی ماددەکانی١٦و٢، ٧، ١٠، ١١، ١٣، ١٤دا لە رووی تەرتیبی پیتەکانی ئەلفوبێی کوردی دانراون.

(**) مەبەست لە "تحفظ" بەڵگەنامەیەکە کە لەودا وڵاتی ئەندامی ڕێککەوتننامە روونی دەکاتەوە کام بەش، یان ماددەی ڕێککەوتننامەی قبووڵ نییەو بەڕێوەی نابا.

لە رووی دەقی فارسیی ڕێککەوتننامە کە خانمی "مێهرئەنگیزی کار" وەری گێڕاوە، کراوە بە کوردی.

سەرچاوە: کتێبی "زنان در بازار کار ایران" نووسینی خاتوو "مێهرئەنگیز کار لاپەرەکانی ٣٠٣ ـ ٢٨٧



## ڕێککەوتننامەی دژی ئەشکەنجەو رەفتار، یان سزای توندوتیژ، دژی ئینسانیو تێکەڵ بە سووکایەتی

### ١٩٨٤/١٢/١٠

پێشەکیی وەرگێڕ(*)

ئەشکەنجە وشەیەکە کە لە درێژایی مێژووی نووسراوی مرۆڤایەتیدا، بەردەوام باسی کراوە و پێ بەپێی گەشەسەندنی تێکنۆلۆژی، هەر سەردەم و هەر نەسلێك بە شێوەی جۆراوجۆر کەڵکی لێ وەرگرتوە. ئەشکەنجە یەکێك لە مەسەلە گرنگەکانی ئەم سەردەمەیە کە مێشکی مرۆڤیان بە خۆیانەوە خەریك کردوە. سەرەڕای بوونی قانوون و ڕێوشوێنی وەك جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، پەیماننامە نێونەتەوەییەکان و قانوونە مەدەنییەکان کە ئەشکەنجەیان لە هەر هەلومەرجێکدا یاساخ کردوە، بەڵام لێدان و کوتان و ئازار و ئەزیەتی مرۆڤەکان لەلایەن زۆر لە ڕێژیمەکان و یەك لەوان کۆماری ئیسلامییەوە هەروا درێژەی هەیە.

ئەمڕۆ مەسەلەی نەبوون، یان کەمبوونی قانوون و ڕێوشوێن لە گۆڕێدا نییە. بەڵکوو ئەوەی پێویستە و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە توندی تامەزرۆیەتی، هاوکاری و یەکتر یارمەتیدان بەو مەبەستەیە کە نەك هەر ڕێگا نەدرێ هیچ جۆرە ئەشکەنجەیەك بەڕێوەبچێ، بەڵکوو فەرماندەران و بەڕێوەبەرانی ئەشکەنجەش، لەگەڵ لێپرسینەوەی قانوونی و لێکۆڵینەوە لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەرەوڕوو ببنەوە.

لەسەر ئەم بناغەیە، ڕێککەوتننامەی دژی ئەشکەنجە، ڕەفتار و سزای توندوتیژ و نائینسانی و تێکەڵ بە سووکایەتی، لە ١٠ی دیسامبری ١٩٨٤داو، بە گوێرەی بڕیارنامەی ژمارە ٣٩/٤٦ لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کراوە. ئەم ڕێککەوتننامەیە لە ٣٠ی ژوئەنی ١٩٨٧ واتە پاش ئەوەی ٢٠ دەوڵەت، نیوەرۆکەکەیان لە مەجلیس، پارلمان و ناوەندەکانی قانووندانانی خۆیاندا پەسندکرد، دەستکرا بە ڕەچاوکردن و بەڕێوەبردنی.

ڕێککەوتننامە لە پێشەکییەك و ٣٣ مادده و لە ٣ بەشدا ئامادە کراوە.

ئەم ڕێککەوتننامەیە بەدوای پێناسەکردنی ئەشکەنجەدا، شوێنەوارە حوقووقییەکان، سەلاحییەت و بەرپرسایەتییە دەوڵەتییەکان، جۆر و شێوەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، پاشگەزبوونەوە و پێکهاتنی کۆمیتەی پێشگیری لە ئەشکەنجە و ئەرکەکانی شیکردوونەوە.

بەپێی ئاماری ٨ی فێوریەی٢٠٠٢ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی سەرجەمی وڵاتانی ئەندام کە ١٣ بەڵگەنامەی نێونەتەوەیی گرنگی ئەو دامەزراوەیان مۆر کردوە، لە سەرجەمی ١٨٩ وڵاتی ئەندام، ١٢٨ وڵات ڕێککەوتننامەی دژ بە ئەشکەنجە، ڕەفتاریان سزای توندوتیژ، نائینسانی و تێکەڵ بە سووکایەتییان مۆر کردوە. دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ڕێککەوتننامەی دژ بە ئەشکەنجەی مۆر نەکردوە.



**پەسندکراوی ١٠ی دیسامبری ١٩٨٤/ بڕیارنامەی ژمارە ٣٩/٤٦ی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (لە ٢٦ی ژوئەنی ١٩٨٧ەوە دەستکراوە بە بەڕێوەبردنی).**

ئەو وڵاتانەی ئەم ڕێککەوتننامەیە پێوەندی بەوانەوە هەیە:

ـ بە سەرنجدان بە بنەماکانی گونجاو لە پەیمانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە بە ڕەسمی ناسینی حورمەتی زاتی و مافی یەکسان و ڕانەگوێزراوی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی ئینسانیی وەك بناغەی ئازادی، دادپەروەری و ئاشتی لە جیهاندا ڕاگەیاندوە،

- بە سەرنجدان بەوە کە ئەو مافانە لە ڕێز و حورمەتی زاتیی مرۆڤەوە سەرچاوەیان گرتووە،

- بە سەرنجدان بە بەرپرسایەتیی ئەو وڵاتانەی پەیمانیان مۆر کردوە، بە تایبەتی بە سەرنجدان بە ماددەی ٥٥ی، کە داواکاری بەرەوژوور بردنی ڕێزو، ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکانیەتی،

- بە وەبەر چاوگرتنی ماددەی پێنجەمی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و، ماددەی حەوتەمی ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان کە تێیاندا هاتووە: "هیچ کەس نابێ ئەشکەنجە بدرێ، یان بکەوێتە بەر ئەو ڕەفتار و سزا زۆردارانە و دژی ئینسانییانە کە مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی تاك زەوت دەکەن"،

- بە سەرنجدان بە جاڕنامەی ٩ی دیسامبری ١٩٧٥ی کۆمەڵەی گشتی کە پشتگیری

لەو مرۆڤانە دەکا لەگەڵ ئەشکەنجە و کردەوەی زۆردارانە و دژی ئینسانی بەرەوڕوو دەبنەوە و رەفتاری ئەوتۆیان لەگەڵ دەکرێ کە مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانیان، پێشێل دەکا،

- بە ئاواتی نەهێشتنی ئەشکەنجە و هەموو کردەوە وەحشیانە و دژی ئینسانییەکانو، تێکڕای ئەو سزا و رەفتارانەی کە هەڕەشە لە مافەکانی مرۆڤ لەسەرانسەری جیهاندا دەکەن،

ئێمە کە ئەم رێککەوتننامەیەمان مۆر کردوە، قبووڵ دەکەین کە:

## بەشی یەکەم

### ماددەی ١:

١ـ لە روانگەی ئەم رێککەوتننامەیەوە، ئەشکەنجە بەمجۆرە پێناسە دەکرێ: هەر کردەوەیەکی بە ئەنقەست کە بە هۆی ئەوەوە دەرد و ئازارێکی توندی جەستەیی و رۆحی بە مەبەستی زانیاری وەرگرتن، یان داننان بە کردەوە و تاوانێك لە پێوەندی لەگەڵ خۆی، یان یەکێکی دیکەدا، تووشی کەسێك دەکرێ، ئەشکەنجەی پێدەگوترێ. هەروەها تەمبێکردنی شەخسیی کەسێك بەبۆنەی کردەوەیەك کە ئەو، یان کەسێکی سێهەم ئەنجامی داوە، یان لەوانەیە ئەنجامی بدا، کەڵکوەرگرتن لە هەڕەشە و زۆرداری لەسەر بناغەی هەر جۆرە جیاوازیدانانێك، ئەگەر ئەو ئەزییەت و ئازاردانە، بە دنەدان و رەزامەندی و هاندان و پێشگێری لێنەکردنی کاربەدەستی دەوڵەتی و هەر خاوەن پلە و پایەیەکی دیکەش بێ، هەموویان بە ئەشکەنجە دەژمێردرێن. ئەم رێککەوتننامەیە ئەو دەرد و ئازارانەی مرۆڤ لە سۆنگەی سزای قانوونییەوە تووشیان دەبێ، ناگرێتەوە.



٢ـ ئەم ماددەیە لەسەر رێی ئەو بەڵگەنامە نێونەتەوەییانە،، یان (پەسندکراوەکانی پێوەندیدار بە) قانوونە نێوخۆییەکانی وڵاتان کە واتایەکی بەرینتریان بۆ ئەشکەنجە وەبەرچاوگرتووە، نابێتە رێگر.[ دەبێ هەر بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامە نێونەتەوەییانە و ئەو قانوونە نێوخۆییانە، رەفتار بکرێ ].

### ماددەی ٢:

هەر دەوڵەتێکی ئەندامی رێککەوتننامە، لەسەریەتی لە بوارەکانی قانوونی، بەڕێوەبەری (ئیجرایی) و قەزاییدا، هەنگاوی پێویست و کاریگەر بە مەبەستی پێشگیری لە بەڕێوەچوونی ئەشکەنجە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا هەڵبگرێ.

٢ـ هیچ چەشنە هەلومەرجێکی تایبەتیی وڵاتێك وەك شەڕ، یان بەرەوڕوو بوون لەگەڵ هەڕەشەی شەڕ، ناسەقامگرتوویی سیاسیی نێوخۆیی و هەر جۆرە بارودۆخێکی نائاسایی دیکە، نابێ بکرێتە بیانوو و بەڵگە بۆ کەڵکوەرگرتن لە ئەشکەنجە.

٣ـ ئەمر و فەرمانی کاربەدەستێکی بەرزتری (دەوڵەتی) و، یان ناوەندێکی دەوڵەتی، ناتوانێ ببێتە بەڵگەی پاساودانی پەنابردن بۆ ئەشکەنجە.

### ماددەی ٣:

١ـ هیچ دەوڵەتێکی ئەندام بۆی نییە کەسێك کە گیانی لە مەترسی دایە و بەرەوڕووی ئەشکەنجە دەبێتەوە، بداتەوە بە دەوڵەتێك کە بەراستی ئەشکەنجە لەوێدا برەوی هەیە.

٢ـ بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە بوارەکانی کردەوەی ئەشکەنجە، ناوەندی لێوەشاوە و خاوەن سەڵاحییەت دەبێ پێکبێن تا بە هۆی ئەوانەوە لێکۆڵینەوە لەو دەوڵەتانە بکرێ کە نموونەی ئاشکرا و گەورە و بەکردەوەی ئەشکەنجە و پێشێلکردنی بەردەوامی مرۆڤ لە کارنامەیاندا دەبینرێ.

**ماددەی ٤:**

هەر دەوڵەتێکی ئەندام، چاوەدێر و دڵنیا دەبێ کە هەر جۆرە ئەشکەنجەیەك لە ژێر ناوی قانوونە جینایییەکاندا، بە تاوان دەژمێردرێ و، کەسێکیش کە ئەشکەنجەکە ئەنجام دەدا، هەروەها ئەو کەسەی لەو کردەوەیەدا بەشداری و هاوکاری دەکا، بە تاوانبار دەناسرێن.

**ماددەی ٥:**

١ـ هەر دەوڵەتێکی ئەندام، هەنگاوی بەجێ و دەسەڵاتی قانوونیی پێویست بۆ راگەیشتن بەو تاوانانەی لە ماددەی چوارەمدا هاتوون، (لە دەزگای قەزایی خۆیدا) بەم شێوەیەی خوارەوە، جێبەجێ دەکا:

ئەلف ـ کاتێك کە تاوانێك لە سنووری قەزایی، دەریایی و هەواییە ناسراوەکانی (وڵاتەکەی)دا، روو دەدا.

ب ـ کاتێك کە تاوانبار هاووڵات (شەهروەند)ی ئەو وڵاتە بێ.

ج ـ کاتێك کە قوربانی (ی ئەشکەنجە) خەڵکی ئەو وڵاتە بێ و دەوڵەتەکەش ئەم راستییە بسەلمێنێ.

٢ـ هەر دەوڵەتێکی ئەندام، هەروەها، بە مەبەستی وەدەستهێنانی دەسەڵاتی قانوونیی پێویست لە سیستەمی قەزایی خۆیدا، هەنگاوی گونجاو دەنێ. ئەو هەنگاوانە تایبەتن بەو کاتانە کە هێندێك تاوان لە سنووری قەزایی ئەو وڵاتەدا روو دەدەن و تاوانبارکراو نادرێتەوە بە وڵاتەکەی خۆی.

بە گوێرەی ماددەی هەشتەمی بەشی یەکەم، تاوانبار دەدرێتەوە بەو دەوڵەتانەی کە ناویان هاتووە.



٣ـ ئەم رێککەوتننامەیە، ئەو تاوانە جینایییانەش هەڵ ناوێرێ کە پێوەندییان بە قانوونە نێوخۆییەکانەوە هەیە.

**ماددەی ٦:**

١ـ هەر دەوڵەتێکی ئەندام، کەسێك کە تاوانێکی بەپێی ماددەی ٤ی ئەم رێککەوتننامەیە، کردبێ دەخاتە زیندان، یان هەنگاوی دیکە بۆ دڵنیایی لە ئامادەبوونی تاوانبار هەڵدەگرێ.[ ئەم دەوڵەتە] بۆ دڵنیایی لە وەزعی تاوانبار، لەو زانیارییانەی بە دەستەوە هەن و کەڵکیان هەیە، دەکۆڵێتەوە و پاشان دەستووری گرتن، یان هەر بڕیارێکی دیکە بە گوێرەی قانوونەکانی خۆی دەر دەکا. ئەو دەستبەسەرکردنەی تاوانبار بەپێی پێویست، لەوانەیە تا ماوەیەك درێژەی هەبێ تا [لێکۆڵینەوە لە] تاوان و تەحویلدانەوەی تاوانبار، رەوتی خۆی بپێوێ.

٢- دەوڵەتی ئاماژە پێکراو کارە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوە و راگەیشتن (بە پەروەندەی تاوانبار) جێبەجێ دەکا.

٣- ئەو کەسەی لە بەند دایە، مافی هەیە کە بە گوێرەی بەندی ١ی ئەم ماددەیە، دەستبەجێ پێوەندی بە نوێنەرایەتیی دەوڵەتی وڵاتەکەی خۆیەوە بگرێ. ئەگەر گیراوەکە هاووڵاتیەتی نەبێ، مافی ئەوەی دەبێ لەگەڵ نوێنەرایەتیی وڵاتێك کە زۆرتر لەوێ ماوەتەوە، پێوەندی بگرێ.

٤ـ کاتێك دەوڵەتێك بە گوێرەی ئەو ماددەیە کەسێك بەند دەکا، ئەو دەوڵەتانەی لە ماددەی ٥ی بەندی ١دا ئاماژەیان پێکراوە دەستبەجێ لە رووداوەکە ئاگادار دەکا و هۆ و هەلومەرج و شوێنی گیرانی بەندکراویان پێ رادەگەیەنێ.

**ماددەی ٧:**

١- دەوڵەتێکی ئەندام کە لە سنووری قەزایی خۆیدا کەسێکی تاوانباری بەگوێرەی

ماددەی چوار گرتووە، بەپێی ماددەی ٥ لەگەڵی دەجووڵێتەوە. ئەگەر [ئەو دەوڵەتە] تاوانبارەکە نەداتەوە (بە وڵاتەکەی خۆی)، دەبێ پەروەندەی تاوانبار بۆ لێکۆڵینەوە و پێڕاگەیشتنی قەزایی بۆ ناوەندە لێوەشاوە و خاوەن سەلاحییەتەکان بنێرێ.

٢- ناوەندە خاوەن سەلاحییەتە ئاماژە پێکراوەکان، وەك هەر تاوانێکی ئاساییو، لە ڕەوتێکی سروشتی و جیددیداو، بەپێی قانوونە دەوڵەتییەکان، بڕیاری خۆیان دەدەن. بە گوێرەی ماددەی ٥، بەندی ٣، بۆ لێکۆڵینەوە و پێڕاگەیشتنی قانوونی و مەحکوومکردن، بەڵگەنامە قانوونی و بڕواپێکراوەکان پێویستن. ئەو بەڵگەنامانە بەپێی ماددەی پێنج، بەندی ١، دەبێ بڕواپێکراو حاشاهەڵنەگر بن، بە جۆرێك کە ڕێگا بۆ لێپرسینەوەی قەزایی خۆش بکەن.

٣- هەموو کەسێك بە سەرنجدان بە تاوانێك کە بەپێی ماددەی چوار لەسەری گیراوە، دەبێ لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەی قەزاییدا، ڕەفتارێکی گونجاوی لەگەڵدا بکرێ.

**ماددەی ٨:**

١- دەوڵەتانی ئەندام، تاوانەکانی پێوەندیدار بە ماددەی چوار کە دانەوەی تاوانباران بە وڵاتی خۆیان دەگرێتەوە، یان هەر چەشنە دەرکردن و تەحویلدانەوەیەك کە ئەوان بە گوێرەی ڕێککەوتنی دوو لایەنە قەبووڵیان کردوە، دەستەبەر دەکەن.

٢- هەر کات دەوڵەتێکی ئەندام لەلایەن دەوڵەتێکی دیکەوە کە ڕێککەوتننامەیەکی بۆ دانەوەی تاوانباران لەگەڵ ئەو دەوڵەتە مۆر نەکردوە، داوای دانەوەی تاوانبارێکی پێبگا، ئەم کونڤانسیۆنە Conventionوەك پەیماننامەیەکی قانوونی بۆ دانەوەی تاوانباران چاوی لێدەکرێ.

٣- ئەو دەوڵەتە ئەندامانەی کە مەرجی دانەوەی تاوانبارانیان بە گوێرەی ڕێککەوتننامەیەك قەبووڵ نەکردوە، تاوانەکانی پێوەندیدار بە ئەشکەنجە، وەك ئەو



تاوانانەی کە دەبێ تاوانباران سەبارەت بە ئەنجامدانیان تەحویل بدرێنەوە، لە ڕێککەوتنە دوو لایەنەکانی خۆیاندا دەگونجێنن و ئەشکەنجە وەك تاوانێك کە دەبێ تاوانبار لەسەری تەحویل بدرێتەوە و وەك شتێکی قانوونی، لە دەوڵەتێکی ئەندام داوا دەکەن.

٤ـ ئەم جۆرە تاوانانە (ئەشکەنجە) کە دەبێ تاوانباران بەبۆنەی ئەنجامدانی ئەوانەوە تەحویل بدرێنەوە، پێویستە بەهۆی ڕێککەوتننامەی دوو لایەنە لە نێوان دەوڵەتانی ئەندامدا، دەست نیشان بکرێن. ئەگەر هاتوو ڕێککەوتننامەیەك لەلایەن ئەوانەوە مۆر کرابوو، بە گوێرەی ماددەی ٥ و بەندی ١ و بەپێی دەسەڵات و توانا قەزاییەکانی دەوڵەتان پێویستە نەك هەر لەو شوێنانە کە تاوانەکەیان لێ ئەنجام دراوە، بەڵکو لە سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتانیشدا بەڕێوەبچن.

**ماددەی ٩:**

١- دەوڵەتانی ئەندام بۆ دابینکردنی ئیمکانات و پێداویستییەکانی پێوەندیدار بە ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان و ئەو تاوانبارانەی ماددەی چوار دەیانگرێتەوە، هەنگاوی پێویست هەڵدەگرن. هەروەها بە پیشاندان و هێنانەگۆڕی ئەو بەڵگە و نیشانانەی لە دەستیان دایە، لە بەرەوپێشبردن و بە ئاکام گەیاندنی ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکاندا، یارمەتیی یەکتر دەدەن.

**ماددەی ١٠:**

١- هەر دەوڵەتێکی ئەندام بە سەرنجدان بە قەدەغەبوونی ئەشکەنجە، دەبێ ڕێنوێنی و زانیاریی پێویست بدا بە بەڕێوەبەرانی قانوون، هێزەکانی ئاسایش (سڤیل) و چەکدار، کارمەندانی خزمەتە پزیشکییەکان و هەموو ئەو کەسانەی بە جۆرێك دەستیان لە گرتن و لێپرسین و لێکۆڵینەوەدا هەیەو، لەوە دڵنیا بێ کە ئەوان بۆ ئەم مەبەستانە ڕادەهێنرێن و فێر دەکرێن.

٢- هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە قانوون و بڕیارنامەکانی خۆیدا، ئینسانەکان بە گوێرەی ئەرك و بەرپرسایەتییەکانیان لە قەدەغەبوونی ئەشکەنجە ئاگادار دەکاتەوە.

### ماددەی ١١:

هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە سەریەتی کە بە ڕێکوپێکی و بە بەردەوامی، شێوە و ڕێوشوێنەکانی پێوەندیدار بە لێکۆڵینەوە (لێپرسینەوە) و تایبەت بە هێشتنەوەی گیراوەکان (لەگرتووخانەکان) دا، جێبەجێ بکا. هەر چەشنە چاوخشاندنەوەیەك بەو جۆرە ڕێوشوێنانەداو، هەر جۆرە چاوەدێرییەك لە پێوەندی لەگەڵ هەر کام لە جۆرەکانی گرتن و زیندانیکردن و هەر بوارێك لە بوارەکاندا کە دەکەونە سنووری قەزایی ئەو وڵاتەوە، دەبێ بە سەرنجدان بە ئەسڵی قەدەغە بوونی ئەشکەنجە بێ.

### ماددەی ١٢:

هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە سەریەتی سیستەمێکی جێگای متمانەی ئەوتۆ پێکبێنێ کە ئەگەر بەڵگە و نیشانەی بڕاوپێکراوی لە بارەی هەبوونیان بەڕێوەچوونی ئەشکەنجە لە شوێنێکیان لە سەر سنووری قەزایی ئەو دەوڵەتەدا بەدیکرد، کاربەدەستە خاوەن سەلاحییەتەکان دەسبەجێ و بێ لایەنانە پێیان ڕابگەن.

### ماددەی ١٣:

هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە سەریەتی مافی سکاڵا بۆ کەسێك کە ڕادەگەیەنێ لە سنووری قەزایی ئەو دەوڵەتەدا ئەشکەنجە کراوە، بپارێزێ و سکاڵاکەی دەسبەجێ و بێلایەنانە بگەیەنێتە دەست کاربەدەستە خاوەن سەلاحییەتەکان و، دڵنیاش بێ کە خاوەن سکاڵا و شاهیدەکانی بەبۆنەی سکاڵاکردن و شایەدیدانەکانیانەوە، لەگەڵ هیچ هەڕەشەیەك بەرەو روو نابن.



### ماددەی ١٤:

هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە سەریەتی لە ڕێگای سیستەمی قانوونیی خۆیەوە، ئەو دڵنیاییە بدا کە قوربانییەکانی ئەشکەنجە مافی ئەوەیان هەیە بە تەواوی و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە زیانەکانیان بۆ ببژێردرێتەوە و خەسارەتەکانیان بۆ قەرەبووبکرێتەوە. ئەم بژاردنەوە و قەرەبووکردنەوەیە بریتییە لە گەڕاندنەوەی هەلومەرجی پێشوو بۆ قوربانیی ئەشکەنجە، تا ئەو جێگایەی کە دەگونجێ. هەر کات کەسێك لە ئاکامی ئەشکەنجەدا بمرێ، زیان و خەسارەکان بۆ کەسوکاری ئەو قەرەبوو دەکرێنەوە.

### ماددەی ١٥:

هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە سەریەتی لە ڕێگای خۆیەوە ئەو دڵنیایە بدا کە داننان (بە تاوان) لە ژێر ئەشکەنجەدا، بە هیچ شێوەیەك وەك بەڵگە سەیر ناکرێ و تەنیا ئەو کاتە وەك بەڵگە حیسێبی بۆ دەکرێ کە لە دژی ئەشکەنجەگەر و بە مەبەستی روونکردنەوەی تاوانێك کە ئەشکەنجەگەر ئەنجامی داوە بەکار بهێنرێ.

### ماددەی ١٦:

١- هەر دەوڵەتێکی ئەندام بەرعۆدەیە کە لە سنووری قەزایی خۆیدا لە کردەوەی وەحشیانە و نائینسانی و سووکایەتی پێکردن و هەر چەشنە سزایەك کە پێناسەی ئەشکەنجە و ماددەی ١ی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەیانگرێتەوە و ، ئەم جۆرە کردەوانە بە هاندان و دنەدان و ڕەزامەندی و دەست وەبەرنەهێنانی کاربەدەستانی دەوڵەتی و هەر خاوەن پلە و پایەیەك بەڕێوەدەچن، پێشگیری بکا. ئەم بەرپرسیارەتییانە، بە تایبەتی ئەوانەن کە بە گوێرەی ماددەکانی١٠و١١و١٢و١٣ (کە داوای گۆڕین و وەلانانی کەسێك دەکەن کە دەستیان لە ئەشکەنجە و کردەوەی وەحشیانە و نائینسانی و سووکایەتی پێکردن و سزای توند و تێژدا هەیە)، دەکەونە سەر شانیان.

٢- ڕێوشوێنەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە نابنە هۆی ڕەتکردنەوە و خەوشدار کردنی بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکان و قانوونە نەتەوەییەکان کە کردەوەی وەحشیانە و نائینسانی و سووکایەتی پێکردن بە تاوان دەژمێرن و، ئەنجامدەرانیان بە شیاوی دەرکردن و تەحویلدانەوە دەزانن.

## بەشی دووهەم

### ماددەی ١٧:

١- کۆمیتەیەکی دژی ئەشکەنجە پێکدێ (لەمەو دوا لەم کونڤانسیۆنەدا هەر بە"کۆمیتە"ناوی دەبرێ) و ئەو کارانەی لێرە بەدواوە ئاماژەیان پێ دکرێ، بەئەستۆ دەگرێ. ئەم کۆمیتەیە لە ١٠ پسپۆری پایەبەرز کە لە بواری مافی مرۆڤدا سەلاحییەتی ئەخلاقی و لێوەشاوەییان هەیە پێکدێ. ئەوان پشت ئەستوور بە سەلاحییەتی خۆیان، ئەرکەکان جێبەجێ دەکەن (نەك وەك نوێنەری دەوڵەتی وڵاتی خۆیان). هەر وەها ئەم پسپۆڕانە بە هۆی دەوڵەتانی ئەندامەوە و بە ڕەچاوکردنی دابەشینی دادپەروەرانەی جوگرافیایی (هەروەها لە سەر بنەمای هاوکاریی بە کەڵك و ئەزموونی حوقووقیی ئەوان) هەڵدەبژێردرێن.

٢- ئەندامانی کۆمیتە بە دەنگی نهێنی و لە نێو لیستی ئەو کەسانەی لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامەوە کاندیدا کراون، هەڵدەبژێردرێن. دەوڵەتانی ئەندام ئەمەیان لە بەرچاو دەبێ کە کەسانی بەکەڵك و کەسانێك لە ئەندامانی کۆمیتەی مافی مرۆڤ، لە ژێر چاوەدێریی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکانداو، هەروەها کەسانێك کە خوازیاری خزمەت لە کۆمیتەی دژی ئەشکەنجەدان، کاندیدا بکەن.

٣- هەر دوو ساڵ جارێك دەوڵەتانی ئەندام لە سەر داوای سکرتێری گشتیی



ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتە کۆ دەبنەوە. لانیکەم دوو لە سێی ئەندامان دەبێ بەشدار بن تا کۆبوونەوە بتوانێ کارەکانی خۆی بکا. ئەو کەسانەی زۆرایەتیی دەنگەکانی نوێنەرانی ئامادەبووی دەوڵەتانی ئەندام دێننەوە، دەبنە ئەندامی کۆمیتە.

٤- یەکەمین هەڵبژاردن نابێ لە ٦مانگ پاش ڕەسمیەت پەیدا کردنی بەڕێوەچوونی ئەم ڕێککەوتننامەیە، پتر بخایەنێ. بۆ هەڵبژاردن لانیکەم ٤مانگ پێش ڕۆژی دیاریکراو، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هۆی نامەوە داوا لە دەوڵەتانی ئەندام دەکا کە کاندیداکانی خۆیان بۆ ئەندامەتی لە کۆمیتە لە ماوەی ٣مانگدا بناسێنن. سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی ڕیزی ئەلفوبێ، لیستێك لە ناوی ئەو کەسانەی کاندیدا کراون، وێڕای گونجاندنی ناوی ئەو وڵاتانەی ئەوانیان ناساندوون، ئامادە دەکا و بۆ وڵاتانی ئەندامیان دەنێرێ.

٥- ئەندامانی کۆمیتە بۆ ماوەی ٤ ساڵ هەڵدەبژێردرێنو، ئەگەر سەر لە نوێ خۆیان کاندیدا بکەنەوە ڕێگای ئەوە دەرێ کە سەرلەنوێ هەڵببژێردرێنەوە. بەڵام ماوەی نوێنەرایەتیی پێنج ئەندامی کۆمیتە کە لە یەکەمین هەڵبژاردندا، هەڵبژێردراون، پاش ٢ساڵ تەواو دەبێ. ناوی ئەو پێنج کەسە پاش یەکەمین هەڵبژاردن لە ڕێگای تیر و پشك لێهاویشتن و بە هۆی سەرۆکی کۆبوونەوەکە، بە گوێرەی بەندی **٣**ی ئەم ماددەیە دیاری دەکرێ.

٦- ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتە بمرێ، یان دەست لە کاربکێشێتەوە، یان بە هەر هۆیەکی دیکە نەتوانێ ئەرکەکانی جێبەجێ بکا، ئەو دەوڵەتە ئەندامەی ئەوی کاندیدا کردبوو، کەسێکی پسپۆڕی دیکەی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی، بۆ جێنشینی ئەو و خزمەتکردن، دیاری دەکا و، داوا دەکا دەوڵەتانی ئەندام بە زۆرایەتیی دەنگ بە ئەندامی کۆمیتە قەبووڵی بکەن. دەوڵەتانی ئەندام پەسند کردنی (ئەندامی تازە) دەخەنە بەر باس. ئەگەر نیوە، یان زیاتری ئەوان لەگەڵ ئەندامەتیی ئەو کاندیدا جێنشینەدا نەبن، ئاکامەکەی بە ئاگاداریی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگەیەنرێ

تا لە ماوەی ٦حەوتوودا کەسێکی دیکە بناسێندرێ و دیاری بکرێ.

٧- دەوڵەتانی ئەندام، بەرپرسایەتیی خەرجییەکانی ئەندامانی کۆمیتە لەماوەی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا دەگرنە ئەستۆ.

(گۆڕانکاری ـ بڕوانە هەلومەرجی پەسندکرانی بڕیاری ٤٧/١١١ کۆمەڵەی گشتی، ١٦ی دیسامبری ١٩٩٢)

**ماددەی ١٨:**

١- کۆمیتە، دەستەی سەرۆکایەتیی خۆی بۆ ماوەی ٣ ساڵ هەڵدەبژێرێ. ئەوان دەتوانن سەرلەنوێ هەڵبژێردرێنەوە.

٢- کۆمیتە ڕێوشوێنەکانی کاروباری نێوخۆیی خۆی دیاری دەکا. ڕێوشوێنەکان بە گوێرەی ئەم خاڵانە دەبن:

ئەلف- ئاستی رەسمییەت پەیداکردنی کۆبوونەوەکان ئامادەبوونی ٦ ئەندامە.

ب- بڕیارەکانی کۆمیتە بە زۆرایەتیی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو دەدرێ.

٣- سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کارمەندان، ئیمکانات و پێداویستییەکانی کۆمیتە بە مەبەستی هەرچی باشتر بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانەی بە گوێرەی ئەم ڕێککەوتننامەیە کەوتوونە سەر شانی، دابین دەکا.

٤- سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەندامانی کۆمیتە بۆ پێکهێنانی یەکەم کۆبوونەوە بانگ دەکا. کۆبوونەوەکانی دواتری کۆمیتە لەو کاتانەدا کە لە ئاییننامەی نێوخۆییدا پێشبینی کراون، پێکدێن.

٥- دەوڵەتانی ئەندام بەرپرسایەتیی خەرجی و تێچوونی کۆبوونەوەکانی دەوڵەتانی ئەندامی کۆمیتەکەو، هەروەها ئەو خەرجییانەی بەهۆی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەکرێن، وەك دانی مووچەی کارمەندان و دابینکردنی



پێداویستییەکانیان، بە گوێرەی بەندی ٣ی ئەم ماددەیە دەگرنە ئەستۆ.

(گۆڕانکاری ـ بڕوانە هەلومەرجی پەسندکرانی بڕیاری ٤٧/١١١ی کۆمەڵەی گشتی، ١٦ی دیسامبری ١٩٩٢)

**ماددەی ١٩:**

١- دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێگای سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کۆمیتە لەو هەنگاوانەی بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەرك و بەرپرسایەتییەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ڕێککەوتننامەیەدا ناویانە، ئاگادار دەکەنەوە. یەکەمین ڕاپۆرت، ساڵێك دوای ئەوەی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە لەسەر دەوڵەتی ئەندام بوو بە ئەرك، پێشکێش دەکرێ. پاشان دەوڵەتانی ئەندام ڕاپۆرتەکانی تەواوکەری ڕاپۆرتی پێشتریانو، هەروەها ڕاپۆرتی هەنگاوە نوێیەکانیان لەو پێوەندییەدا، هەر چوار ساڵ جارێك بە ئاگاداریی سکرتێری گشتی دەگەیەن.

٢- سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم ڕاپۆرتانە بۆ دەوڵەتانی ئەندام دەنێرێ.

٣- هەر ڕاپۆرتێك لەلایەن کۆمیتەوە دەخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و ، کۆمیتە بیرورا و پێشنیازە گشتییەکانی خۆی لە بارەی ڕاپۆرتەکەوە بە دەوڵەتانی پێوەندیدار ڕادەگەیەنێ. دەوڵەتی گۆرین دەتوانێ وەڵام و ڕوونکردنەوەکانی خۆی بە کۆمیتە ڕابگەیەنێ.

٤- کۆمیتە ئەگەر پێی باش بێ، لەوانەیە ئەو بیرورا و پێشنیازانەی خۆی کە لە بارەی بەندی ٣ی ئەم ماددەیەوەن و پێوەندییان بەو دەوڵەتە ئەندامەوە هەیە،

هەروەها تێبینییەکانی خۆی و بۆچوونی دەوڵەتان لە راپۆرتی ساڵانەدا بگونجێنێ و بە گوێرەی ماددەی ٢٤ پێشکێشی کۆمەڵەی گشتیی بکا.

ئەگەر ئەو دەوڵەتە ئەندامە، داوای نوسخەیەك لەو راپۆرتە بکا، کۆمیتە بە گوێرەی بەندی ١ی ئەم ماددەیە دەبێ داواکەی بەجێ بێنێ.

**ماددەی ٢٠:**

١- ئەگەر کۆمیتە زانیاریی دروست و بڕواپێکراوی دەست بکەون کە نیشان بدەن لە سنووری دەسەڵاتدارەتیی یەکێك لە دەوڵەتانی ئەندامدا، ئەشکەنجەی بەردەوام و بەپێی بەرنامە هەیە، داوا لەو دەوڵەتە دەکا کە بۆ لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە و پێڕاگەیشتنی، هاوکاریی بکا. پاشان ئاکامی لێکۆڵینەوەکە و بیروڕای خۆی لەو بارەیەوە بە گوێرەی زانیارییەکان پێشکێش دەکا.

٢- بە سەرنجدان بەو وەڵام و روونکردنەوانەی دەوڵەتی ئەندام لەوانەیە بیانداتەوە بە کۆمیتەو، هەروەها بە وەبەرچاوگرتنی ئەو زانیارییە بڕواپێکراوانەی کە کۆمیتە لە راست و دروست بوونیان دڵنیایە، کۆمیتە لەوانەیە یەك، یان چەند ئەندامی خۆی بۆ پێڕاگەیشتن و لێکۆڵینەوەی نهێنی راسپێرێ تا دەستبەجێ راپۆرتێك بۆ کۆمیتە ئامادە بکەن.

٣- لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەپێی بەندی ٢ی ئەم ماددەیە، کۆمیتە داوا لەو دەوڵەتە ئەندامە دەکا کە لەم بارەیەوە هاوکاریی بکا. بە سەرنجدان بەو لێکۆڵینەوانەی کراونو، هەروەها بەپێی رێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی پێوەندیدار، رێگا بە لێکۆڵەری کۆمیتە دەدرێ سەردانی ئەو وڵاتە بکا.

٤- کۆمیتە پاش پێڕاگەیشتن و دوای روونبوونەوەی وەڵام و بیروڕای [دەوڵەتی] ئەندام، یان ئەندامان، بە سەرنجدان بە بەندی ٢ی ئەم ماددەیە، بیروڕا و بۆچوونی



ئەوان، وێڕای بۆچوون و هەڵسەنگاندنی خۆیو، بەوەبەرچاوگرتنی هەلومەرج بە ئاگاداریی دەوڵەتی ئەندام دەگەیەنێ.

٥- هەموو قۆناغەکان (ی لێکۆڵینەوە و پێڕاگەیشتن) کە لەلایەن کۆمیتەوە بەڕێوە دەچن، بەپێی بەندی ١ تا ٤ی ئەم ماددەیە، بە نهێنی دەبن. هەروەها لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و پێڕاگەیشتندا داوای هاوکاری لەو دەوڵەتە ئەندامە دەکرێ کە کێشەکە پێوەندیی بەوەوە هەیە. پاش تەواو بوونی رەوتی لێکۆڵینەوەکان و بەپێی بەندی ٢، کۆمیتە دوای راوێژ لەگەڵ دەوڵەتی پێوەندیدار، لەوانەیە بڕیار بدا کە پوختەیەك لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکان بە گوێرەی ماددەی ٢٤ لە راپۆرتی ساڵانەی خۆی (بۆ کۆمەڵەی گشتی)دا، بگونجێن.

**ماددەی ٢١:**

١- هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم رێککەوتننامەیە، بە گوێرەی ئەم ماددەیە هەرکات بیهەوێ دەتوانێ رابگەیەنێ کە سەلاحییەتی ئەم کۆمیتەیە بۆ وەرگرتن و پێڕاگەیشتنی سکاڵای هەر دەوڵەتێکی ئەندام لەبارەی دەوڵەتێکی دیکەی ئەندام سەبارەت بە رەچاونەکردنی پابەندییەکانی خۆی بەم رێککەوتننامەیە، بە رەسمی دەناسێ. بە گوێرەی ئەم هەنگاوە بەکردەوانەی لەم ماددەیەدا هەن، ئەو سکاڵایانە وەردەگیرێن و لێیان دەکۆڵرێتەوە کە دەوڵەتی ئەندام، سەلاحییەتی کۆمیتەی بۆ پێڕاگەیشتنی ئەوان بە رەسمی ناسیبێ و رایگەیاندبێ. هیچ سکاڵایەکی پێوەندیدار بە دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم رێککەوتننامەیە کە ئەو بە رەسمییەت ناسینەی رانەگەیاندبێ، بە گوێرەی ئەم ماددەیە لەلایەن کۆمیتەوە وەرناگیرێ. لە بارەی ئەو سکاڵایانەوە کە بە گوێرەی ئەم ماددەیەوە وەردەگیرێن، بەم جۆرە هەنگاو دەنرێ:

ئەلف- ئەگەر دەوڵەتێکی ئەندام بەو ئاکامە بگا کە دەوڵەتێکی دیکەی ئەندام رێوشوێن و خاڵەکانی ئەم رێککەوتننامەیە بەڕێوە نابا، دەتوانێ بەهۆی نامە سەرنجی

دەوڵەتەکە بۆ ڕاگەیشتن بەو مەسەلەیە، ڕابگێشێ. سێ مانگ پاش گەیشتنی ئاگادارییەکە، دەوڵەتی ئاگادارکراو، ڕوونکردنەوە، یان هەر چەشنە بیروڕادەربڕینێکی دیکەی بە نووسراوە بە مەبەستی ڕوونبوونەوەی کێشەکە دەدا بەو دەوڵەتەی ئاگاداری کردۆتەوە. ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەکان دەبێ تا ئەو جێگایەی دەگونجێ لە بارەی ڕێوشوێنەکانی دادپرسی لە یاسای نێوخۆیی ئەو وڵاتەداو، لەبارەی ئەو هەنگاوانەی بۆ باشترکردنی ئەو ڕێوشوێنانە هەڵگیراون، یان خەریکە هەڵدەگیرێن، هەروەها سەبارەت بەو مەسەلانەی لە حاڵی پێڕاگەیشتنی دان، یان دەرەتانی ئەوە هەیە گۆڕانیان بەسەردا بێ، زانیارییان تێدابێ.

ب- ئەگەر کێشە و گرفتەکان بە جۆرێك بن کە ڕەزامەندیی هەر دوو دەوڵەتی ئەندام، پاش وەرگرتنی یەکەم ئاگادارکردنەوە و لە ماوەی ٦ مانگدا، دابین نەکەن، هەر کام لەلایەنەکان مافی ئەوەیان هەیە بە ناردنی وریاکردنەوەیەك بۆ کۆمیتە و دەوڵەتی بەرانبەر، شێلگیریی خۆیان تا گەیشتنە ئاکامی دڵخواز پێشان بدەن.

ج- کۆمیتە بە سەرنجدان بەم ماددەیە، تەنیا پاش ئەوەی بۆی ڕوون بۆوە کە چاکسازی و هەنگاوی چارەسەرکەرانە لە چوارچێوەی قانوونە نێوخۆییەکانی ئەو دوو وڵاتەدا ئاکامێکی نەبووە و ، دوو دەوڵەتەکە لە چارەسەرکردنی کێشەکەیان بەپێی بنەما قەبووڵکراوەکانی مافە نێونەتەوەییەکاندا هەر سەر ناکەون، ئەو کاتە بە کێشەکە ڕادەگا. ئەم ڕێوشوێنە لە بارەی ئەو سکاڵایانەوە کە پێڕاگەیشتنیان لە ڕێگا قانوونییەکانەوە، ماوەیەکی درێژ دەخایەنێ و لەگەڵ عەقڵ ناگونجێ، یان ئەگەر هەست بەوە بکرێ کە ئەم جۆرە پێڕاگەیشتنە ناتوانی یارمەتییەکی کاریگەر بە دادپرسیی کەسێك بکا کە بەپێی ئەم پەیماننامەیە بە قوربانیی توندوتیژی دەژمێردرێ، بەڕێوە ناچێ.

د- کۆمیتە لە کاتی ڕاگەیشتن بەو سکاڵایانەی پێی گەیشتوون، بەپێی ئەم ماددەیە،



کۆبوونەوەی نهێنی پێکدێنێ.

هـ- بە ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنەکانی خاڵی "ج"، کۆمیتە بە مەبەستی چارەسەری دۆستانەی ئەو بابەتانەی کێشە و ناکۆکییان لەسەرەو، لەسەر بناغەی ڕێزدانان بۆ ئەو بەرپرسایەتییانەی لەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتوون، یارمەتیی بەکردەوە دەخاتە ئیختیار دەوڵەتانی ئەندام. بەو مەبەستە کۆمیتە لە کاتی پێویستدا، کۆمیسیۆنێکی پسپۆڕ لە بواری چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکاندا دیاری دەکا.

و- کۆمیتە بەپێی ئەم ماددەیە لە هەموو ئەو کاروبارانەدا کە بۆ پێڕاگەیشتن و چارەسەرکردن دێنە لای، دەتوانێ لە لایەنە ناکۆکەکانی ئەو دەوڵەتانەی خاڵی "ب" دەیانگرێتەوە، هەر چەشنە زانیارییەکی پێوەندیدار داوا بکا.

ز- دەوڵەتانی ئەندام کە خاڵی "ب" دەیانگرێتەوە، مافی ئەوەیان دەبێ لە کاتی ڕاگەیشتن بە کێشەیەك لە کۆمیتەدا، نوێنەریان هەبێ و تێبینییەکانی خۆیان بە شێوەی زارەکی، یان نووسراوە دەربڕن.

ح- کۆمیتە لەسەریەتی لە ماوەی ١٢ مانگ پاش وەرگرتنی وریاکەرەوە بە گوێرەی خاڵی "ب" ڕاپۆرت بداتەوە:

١- ئەگەر بەپێی ڕێوشوێنەکانی خاڵی "هـ" گەیشتبنە ڕێگاچارەیەك، کۆمیتە ڕاپۆرتەکەی خۆی لە پوختەی ڕاپۆرتێکدا چڕ دەکاتەوە.

٢- ئەگەر ڕێگا چارەیەك بە گوێرەی ڕێوشوێنەکانی خاڵی "هـ" پەیدا نەبووبێ، کۆمیتە لە ڕاپۆرتی خۆیدا ڕووداوەکان بە کورتی شیدەکاتەوە.[ هەروەها ]دەقی کۆنووسی تێبینییە نووسراو و زارەکییەکانی دەوڵەتانی ئەندام، دەکرێتە پاشکۆی ڕاپۆرت. لە بارەی هەر نموونەیەکیشەوە، ڕاپۆرتێك بە دەوڵەتە ئەندامە پێوەندیدارەکان ڕادەگەیەنرێ.

٣- ڕێوشوێنەکانی ئەم ماددەیە کاتێك دەکرێ بەڕێوەبچن کە پێنج دەوڵەتی ئەندامی ڕێککەوتننامە، بەپێی خاڵی ١ی ئەم ماددەیە، جاڕنامە پێشبینیکراوەکانیان دەرکردبێ. ئەو بەیاننامانە بە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێردرێن و وێنەیەك لەوان بۆ دەوڵەتانی دیکەی ئەندامی ڕێککەوتننامە دەنێردرێ. هەر کات سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێویستی بزانێ دەتوانێ بەهۆی ورياکەرەوەیەك، بەیاننامەکە بە خاوەنەکەی وەربگرێتەوە.

دانەوەی بەیاننامە، گۆڕانێك لە ڕەوتی ڕاگەیشتن بە کێشەیەکیان نیوەڕۆکی سکاڵایەك کە پێشتر بە گوێرەی ئەم ماددەیە ناردراوە، پێکناهێنێ.

هیچ سکاڵایەکی دیکە، پاش ئەوەی سکرتێری گشتی داوای وەرگرتنەوەی بەیاننامەی کرد، قەبووڵ ناکرێ. مەگەر ئەوە کە دەوڵەتی ئەندامی پێوەندیدار بە مەسەلەکەوە، بەیاننامەیەکی تازەی دەرکردبێ.

**ماددەی ٢٢:**

١- دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەتوانێ بە گوێرەی ئەم ماددەیە هەر کات بیهەوێ لێوەشاوەیی کۆمیتە بۆ وەرگرتن و پێڕاگەیشتنی سکاڵای ئەو کەسانەی کە ئیددیعا دەکەن بوون بە قوربانیی توندوتیژیی دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە، بە ڕەسمی بناسێ و ڕایبگەیەنێ. هیچ سکاڵایەك لە دەوڵەتێکی ئەندام کە لێوەشاوەیی کۆمیتەی بە ڕەسمی نەناسیووە، لەلایەن کۆمیتەوە وەرناگیرێ.

٢- کۆمیتە ئەو سکاڵایانەی ناوی کەسیان لەسەر نەبێ،و، لەگەڵ ڕێوشوێنەکانی ڕێککەوتننامەدا نەگونجێن، بە گوێرەی ئەم ماددەیە وەرناگرێ. هەروەها ئەوە سکاڵایانەش کە بە مەبەستی کەڵکی خراپ وەرگرتن لەو مافە هاتبنە گۆڕێ، قەبووڵ ناکا.

٣- لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنەکانی بەندی ٢، کۆمیتە بەپێی ئەم ماددەیە، وێڕای



ڕاگەیشتن بە سکاڵاکانی دەوڵەتێکی ئەندام کە بە لادان لە نیوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیە تاوانبار کراوە، بە گوێرەی بەندی ١ سەرنجی بۆ لای ئەو سکاڵایانە ڕادەکێشێ. لە ماوەی ٦ مانگ داوای وەرگرتنی سکاڵاکان، دەوڵەتی تاوانبار کراو بە لادان، ڕوونکردنەوەی بە نووسراوە و زارەکی بە مەبەستی تیشك خستنەسەر مەسەلەکەو، ئەو هەنگاوانەی بۆ باشترکردنی وەزعەکە لەلایەن ئەو وڵاتەوە هەڵگیراون، پێشکێشی کۆمیتە دەکا.

٤- کۆمیتە، سکاڵاکان بە گوێرەی ئەم ماددەیە و بەپێی ئەو زانیارییە ڕوون و ڕاستانەی کە لەلایەن تاك، یان ئەندامێکی پێوەندیدارەوە پێی دەدرێ، دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە و پێیان ڕادەگا.

٥- کۆمیتە لەو سکاڵایانە کە لەلایەن تاك (کەس)ێکەوە و ، بە گوێرەی ئەم ماددەیە پێی دەدرێ، ناکۆڵێتەوە. مەگەر ئەو کاتە کە بۆ کۆمیتە ڕوون ببێتەوە:

ئەلف- بابەتی سکاڵاکە لە ئۆرگانە نێونەتەوەییەکانی دیکەدا نەهاتۆتە گۆڕێ و لێی نەکۆڵراوەتەوە.

ب- تاك (ی سکاڵاکەر) لە پەنابردن بۆ هەموو هەنگاوێکی چارەسەرخوازانە لەلای ناوەندە خاوەن سەلاحییەتەکانی نێوخۆیی، ئاکامێکی وەرنەگرتووە. هەروەها ئەگەر نموونەی ئەوتۆ هەبێ کە ڕەوتی ڕاگەیشتن بە سکاڵاکە بە شێوەیەکی نەگونجاو لەگەڵ عەقڵ، درێژ بوویێتەوە، یان هەست بەوە بکرێ کە ئەم جۆرە پێڕاگەیشتنە ناتوانێ یارمەتییەکی کاریگەر بە دادپرسیی کەسێك بکا کە بەپێی ئەم پەیماننامەیە بە قوربانیی توندوتیژی دەژمێردرێ.

٦- کۆمیتە لە کاتی ڕاگەیشتن بەو سکاڵایانەدا کە پێی گەیشتوون، بەپێی ئەم ماددەیە کۆبوونەوەی نهێنی پێکدێنێ.

٧- کۆمیته بۆچوونەکانی خۆی به ئاگاداریی دەوڵەتی ئەندامی پێوەندیدار و ئەو کەسەی سکاڵاکەی کردوه، دەگەیەنێ.

٨- ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی ئەم ماددەیە کاتێك شیاوی بەڕێوەچوونن کە پێنج دەوڵەتی ئەندامی ڕێککەوتننامە، بەیاننامەکانی پێشبینیکراو لە بەندی ١ی ئەم ماددەیەیان بلاو کردبێتەوە. ئەو بەیاننامانە لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامەوە وەك ئەمانەتێك لەلای سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێن. سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، وێنەی ئەوان بۆ دەوڵەتانی دیکەی پێوەندیدار بەو پەیماننامەیەوە دەنێرێ. هەرکات سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێویستی بزانێ، دەتوانێ بەهۆی وریاکەرەوەیەك، بەیاننامەکە، بە خاوەنەکەی وەربگرێتەوە. وەرگرتنەوەی بەیاننامە، گۆڕانێك لە ڕەوتی ڕاگەیشتن بە کێشەیەك، یان نێوەڕۆکی سکاڵایەك کە پێشتر بە گوێرەی ئەم ماددەیە ناردراوە، پێکناهێنێ.

**ماددەی ٢٣:**

ئەندامانی کۆمیتە و کۆمیسیۆنەکانی پێکهاتوو لە ڕاوێژکارانی پسپۆڕ کە بە پێی ماددەی ٢١ (خاڵی هـ) دیاری دەکرێن، لە کاتی جێبەجێکردنی کار و ئەرکە پێئەسپێردراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ئیمتیاز و پارێزراوی (مصونیت)ی تایبەت بە خۆیان دەبێ. ئەم جۆرە نموونانە لە بەشەکانی سەر بە ڕێککەوتننامەداو، بە پێی ئیمتیاز و پارێزراوییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەست نیشان دەکرێن.

**ماددەی ٢٤:**

کۆمیتە بە گوێرەی ئەم ڕێککەوتننامەیە، تێکۆشانی خۆی لە ڕاپۆرتێکی ساڵانەدا پێشکێش بە دەوڵەتانی ئەندام و کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا.



## بەشی سێهەم

**ماددەی ٢٥:**

١- ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ مۆرکردن لە لایەن هەموو دەوڵەتانەوە کراوەیە.

٢- ئەم ڕێککەوتننامەیە پێویستە لەلایەن دەوڵەتانەوە پەسند بکرێ. (مەبەست لە هێنانی زاراوەی "پەسند کردن" لە پەیماننامە و پڕۆتۆکۆلە نێونەتەوەییەکاندا ئەوەیە کە دەوڵەتان بە گوێرەی یاسای بنەڕەتیی وڵاتی خۆیانو، یان ناوەندە خاوەن سەلاحییەتەکانی وەك پارلمان لەنێوخۆی وڵاتەکەیاندا پەسەندی بکەن).

بەڵگەنامەکانی تایبەت بە پەسندکردن، یان پەیوەستبوون بە ڕێککەوتننامەکە لای سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئەمانەت دادەنرێ.

**ماددەی ٢٦:**

ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ ئەوەی هەموو دەوڵەتان پێیەوە پەیوەست بن، کراوە دەبێ. پەیوەستبوونی دەوڵەتان بە هۆی بەڵگەنامەی پەیوەستبوون کە لە لای سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئەمانەت دادەنرێ، جێبەجێ دەکرێ.

**ماددەی ٢٧:**

١- جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، ٣٠ ڕۆژ پاش سپێردرانی بیستەمین بەڵگەنامەی پەسندکردن، یان پەیوەست بوون بە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەست پێدەکرێ.

٢- هەر دەوڵەتێك کە دوای سپێردرانی بیستەمین بەڵگەنامەی پەسند کردنیان پەیوەست بوون، ئەم ڕێککەوتننامەیە پەسند بکا و ڕەگەڵی بکەوێ، ٣٠ ڕۆژ دوای سپاردنی بەڵگەنامەی پەسند کردنیان پەیوەست بوون بە شوێنی خۆی، لەسەریەتی دەست بکا بە جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە.

**ماددەی ٢٨:**

١- هەر دەوڵەتێك لەوانەیە لە كاتی مۆركردن یان پەسندكردنی ئەم ڕێككەوتننامەیان لە كاتی ڕەگەڵ كەوتنیدا ڕابگەیەنێ كە كۆمیتە بۆ جێبەجێكردنی ئەركە دەست نیشانكراوەكانی بە هۆی ماددەی ٣٠، بە ڕەسمی ناناسێ.

٢- هەر دەوڵەتێكی ئەندام كە مەرج و مافی خۆ دەرهاویشتن لە بەندی یەكی ئەم ماددەیەی بۆ خۆی هیشتۆتەوە، هەر كات بیهەوێ دەتوانێ بە نووسینی نامەیەك بۆ سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان ئەم مەرج و مافە وەلابنێ.

**ماددەی ٢٩:**

١- هەر دەوڵەتێكی ئەندامی ئەم ڕێككەوتننامەیە دەتوانێ گەڵاڵەیەك بۆ گۆرانكاری (لە ڕێككەوتننامەدا) پیشنیاز بكا و دەقی گەڵاڵەكە بە سكرتێری گشتیی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بسپێرێ. سكرتێری گشتی، هەر گەڵاڵەیەكی پێشنیازكرا و بە مەبەستی گۆڕانكاری، بۆ دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە دەنێرێ و داوایان لێ دەكا كە پێی ڕابگەیەنن ئایا لەگەڵ ئەوەدا هەن كۆنفرانسێك لە دەوڵەتانی ئەندام بە مەبەستی هێنانە بەر باسی گەڵاڵە پێشنیازكراوەكان و بڕیار لە سەردانیان پێك بێنێ؟ بەو مەرجەی لانی كەم سێ یەكی دەوڵەتانی ئەندام داواكاری پێكهێنانی كۆنفرانسێكی لەو چەشنە بن، سكرتێری گشتی، كۆنفرانسەكە لە ژێر چاوەدێری و پێڕاگەیشتنی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكاندا پێكدێنێ. هەر چەشنە گۆڕانكارییەك كە لە لایەن زۆرایەتیی دەوڵەتانی ئەندامەوە (كە لە كۆنفرانسەكەدا ئامادە بوون و دەنگ دەدەن) قەبووڵ بكرێ، بە هۆی سكرتێری گشتییەوە بۆ هەموو وڵاتانی ئەندام بە مەبەستی قەبووڵكردن و بەڕێوەبردنی، دەنێردرێ.

٣- گۆڕانكاریی قەبووڵكراو بە سەرنجدان بە بەندی یەكی ئەم ماددەیە لەو كاتەوە دەست بە بەڕێوەبردنی دەكرێ كە دوو لە سێی دەوڵەتانی ئەندامی ڕێككەوتننامە بە



سكرتێری گشتیی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان ڕابگەیەنن كە ئەوان بەگوێرەی قانوونە بنەڕەتییەكانی وڵاتی خۆیان، گۆڕانكارییەكەیان پەسند كردوە.

**ماددەی ٣٠:**

١- هەر دەمبەدمە و ناكۆكییەك كە لە نێوان دوو، یان چەند دەوڵەتی ئەندام لەسەر تێگەیشتن، یان چۆنیەتیی بەكارهێنانی ئەم ڕێككەوتننامەیە پێكبێ‌و، ئەو دەوڵەتانە دەتوانن ئەم ناكۆكییە بەهۆی وتووێژ چارەسەر بكەن، لەسەر داوای یەكێك لەوان ناكۆكییەكە دەبرێتە لای دەستەی داوەران. ئەگەر تا ٦ مانگ دوای ئەو كاتەی داوای پێڕاگەیشتن بە ناكۆكییەكە درابوو بە دەستەی داوەران، دەوڵەتان ئامادە نەبوون بڕیاری دەستەی داوەران قەبووڵ بكەن، هەر كام لە لایەنەكانی كێشەكە دەتوانن ناكۆكیی خۆیان بەرنە دادگای دادی نێونەتەوەیی.

٢- هەر دەوڵەتێك بۆی هەیە لە كاتی مۆركردنی ئەم ڕێككەوتننامەیە،، یان لە كاتی پێوە پەیوەستبوونیدا ڕابگەیەنێ كە لە جێبەجێكردنی بەندی ١ی ئەم ماددەیە خۆی دەردەهاوێژێ. دەوڵەتانی دیكەی ئەندام لەگەڵ ڕێزدانان بۆ هەر وڵاتێك كە ئەم مەرج و مافەی بۆ خۆی پاراستبێ، جێبەجێكردنی بەندی ١ی ئەم ماددەیە لە پێوەندی لەگەڵ ئەوجۆرە دەوڵەتانەدا، بە ئەركی خۆیان نازانن.

٣- هەر دەوڵەتێكی ئەندام كە مەرج و مافی خۆ دەرهاویشتن لە بەندی ٢ی ئەم ماددەیەی بۆ خۆی هێشتۆتەوە، هەر كات بیهەوێ دەتوانێ بە نووسینی نامەیەك بۆ سكرتێری گشتیی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان، ئەو مەرج و مافە وەلا بنێ.

**ماددەی ٣١:**

١- دەوڵەتێكی ئەندام هەر كات بیهەوێ دەتوانێ لە ڕێگای نووسراوەیەك بۆ سكرتێری گشتیی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان، ئەم ڕێككەوتننامەیە

هەڵوەشێنێتەوە و ، دەرچوونی خۆی لەم پەیماننامەیە کە لە راستیدا بە مانای داماڵینی هەر چەشنە دەروەست و بەرپرسیارەتیی خۆی لە ئاست نێوەرۆکەکەیەتی، رابگەیەنێ.

٢- ئەم هەڵوەشاندنەوە و وەدەرکەوتنە، لە بەرپرسیارەتی و دەروەستبوونی دەوڵەتی ئەندام بەرانبەر بەو کردەوانەی هەتا کاتی وەڕەسمی گەڕانی دەرچوونەکەی ئەنجامی داون، کەم ناکاتەوە و ، ناتوانێ لەسەر رێی درێژەی لێکۆڵینەوەی کۆمیتە لە کار و کردەوەکانی پێش ئەو ماوەیەدا، ببێتە کۆسپ.

٣ـ پاش ئەوەی رەوتی چوونەدەری دەوڵەتێك لەرێککەوتننامە گەیشتە دوا قۆناغ و رەسمیەتی پەیدا کرد، کۆمیتە ئیدی لە [کاروباری]دەوڵەتی وەدەرکەوتوو ناپرسێتەوە.

**ماددەی ٣٢:**

١- سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تەواوی دەوڵەتانی ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئەم رێککەوتننامەیەیان مۆرکردوە و پێیەوە پەیوەستبوون، ئاگادار دەکاتەوە لە:

ئەلف- ئیمزاکان (مۆرکردنەکان)، پەسند کردنەکان و پێوەپەیوەستبوونەکان بە پێی ماددەکانی ٢٥ و ٢٦.

ب- کاتی دیاریکراو بۆ دەست پێکردنی بەڕێوەچوون و جێبەجێکردنی رێککەوتننامە بە گوێرەی ماددەی ٢٧و، کاتی دیاریکراو بۆ رەچاوکردن و بەڕێوەبردنی گۆڕانکارییەکان بە گوێرەی ماددەی ٢٩.

ج- هەڵوەشاندنەوەی ئەندامەتی و چوونە دەری دەوڵەتان لەرێککەوتننامە بە گوێرەی ماددەی ٣١.



**ماددەی ٣٣:**

١- دەقە عەرەبی، چینی، ئینگلیزی، فەرانسی، رووسی و ئیسپانییەکەی ئەم رێککەوتننامەیە وەك یەك ئیعتیباریان هەیەو، هەموویان لە لای سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئەمانەت دادەنرێن.

٢- سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وێنەی بڕواپێکراوی دەقی ئەم رێککەوتننامەیە بۆ هەموو وڵاتانی ئەندام دەنێرێ.

---

ئەم نووسراوەیە "ن، نووریزادە" دانیشتووی مۆنترال لە کانادا، کردوویە بە فارسی. دەقی ئەم رێککەوتننامەیە لە سایتی "ایران امروز" وەرگیراوە.

# پەیماننامەی

# ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

# لەبارەی منداڵانەوە

کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەبڕیاری ٢٥/٤٤ لە ١٩٨٩/١١/٢٠دا پەسندی کردوە و بەپێی مادده ٤٥ی ئەم پەیماننامەیە لە ٢ی ئەیلوولی ١٩٩٠-ەوە کاری پێدەکرێ.

**سەرەتا**

بەگوێرەی ڕێوشوێنە بنچینەییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەلایەن هەموو نوێنەرانی کۆمەڵگەی ئینسانیی ئەندامی ئەو ڕێکخراوەوە پەسند کراون، ڕێزدانان بۆ زاتی مرۆڤ و بەرانبەریی بێ ئەملا و ئەولای مرۆڤەکان لەبارەی مافەکانیانەوە، بەدیهێنەری ئازادی، دادپەروەری و ئاشتی لە جیهان دایە.

نەتەوەکانی جیهان لەسەر بناغەی بڕوا هەبوون بەم ڕێز و حورمەتەی مرۆڤ، خوازیاری بەختیاریی هەموو مرۆڤەکان لە چوارچێوەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، باشتربوونی هەلومەرجی ژیانو ئازادیی هەرچی زیاتر دان.



بە قەبوولکردنی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و وەئەستۆ گرتنی بەرپرسیارەتیی دەستراگەیشتنی یەکە یەکەی مرۆڤەکان بەو مافانە کە لەو بەیاننامەیەدا هاتوون، بێ وەبەرچاوگرتنی بەستراوەیی ڕەگەزی، جینسی، ئایینی، کولتووری،ماڵی، نەتەوەیی و هەرچەشنە فەرقوجیاوازییەکی دیکە،

هەروەها بە سەرنجدان بەوە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا لەسەر ڕەچاو کردنی مافە تایبەتییەکانی منداڵان و پشتیوانی لەوان، پێی داگرتوە،

بە ئاگاداری لەوە کە بنەماڵە یەکەمین کۆمەڵگەی پێکهێنەری کۆمەڵ و یەکەم شوێنی پەروەردە و بارهێنانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ و یەکەم بنیاتنەری کەسێتیی منداڵانە،

بە ئاگاداری لەوە کە منداڵان بۆ پشکووتن و گەشەکردنی خۆیان پێویستیان بە هەبوونی بنەماڵەیەك هەیە کە ڕێز و خۆشەویستی و لێکتێگەیشتنی تێدابێ،

بە وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییە کە منداڵ دەبێ بۆ داهاتووی کۆمەڵ ئامادە بکرێ و بەگوێرەی ڕێوشوێنو بایەخە ڕاگەیەندراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، خاوەن کەسێتی و ئاشتیخواز پەروەردە بکرێو، گیانی هاوپێوەندی و لێکتێگەیشتنی تێدا پێکبێ، هەروەها بە سەرنجدان بە پێویستیی پشتیوانیی تایبەتی لە منداڵان بە گوێرەی پەسندکراوە نێونەتەوەییە جۆراوجۆرەکان بۆ وێنە:

ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٢٤ی زایینیی ژنێڤ لەبارەی منداڵانەوە، ڕێککەوتننامەی ڕەچاوکردنی مافی منداڵان پەسندکراوی ٢٠ی نوامبری ١٩٥٩ی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، پەیمانی نێونەتەوەیی لەبارەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان (بەتایبەتی ماددەکانی ٢٣ و

٢٤ی ئەو پەیمانە)، پەیمانی جیهانی بۆ مافە کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوورییەکان، بەتایبەتی ماددەی ٤)، بەڵگەنامەکان و پێڕەوی نێوخۆی ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییانەی بە قازانجی منداڵان تێکۆشانیان هەیە،

بە وردبوونەوە لە نێوەرۆکی بەڵگەنامەکانی مافی منداڵ کە داوا دەکەن: منداڵ سەبارەت بە نابالغ بوونی لەباری جەستەیی و ڕەوانییەوە، پێویستیی بە یارمەتی و پشتیوانیی تایبەتی پێش و دوای لە دایکبوون هەیە،

بە پێی پەسندکراو و ڕێککەوتننامەکانی تایبەت بە مافی منداڵان و بەخشنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی دیاریکردنی لانی کەمی تەمەن و مەرجەکانی سزای قانوونی بۆ منداڵانو، پشتیوانی لە ژنان و منداڵان لە کاتی شەڕ و تێکهەڵچوونی چەکدارانەدا،

لەسەر بناغەی ئەو ڕاستییە کە لە زۆر وڵاتی دنیادا، منداڵان لە هەلومەرجێکی خراپ و نالەباردا دەژین و پێویستە هەنگاوی خێرا و تایبەتی لەم بارەوە هەڵبگیرێ،

هەروەها بە تێگەیشتن لە گرنگی و بایەخی هاوکارییە نێونەتەوەییەکان بە مەبەستی باشتر کردنی هەلومەرجی ژیانی منداڵان لە هەموو جیهان و بە تایبەتی لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردندا، ئەم پەیماننامەیەی خوارەوە بۆ پاراستن و ڕەچاوکردنی مافی منداڵان پەسند دەکرێ:

**ماددەی ١ (پێناسە)**

بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە، منداڵ مرۆڤێکە کە هێشتا تەمەنی ١٨ ساڵیی تەواو نەکردوە، مەگەر ئەوە کە لە وڵاتانی پێوەندیداردا تەمەنێکی زووتر وەك تەمەنی خۆناسین لەباری قانوونییەوە دیاری کرابێ.



**ماددەی ٢ (قەدەغەبوونی جیاوازیدانان)**

١- دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەم پەیمانە، ڕەچاوکردنو بەڕێوەبردنی نێوەرۆکی ئەم پەیماننامەیە لەبارەی هەر منداڵێکەوە کە دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەوان، بەبێ جیاوازیدانانو بێ وەبەرچاوگرتنی هەرچەشنە بەستراوەیی و جیاوازی لەباری ڕەگەزی، ڕەنگی پێست، زایەند، زمان، ئایین، بەستراوەیی سیاسی، پێگەی کۆمەڵایەتی و قەومی و نەتەوەیی، ڕادەی سەروەت و سامان، نەقوستانی، چۆنیەتیی سەرپەرستی کران، دایك و باب و هەر هەلومەرجێك کە منداڵ تێیدا دەژی، دەستەبەر دەکەن.

٢- دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەم پەیمانە، هەموو هەنگاوێکی پێویست دەنێن تا لەوە دڵنیا بن کە هەر منداڵێك لە هەر جۆرە فەرقوجیاوازیدانانێك لە ئەمان دایە و سەبارەت بە بیروڕا دەربڕینو ڕوانگە و بۆچوون و تێکۆشانی دایك و باب، سەرپەرست، یان خزم و کەسەکانی، سزا نادرێ.

**ماددەی ٣ (قازانجی منداڵ)**

١- لە هەڵگرتنی هەر هەنگاوێکدا کە بە جۆرێك پێوەندیی بە منداڵەوە هەیە، چ لە بواری گشتی و چ لە بواری تایبەتی، ئیداری و نائیداری و هەر بەشێکی دیکەدا، لەبەرچاوگرتنی قازانج و دابینکردنی سلامەتیی منداڵ لە سەرووی هەموو مەسەلەیەکەوەیە.

٢- دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەم پەیمانە ئەرکی سەرشانیانە کە وێڕای ڕەچاوکردنی مافی دایك و باب، یان سەرپەرست، پشتیوانی لە منداڵان بکەن و هەنگاوی پێویست لەباری حوقووقی و قانوونییەوە هەڵبگرن.

٣- دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەم پەیمانە دڵنیایی دەدەن کە ستانداردە دیاریکراوەکان

لەبارەی ژمارە و پسپۆریی کاربەدەستانی ئۆرگان و دامەزراوەکانی بەرپرس پشتیوانی لە منداڵ و تێکنیکی پێویست بۆ کارەکانیان دابین دەکەن و لەبواری سەلامەتی و لەشساغیدا کۆنترۆڵی پێویست هەیە.

**ماددەی ٤ (ئەرکی دەوڵەتان)**

دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەم پەیمانە هەنگاوی پێویست و گونجاوی قانوونی، ئیداری و هتد.. هەڵدەگرن تا مافە قەبوولکراوەکانی نێو ئەم پەیماننامەیە بەرێوە بەرن. دەوڵەتان بۆ جێبەجێکردنی نێوەرۆکی ئەم پەیماننامەیە بە سەرنجدان بە مافەکان و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری هەتا ئەو جێگایەی لە دەستیان دێ لە هەموو ئیمکانات و سەرچاوە نەتەوەییەکانی خۆیان و ئەگەر پێویست بوو لە سەرچاوە نێونەتەوەییەکان کەڵك وەردەگرن.

**ماددەی ٥ (مافی دایك و باب)**

دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەم پەیمانە، بایەخی پێویست بە ئەرك، مافەکانو بەرپرسایەتیی دایك و بابەکان و سەرپەرستیی قانوونیی منداڵان دەدەن تا بەرانبەر بە منداڵ و ئەو مافانەی کە بە گوێرەی ئەو پەیماننامەیە پێی دراون، کەمتەرخەمی نەکرابێ.

**ماددەی ٦ (مافی ژیان)**

هەر منداڵێك مافی ژیانی هەیەو ئەوە مافێکی زگماکیی ئەوە، کە لەلایەن هەموو دەوڵەتەکانی ئەندامی پەیمانەوە بەڕەسمی دەناسرێ.

**ماددەی ٧ (مافەکانی پێوەندیدار بە لەدایکبوون)**

١- هەر منداڵێك لەکاتی لەدایکبوونەوە مافی هەبوونی ناوێکی هەیە کە دەبێ لە دەفتەرەکانی پێوەندیداردا تۆمار بکرێ. هەروەها هەبوونی دەوڵەتنامە"تابعیت"



مافی خۆیەتی و ئەگەر بگونجێ دەبێ دایك و بابی خۆی بناسێ و بەهۆی ئەوانەوە سەرپەرستی بکرێ.

٢- دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەم پەیمانە، ئەو مافانەی لەم پەیماننامەیەدا هاتوون، لە حوقووقو قانوونە نێوخۆییەکانی خۆیان و ئەرکە نێونەتەوەییەکانیاندا دەگونجێنن و بەتایبەتی لەبارەی ئەو منداڵانەی هاووڵاتێتی (دەوڵەتنامە)یان نییە، دەستەبەریان دەکەن و بەرێوەیان دەبەن.

**ماددەی ٨ (پاراستنی پێناسەی شەخسی)**

١- دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەم پەیمانە بەرعۆدەن کە مافەکانی منداڵ ڕەچاو بکەن و پێناسەی فەردی، هاووڵاتێتی، ناو و پێوەندییە بنەماڵەییە ناسراوەکانی بەگوێرەی قانوون بپارێزن.

٢- هەرکات هەموو، یان بەشێك لە پێناسەی شەخسیی منداڵ بە شێوەیەکی ناقانوونی خەوشدار بوو، دەوڵەتەکان بە پەلە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم خەسارە، هەنگاو دەنێن.

**ماددەی ٩ (جودایی لە دایك و باوك)**

١- ئەو دەوڵەتانەی ئەم پەیماننامەیەیان مۆر کردوە، دڵنیایی دەدەن کە منداڵ بە پێچەوانەی ویستی دایك و باوکی، لەوان جیا ناکرێتەوە، مەگەر ئەوە کە بە گوێرەی قانوون بسەلمێندرێ کە جیابوونەوەکە پێویست و بە قازانجی منداڵەکەیە. بۆ وێنە کاتێك منداڵ کەڵکی خراپی لێوەردەگیرێ، یان بە کەمتەرخەمییەوە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێ، یان دایك و باوك لێکجیابوونەتەوە و بە جیا دەژین دەبێ وەزعی مانەوەی منداڵەکە ڕوون بکرێتەوە.

٢ـ لەکاتی بەرێوەبردنی بەندی یەکەمی ئەم ماددەیەدا، دەبێ هەموو ئەو کەسانەی

مەسەلەکە پێوەندیی بەوانەوە هەیە لە بڕیارداندا بەشدار بکرێن.

٣ـ دەوڵەتان ئەمەیان لە بیرە کە مافی منداڵ لە بواری پێوەندیی شەخسی و ڕاستەوخۆ لەگەڵ دایك و باوکدا، دەبێ ئەوکاتەش کە لەوان جیاکراوەتەوە، دابین ببێ. تەنیا ئەو کاتانە نەبێ کە ئەم کردەوەیە لەگەڵ بەرژەوەندی منداڵ لە ناتەبایی دایە.

٤ـ هەرکات جودایی لە ئاکامی بڕیار و هەنگاوی دەوڵەتدابوو، وەك زیندانی کردن، دوورخستنەوە و مەرگی دایك وباوك، یان هەردووکیان، یان مردنی منداڵ (مردن بە هەر هۆیەکەوە بێ، گرنك ئەوەیە کە مردووەکە لەوکاتەدا لە بەندی دەوڵەتدا بووە)، دەوڵەتێك کە ئەم پەیماننامەیەی مۆر کردوە لەسەریەتی لەسەر ویستی دایك و باب، یان منداڵ، یان سەرپەرستە قانوونییەکەی، زانیاریی پێویستیان لەبارەی ئەو کەسە پێ بدا کە دیار نییە. تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە ئەم کردەوەیە بە قازانجی منداڵەکە نەبێ و زیانی پێ بگەیەنێ. دەوڵەتەکان دڵنیایی دەدەن کە ئەو کەسانەی داخوازی لەم چەشنە دێننە گۆڕێ، لەلایەن دەوڵەتەوە مەترسییان بۆ پێك نایێ.

### ماددەی ١٠ (پێکگەیاندنەوەی ئەندامانی بنەماڵە)

١- بە شوێن ماددەی ٩، بەندی ١، کە لەم پەیماننامەیەدا هاتووە، هەرکات منداڵ، یان دایك و بابی داوای چوونەدەر لە وڵات، یان چوونە نێو وڵاتێکی دیکە بە مەبەستی پەیوەستبوون بە ئەندامانی بنەماڵەی خۆیان بکەن، بەشێوەیەکی ئینسانی و خێرا ئەم کارە لە لایەن دەوڵەتەوە رادەپەڕێنرێ و، بە هێنانەگۆڕی داخوازێکی لەم چەشنە هیچ مەترسییەك بۆ داواکار و خزم و کەسەکانی لە لایەن دەوڵەتەوە پێکنایێ.

٢- منداڵێك کە دایك و بابی لە چەند وڵاتێکی جیاوازدا دەژین، مافی ئەوەی هەیە لەگەڵ هەردووی ئەوان بە شێوەیەکی شەخسی، ڕێکو پێك و ڕاستەوخۆ پێوەندیی هەبێ، مەگەر لە کاتی هەبوونی هەلومەرجی تایبەتیدا، بۆ وێنە سەبارەت بە



پاراستنی ئەمنییەتی نەتەوەیی، نەزم و ئەخلاقی گشتی، زیان گەیشتن بە ئازادی و مافەکانی کەسانی دیکە، یان پێشێلکرانی ئەم مافانەی لەو پەیماننامەیەدا هاتوون.

### ماددەی ١١ (منداڵ ڕفاندن)

١- دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەم پەیمانە بە مەبەستی خەبات لەگەڵ ڕاگوێزتنی ناقانوونیی منداڵان بۆ دەرەوەی وڵات و ڕاگرتنیان لەوێ، هەنگاوی پێویست هەڵدەگرن.

٢- دەوڵەتان بۆ ئەم مەبەستە، ڕێککەوتننامەکانی یەکتر لەو بارەوە، یان ڕێککەوتننامەکانی دوو لایەنە و چەند لایەنە بۆ ئەم مەبەستە پەسند دەکەن.

### ماددەی ١٢ (ئازادیی بیروڕا)

ئەو دەوڵەتانەی ئەو پەیماننامەیە ئیمزا دەکەن مافی منداڵێك کە توانایی دروست کردنی بیروڕای شەخسیی خۆی هەیە، بەڕەسمی دەناسن. منداڵ لە هەموو بوارێکی پێوەندیدار بە خۆیدا، ئازادیی بیروڕا دەربڕینو هێنانە گۆڕی بۆچوونی شەخسیی خۆی کە لەگەڵ تەمەنو هەڵدانی ویدا گونجاو بێ، هەیە.

### ماددەی ١٣ (ئازادیی وەدەستهێنانی زانیاری)

١- منداڵ مافی ئازادیی بیروڕا دەربڕینی هەیەو ئەم مافە پێوەندیی بە ئازادیی بەدەستهێنانی زانیارییەوە هەیە. منداڵ دەبێ بێ ئەوەی لە بەربەستە دەوڵەتییەکان بترسێ، زانیاریو بیروڕا جۆراوجۆرەکانی خۆی بە قسەکردن، نووسین، یان بە هۆی چاپکردن، بەکاری هونەری و بە هەر ڕێگا و ئامرازێکی دڵخوازی دیکەی خۆیدا، دەربڕێ و بیدا بە کەسانی دیکە.

٢- بەڕێوەچوونی ئەم مافە دەکرێ بە هۆی هێندێك قانوونی دیکەوە و بۆ ئەم مەبەستانە سنووردار بکرێ:

ئەلف- سەبارەت بە پاراستنی مافەکان و ناوبانگی کەسێکی دی،

ب- سەبارەت بە ئاسایشی نەتەوەیی، نەزمی گشتی، ئەخلاق و پاکیی گشتی وسلامەتیی کۆمەڵ.

**ماددەی ١٤ (ئازادیی مەزهەب، ویژدان و بیروڕا)**

١- دەوڵەتان گرنگی بە مافی منداڵ لە بواری ئازادیی بیروڕا، ویژدان و مەزهەب دەدەن.

٢- دەوڵەتان بۆ ئەوەی دایك و باب، یان سەرپەرستی منداڵ بتوانن نەخشی ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری خۆیان لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی تەمەنی منداڵدا بە باشی بەڕێوەبەرن گرنگی بەمافەکان و ئەرکەکانیان دەدەن.

٣- ئازادیی مەزهەب و جیهانبینی تەنیا لە هەلومەرجی قانوونیی دیاریکراودا دەکرێ بەرتەسك بکرێتەوە، ئەویش سەبارەت بە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، ڕاگرتنی نەزمی کۆمەڵایەتی، پاراستنی سلامەتی و خاوێنیی گشتی، یان کاتێك کە ئەو ئازادییە لەگەڵ مافە سەرەتاییەکان و ئازادیی کەسێکی دیکە لە ناتەباییدا بن.

**ماددەی ١٥ (ئازادیی پێکهێنانی ئەنجومەنو گروپ)**

١- دەوڵەتان مافی منداڵان لەبارەی بەشداری لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا بەرەسمی دەناسن.

٢- بەڕێوەبردنو ڕەچاوکردنی ئەو مافە نابێ ببێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەییو نەزمی گشتیو، لەگەڵ ئەخلاقی گشتیو ئازادییە سەرەتاییەکانو ئازادیی کەسانی دیکەدا، نابێ لە دژایەتی دابێ.



**ماددەی ١٦ (پاراستنی هەرێمی شەخسی)**

١- هەرێمی شەخسیو تایبەتیی هیچ منداڵێك نابێ بکەوێتە بەر دەستدرێژی. ئەو هەرێمە کە هەموو بوارو لایەنەکانی پێوەندیدار بە ژیانی بنەماڵەیی، خانووبەرە، ئابڕوو و نامەگۆڕینەوەی شەخسی دەگرێتەوە، نابێ بە ئەنقەستو بە شێوەی ناقانوونی دەستدرێژیی بکرێتە سەر.

٢- هەبوونی پشتیوانیی قانوونی لە بەرانبەر ئەو جۆرە هەڕەشانەدا، مافی هەر منداڵێکە.

**ماددەی ١٧ (کەڵکوەرگرتن لە ئامرازەکانی ڕاگەیەنی گشتی)**

دەوڵەتان بە ئاگاداری لە نەخشی گرنگی ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی، وەبیر دێننەوە کە منداڵ دەبێ دەستی بە هەموو سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی بەرەوژووربردنی زانیاری و ئاگایی، بە تایبەتی ئەوانە کە بۆ سلامەتیی جەستەیی و دەروونیی ئەو بە قازانجن، ڕابگا. بۆ ئەم مەبەستە دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەم پەیمانە دەبێ:

ئەلف- ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی هان بدەن هەتا زانیاری، لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتووریی هەبێ و لەگەڵ نێوەرۆکی ماددەی ٢٩دا بێتەوە.

ب- خوازیاری هاوکاریی نێونەتەوەیی لە بواری بەرهەمهێنان، گۆڕینەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاری بە کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا بن.

پ- پشتیوانی لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی کتێبی منداڵان بکەن و پەرەی پێ بدەن.

ت- ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی هان بدەن تا وەڵامدەری پێویستییەکانی بواری

زمان و قسەکردنی ئەو منداڵانە بن کە سەر بە کەمایەتییە کولتووری و قەومییەکانن.

ج- ئەو قانوونانە هەڵدەسەنگێنن کە بە مەبەستی ئاگاداری لە منداڵان لە بەرانبەر زیانە چاوەڕوانکراوەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا دانراون و وادەکەن ماددەکانی ١٣ و ١٨ بەڕێوەبچن.

**ماددەی ١٨ (بەخێو کردنی منداڵ بە هۆی دایك و بابییەوە)**

١- دەوڵەتان لەسەر ئەمە پێ دادەگرن کە دایك و باوك هەردوو وێکڕا بەرپرسی پەروەردە و گەورەکردنی منداڵن.

٢- دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە بە مەبەستی بەڕێوەچوونی ئەو مافانەی لێرەدا هاتوون پشتگیریی دایك و بابان دەکەن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ پەروەردە و گەورەکردنی منداڵدا.

٣- دەوڵەتان هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵدەگرن تا ئیمکاناتی گونجاو بۆ چاوەدێری و ئاگالێبوونی ئەو منداڵانەی کە دایك و بابیان کار دەکەن، دابین بکەن.

**ماددەی ١٩ (پشتیوانی لەمنداڵان لەبەرانبەر**

**کەڵك لێوەرگرتنیان بۆ مەبەستی خراپ)**

١- دەوڵەتان پشت ئەستوور بە هەموو ئیمکاناتێکی قانوونی، ئیداری، کۆمەڵایەتی و فێرکردن، لەبەرانبەر هەر جۆرە ڕەفتارێکی کەمتەرخەمانە لەگەڵ منداڵان و لە بەرانبەر هەر چەشنە دەستدرێژیی جەستەیی ودەروونی و کەڵك لێوەرگرتنیان بۆ مەبەستی جینسی، پشتیوانییان لێدەکەن.

٢- هەنگاوی پشتگیرانەی دەوڵەتەکان وێرای بەڕێوەبردنی ئەو ڕێگا چارە و بەرنامە



کۆمەڵایەتییانە دەبن کە لە دۆزینەوەی ئەو جۆرە تاوانانە بەرانبەر بە منداڵان و پێشگیری لەواندا، کاریگەرن. هەروەها پێڕاگەیشتن و دەوا و دەرمانی منداڵێك کە بە هۆی ئەم تاوانانەوە زیانی پێگەیشتوە و ، یارمەتی بە دایك و باب و سەرپەرستەکەی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو تاوانانەی لە بەندی ١ی ئەم ماددەیەدا هاتوون، لە ئەستۆی دەوڵەتەکانە.

**ماددەی ٢٠ (پشتیوانی لە منداڵ لە قۆناغی جودایی لە دایك و باوکدا)**

١- منداڵێك کە بە شێوەی کاتی، یان بۆ هەمیشە لە باوەشی بنەماڵە بێبەشکراوە، یان بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆی دەبێ لە بنەماڵەکەی جیا بکرێتەوە، مافی کەڵکوەرگرتن لە یارمەتی و پشتیوانییە تایبەتییەکانی دەوڵەتی هەیە.

٢- دەوڵەتان بەگوێرەی ئەو مافانەی بڕوایان پێیان هەیە و بەپێی قانوونەکانی وڵاتی خۆیان، بە شێوەی جۆراوجۆر یارمەتیی منداڵی لەو چەشنە دەکەن.

٣- وەئەستۆ گرتنی سەرپەرستی و بە منداڵی خۆ قەبووڵکردنی منداڵی ئەوتۆ لە لایەن کەسانی خاوەن سەلاحییەت، جۆرێکە لە سەرپەرستی و ئاگالێبوونی منداڵ. لەم بارەوە دەبێ سەرنج بدرێتە ریشە و پێداویستییە کولتووری، ئایینی و قەومییەکانی منداڵ و، پێویستە پەروەردە و فێرکردنی بەردەوامی بۆ دابین بکرێ.

**ماددەی ٢١ (دەستەبەرە قانوونییەکانی وەرگرتنی کەسێك بە منداڵ)**

ئەو تاقمە لە دەوڵەتانی ئەندامی پەیمان کە سیستمی سەرپەرستی و بە منداڵی خۆقەبووڵکردنیان بەڕەسمی ناسیووە، یان بە ڕەوای دەزانن، بە دڵنیاییەوە رادەگەیەنن کە لە هەموو قۆناغەکاندا، قازانجو بەرژەوەندی منداڵ و ئاسوودەیی ئەو دابین دەکرێ.

ئەو دەوڵەتانە:

ئەلف- بەرعۆدە دەبن کە کاروباری پێوەندیدار بە "قەبوولکردنی کەسێك وەك منداڵی خۆ" تەنیا لەلایەن بەرپرسان و ئۆرگانە دیاریکراو و ڕێگا پێدراوەکان جێبەجێ دەکرێن و لە چوارچێوەی "حقوق جاری" و قانوونە نێوخۆییەکاندا بەڕێوە دەچن و کۆنترۆل دەکرێن.

ب- جۆر و شێوەی نێونەتەوەیی بە "منداڵی خۆ قەبوولکردن" بەڕەسمی دەناسن و ئیمکاناتی دیاریکراو بۆ ئەو منداڵانەش کە لە نێوخۆی وڵاتدا لەو بارەوە بێبەشن، دابین دەکەن.

پ- بەرعۆدە دەبن کە منداڵ لە کاتی کەڵکوەرگرتن لە ئیمکاناتی نێونەتەوەیی قەبوولکران وەك منداڵی کەسێکی دیکە، هەروا لە ژێر پشتیوانیی بێ ئەملاوئەولای دەوڵەتی و نەتەوەییدا دەبێ.

ت- هەموو هەنگاوێکی گونجاو هەڵدەگرن تا "بە منداڵی خۆ قەبوولکردنی منداڵێك لە ئاستی نێونەتەوەییدا" بۆ قازانجی دارایی نەبێ.

ج- لەم چوارچێوەیەدا، خوازیاری مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی دوو، یان چەند لایەنە لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا بن تا لە ئاکامە باش و سەرکەوتووەکانی "وەك منداڵی خۆ قەبوولکردن" لە ئاستی نێونەتەوەییدا، دڵنیایی وەدەست بێنن.

**ماددەی ٢٢ (مافەکانی پەنابەری)**

١- ئەو دەوڵەتانەی ئەم پەیماننامەیەیان مۆر کردوە، بە هەڵگرتنی هەنگاوی گونجاو، مافەکانی منداڵێك کە لە ڕوانگەی قانوونی نێوخۆیی، یان نێونەتەوەییەوە وەك پەنابەر ناسراوە، دەستەبەر دەکەن. ئەم مافانە، یارمەتییە ئینسانییەکان بەمەبەستی وەدیهاتنی هەموو مافێکی گونجاو لەو پەیماننامەیە و پەیماننامە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکانی تایبەت بە دابینکردنی مافی مرۆڤو مافی منداڵدا- بێ



وەبەرچاگرتنی ئەوە کە منداڵ تەنیا، یان لەگەڵ دایكو باب‌و کەسێکی دیکەدا دەژی- دەگرێتەوە.

٢- بۆ ئەم مەبەستە، ئەو دەوڵەتانەی ئەم پەیماننامەیەیان مۆرکردوە هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن تا لە ڕێگای هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان دامەزراوەکانی سەر بەو ڕێکخراوەیە و هەروەها بە هاوکاریی ڕێکخراوە بەرپرسەکانی ناوچەیی و بان- ناوچەیی کە لە بواری پشتیوانی لە منداڵ لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاوکارییان هەیە، ئاگایان لە منداڵی پەنابەر بێ‌و، بە هەموو شێوەیەك یارمەتیی دەدەن تا دایكو باب‌و کەس‌وکاری خۆی بدۆزێتەوە و یەکبگرنەوە. ئەگەر هاتوو ئەوانی نەدۆزییەوە، قانوونی پێوەندیدار بە بێبەشبوونی کاتی، یان هەمیشەیی لە ئامێزی بنەماڵە، وەك منداڵانی دیکە ئەویش دەگرێتەوە (ماددەی ٢٠، بەندی ١).

**ماددەی ٢٣ (مافی منداڵانی نەقوستان)**

١- دەوڵەتان ڕادەگەیەنن کە ئەگەر منداڵێك لەباری جەستەیی و مێشکەوە نەقوستان بوو، با نەقوستانیش بێ، دەبێ ژیانێکی شیاوی مرۆڤی هەبێ، ژیانێك کە ئابڕووی ئەو بپارێزێ و ڕێگای بەشداریی چالاکانە و سەربەخۆی لە ژیانی بەکۆمەڵدا بۆ هاسان بکا.

٢- دەوڵەتان ڕادەگەیەنن کە منداڵی نەقوستان مافی کەڵکوەرگرتن لە پشتیوانیی تایبەتیی دەوڵەتیی هەیە و دەبێ تا ئەو جێگایەی دەگونجێ بۆ ئەو منداڵە، دایك و باب، یان سەرپەرستەکەی، ئیمکاناتی پێویست دابین بکەن.

٣- بە سەرنجدان بە پێداویستییە تایبەتییەکانی منداڵی نەقوستان، یارمەتی و پشتگیرییەکانی گونجاو لە بەندی ٢ی ئەم ماددەیەدا ـ ئەگەر دەست بدەن ـ دەبێ بە جۆرێك ڕێکبخرێن کە وەزعی ماڵیی دایك و باب، یان سەرپەرستی منداڵ، لەبەرچاو

بگیرێو خزمەتە پێشکێش کراوەکان بۆ پەروەردە و فێرکردن و پشکووتن و گەشەکردنی هەرچی زیاتری منداڵ بێ.

٤ـ دەوڵەتان، پشت قایم بە هاوکاریی نێونەتەوەیی، خوازیاری ئاڵوگۆڕی بیروڕا و ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی ئیداری، تەکنیکی، پزیشکی و پەروەردەیی لە بواری منداڵانی نەقوستاندان، بۆ ئەوەی بە تایبەتی وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردندا بە هۆی ئاشنابوون لەگەڵ ئیمکانات و پێشکەوتنە پێویستەکان، بتوانن یارمەتیی و خزمەتێکی زیاتر و کاریگەرتر بەو تاقمە لە منداڵان بکەن.

**ماددەی ٢٤ (چاوەدێرییە پزیشکییەکان)**

١- دەوڵەتان، مافی منداڵ لەبارەی سڵامەتی و کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئیمکاناتێك بۆ پاراستنی سڵامەتیی خۆیان، چاکبوونەوە و دەرمانی نەخۆشی بەڕەسمی دەناسن و، بەرعۆدە دەبن کە هیچ منداڵێك لەو مافە بێبەش نابن.

٢- دەوڵەتان بۆ دابینکردنی ئەم مافەی منداڵ، ئەم هەنگاوە لەبارانە هەڵدەگرن:

ئەلف- ڕێژەی مردنی ساوایان و منداڵان کەم دەکەنەوە.

ب- لە ئاستی سەرانسەریدا خزمەتی دەرمانی بۆ منداڵ ڕێکدەخەن و پێداویستییە سەرەتاییەکانی لەشساغی دابین دەکەن. دەوڵەتان سەرنج دەدەنە سڵامەتیی دایك، پێش و دوای لە دایکبوونی منداڵ و لەگەڵ نەخۆشییەکان، کەمی و خراپیی خواردن بەربەرەکانی دەکەن و لەو پێوەندییەدا ئیمکاناتی دابینکردنی خواردەمەنی و ئاوی خاوێن بۆ خواردنەوە و هەلومەرجی پاراستنی ژینگە پێکدێنن.

پ- بایەخ بە فێرکردنی هەموو خەڵك و بە تایبەتی منداڵان و دایك و بابیان دەدەنو، هەوڵ دەدەن تا هاونیشتمانان فێری ڕێوشوێنە سەرەتاییەکانی لەشساغی و ژیانێکی باشتر بن. ئەوان بۆ وێنە قازانجەکانی شیری دایك، ڕەچاوکردنی پاکوخاوێنیی



شەخسیو خاوێن ڕاگرتنی ژینگە و چۆنیەتیی پێشگیری لە ڕووداوە نەخوازراوەکان فێر دەبن و بە کردەوەش لەلایەن دەوڵەتانەوە پشتیوانییان لێدەکرێ.

ت- ناوەندەکانی ڕاوێژ کردن لەگەڵ دایك و بابەکانو ڕێنوێنی کردنیان لە بواری کۆنترۆڵی سکوزادا پێکدێنن.

٣- دەوڵەتان بە مەبەستی خەبات لەگەڵ بیروبۆچوونی خوڕافی و ئەو عادەتانەی بۆ سڵامەتیی منداڵان زیانیان هەیە، هەنگاوی گونجاو و پێویست دەنێن.

٤- دەوڵەتان بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن کە پشتیوانی لە هاوکارییە نێونەتەوەییەکان بکەن و بۆ بەهێزکردنیان تێبکۆشن تا نێوەرۆکی ئەم ماددەیە بێ کەموکوڕی بێتەدی و، لەم بارەیەوە دەبێ پێویستییەکانی وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردندا سەرنجێکی تایبەتیان پێ بدرێ.

**ماددەی ٢٥ (کۆنترۆل و پێڕاگەیشتنی ڕێکوپێکی شوێنی ڕاگرتنی منداڵ)**

منداڵێك کە لەلایەن بەرپرسانی پێوەندیدار بە کاروبارەکەیەوە بۆ حەوانەوە و ئاگالێبوون و پەرستاری و چارەسەرکردنی نەخۆشیی جەستەیی و دەروونی دەخەوێنرێ، دەبێ هەموو کاروبارێکی پێوەندیدار بەو، بە قازانجی وی بخرێتە ژێر چاوەدێری و پێڕاگەیشتنی ڕێکوپێك. ئەم مافە لەلایەن هەموو دەوڵەتانی ئەندامی پەیمانەوە بەڕەسمی دەناسرێ.

**ماددەی ٢٦ (بیمەو خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان)**

١- دەوڵەتان مافی منداڵان لەبارەی کەڵکوەرگرتن لە بیمەو خزمەتە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەڕەسمی دەناسنو هەنگاوی پێویست بۆ گەیشتن بەم مەبەستە لە چوارچێوەی مافە باوەکانو قانوونە نێوخۆییەکانیاندا، هەڵدەگرن.

٢- لە پێشکێشکردنی ئەو خزمەتانەو یارمەتیدانی منداڵدا، دەبێ هەلومەرجی

گشتی و ئابووریی منداڵو دایكو باب، یان سەرپەرستە قانوونییەکەی لەبەرچاو بگیرێ.

**ماددەی ٢٧ (ستانداردو ئاستی ژیان)**

١- دەوڵەتان مافی منداڵ لەبارەی هەبوونی ئاستێك لە ژیان کە لەگەڵ هەلومەرجی ژیانو گەشەی رووحی، جەستەیی، قەومی و کۆمەڵایەتیی ئەودا بگونجێ، بەرەسمی دەناسن.

٢- دابینکردنی هەلومەرجی دڵخواز بۆ منداڵ، بە پلەی یەکەم ئەرکی دایكو باب، یان سەرپەرستەکەیەتی.

٣- دەوڵەتان بە گوێرەی ئیمکاناتو قانوونە نێوخۆییەکانیان، هەوڵ دەدەن تا یارمەتیی پێویست بە دایكو باب، یان سەرپەرستی قانوونیی منداڵ بکەنو ئەگەر پێویست بوو، خواردن، خانووبەرەو جلوبەرگیان بۆ دابین دەکەن.

٤- دەوڵەتان بۆ دابین کردنی داخوازە ماڵییەکانی منداڵ لە دایكو باب، یان سەرپەرستەکەی لە نێوخۆ، یان دەرەوەی وڵات، هەنگاوی پێویست هەڵدەگرن.

**ماددەی ٢٨ (مافی پەروەردەو فێربوون)**

١- دەوڵەتان مافی پەروەردەو فێربوون بۆ منداڵان بەڕەسمی دەناسنو بەتایبەتی بۆ وەدیهاتنی:

ئەلف خوێندنی قۆناغی سەرەتایی بۆ هەمووان دەکەنە زۆریو خۆڕایی.

ب- قوتابخانەی جۆراوجۆری فێرکردنو حیرفەیی پێکدێننو بە هەرزان، یان بە خۆڕایی دەینێنە خزمەت کەسانی دەستکورتو کەمداهات.

پ- ڕێگای چوون بۆ خوێندنگە بەرزەکان بۆ هەمووان تەخت دەکەنو پشتیوانیی



لێدەکەن.

ت- راوێژکاری لەبارەی کارو پیشەوە بۆ هەموو منداڵان دابینو کارهاسانیی بۆ دەکەن.

ج- بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو منداڵانەی دەست لە خوێندن هەڵدەگرن، تێدەکۆشنو هەنگاوی گونجاو بە مەبەستی چوونی بەردەوامو ڕێكوپێکی منداڵان بۆ قوتابخانە دەهاوێژن.

٢- دەوڵەتانی ئەندامی پەیمان هەوڵی خۆیان دەدەن تا ڕەوتی پەروەردەو فێرکردن لە قوتابخانەکان، لەگەڵ ڕێزو حورمەتی ئینسانیدا، بێتەوە و لەگەڵ نێوەرۆکی ئەم پەیماننامەیەدا بگونجێ.

٣- دەوڵەتەکان پێشوازی لە هاوکارییە نێونەتەوەییەکان لە بواری پەروەردەو فێرکردندا دەکەنو بەتایبەتی لەسەر خاشەبڕکردنی نەخوێندەواریو پەرەپێدانی زانستو تێکنیك پێدادەگرنو لەم بارەوە پێویستییەکانی وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردندا، سەرنجی زیاتریان دەدرێتێ.

**ماددەی ٢٩ (ماددە پەروەردەییەکان)**

١- دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە دیسەلمێنن کە پەروەردەکردنو ڕاهێنان دەبێ:

ئەلف ـ کەسایەتی، ئیستیعدادو تواناییە ڕەوانیو جەستەییەکانی منداڵ بەهێز بکاو بیان پشکوێنێ.

ب- هەستی ڕێزدانانو بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤو ئازادییە بنەڕەتییەکانی پەسندکراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە منداڵاندا پێکبێنێ.

پ- سەرنجی منداڵ بۆ لای پێناسەی کولتووری، زمانو بایەخە میللییەکانی

نیشتمانی باب‌و باپیرانی ڕابکێشێ‌و ڕێزنان لە کولتووری سەرزەوییەکانی دیکەی تێدا بەهێز بکا.

ت- منداڵ بۆ ژیان لە کۆمەڵێکی ئازاددا لەسەر بناغەی لێکتێگەیشتن، ئازادی، حەوانەوە لەگەڵ بیروڕای جیاوازو جیابیران، بەرابەریی مافەکانی ژن‌و پیاو و دۆستایەتیی نێوان گەلان‌و نەتەوەو ئایینە جۆراوجۆرەکان ئامادە بکا.

ج- هۆگری‌و سەرنجی منداڵ بۆ لای ژینگەو سروشت ڕابکێشێ.

٢- ئەم ماددەیەو ماددەی ٢٨ نابێ بەجۆرێك لێکبدرێنەوە کە ببنە هۆی پێشێلکردن‌و زەوتکردنی ئازادیی کەسێکی حەقیقی‌و، یان کەسێکی حوقووقیی دیکە. لە دروستکردنی قوتابخانەکانی تایبەت بە فێرکردنیشدا بە سەرنجدان بە بەندی ١، دەبێ لانیکەمی ستانداردە دیاریکراوەکانی دەوڵەتی، هەبن.

## ماددەی ٣٠ (پشتیوانی لە کەمایەتییەکان)

منداڵانی سەر بە کەمایەتییە ئایینی، قەومی و زمانییەکان لەو وڵاتانەدا کە ئەم کەمایەتییانە هەن، مافی ئەمەیان هەیە وێڕای ناسیاوانی دیکەیان بە کۆمەڵ، یان بە شێوەی تاقە کەسی، کەڵك لە زمان‌و کولتوورو ئایینی خۆیان وەربگرن.

## ماددەی ٣١ (مافی یاریکردن‌و کاتی حەسانەوە)

١- دەوڵەتان مافی منداڵان لەبارەی یاریکردن‌و هەبوونی سەرگەرمی‌و کاتی حەسانەوە بەڕەسمی دەناسن. منداڵ دەتوانێ ئازادانەو بە شێوەیەکی چالاکانە لە کاروباری کولتووری‌و هونەریی گونجاو لەگەڵ تەمەنی خۆیدا، بەشدار بێ.

٢- دەوڵەتان سەرنج دەدەنە مافی منداڵ لەبارەی تێکۆشانی کولتووری‌و هونەرییەوەو، بەکارو هەنگاوەکانی خۆیان، پشتیوانیی لێدەکەن‌و پێویستییەکانی تێکۆشانی کولتووری‌و هونەری‌و کاتی حەسانەوەو سەرگەرمکردنی منداڵ، دابین دەکەن.



## ماددەی ٣٢ (قەدەغە بوونی چەوساندنەوە)

١- دەوڵەتان ئەم مافە بەڕەسمی دەناسن کە منداڵ لەباری ئابوورییەوە نابێ بچەوسێتەوەو، نابێ کارێکی پێبکرێ کە بۆ سلامەتیی لەش‌و گیانی‌و بۆ هەڵدان‌و گەشەکردنی ئەو، زیانی هەیە.

٢- دەوڵەتان بۆ دەستەبەر کردن‌و جێبەجێکردنی ئەو مافە، لە ئیمکاناتی جۆراوجۆری قانوونی، کۆمەڵایەتی، ئیداری‌و فێرکردن کەڵك وەردەگرن. دەوڵەتان بۆ ئەم مەبەستەو بۆ هاوهەنگاوی لەگەڵ پەیماننامەو ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکانی دیکەدا، وێڕای دیاریکردنی تەمەنی کار کردن‌و ماوەو هەلومەرجی کاری منداڵ، سزای جۆراوجۆر لەگەڵ گەمارۆی ئابووری بۆ ئەو دەوڵەتانەی لەو بارەوە خەتاکارن، دیاری دەکەن.

## ماددەی ٣٣ (پشتیوانی لە بەرانبەر مەوادی سڕکەردا)

دەوڵەتان شانبەشانی کەڵکوەرگرتن لە ئیمکاناتی قانوونی، ئیداری، کۆمەڵایەتی‌و فێرکردن، هەموو هەنگاوێکی پێویست بە مەبەستی پشتیوانی لە منداڵ لە بەرانبەر ئەو ماددانەدا کە بە گوێرەی بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکان دەبنە هۆی ئیعتیاد، هەڵدەگرن‌و بەدژی بەکارهێنانی ناقانوونیی منداڵان لە بەرهەمهێنان‌و بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە ماددانەدا، دەوەستن.

## ماددەی ٣٤ (پشتیوانی لە بەرانبەر کەڵکی خراپ وەرگرتن بۆ مەبەستی جینسی)

دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن لە بەرانبەر هەر جۆرە چەوساندنەوەو کەڵکی خراپ وەرگرتنی جینسیدا، پشتیوانی لە منداڵان بکەن. دەوڵەتان بۆ ئەم مەبەستە هەم لە ئاستی نێوخۆیی‌و هەم لە ئاستی دەرەوەدا هێندێك هەنگاو هەڵدەگرن بۆ ئەوەی:

ئەلف- منداڵان نەکێشرێنە نێو پێوەندیی جینسیی ناقانوونیو زۆرەملییەوە.

ب- منداڵان لە بواری لەشفرۆشیدا کەڵکیان لێوەرنەگیرێ.

پ- منداڵان بۆ پۆرنۆگرافیو نمایشە سێکسییەکان بەکار نەهێنرێن.

**ماددەی ٣٥ (کڕینو فرۆشتنی مرۆڤ)**

دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئیمکاناتی نێوخۆییو دەرەوە، ناوچەییو سەرووی ناوچەیی دزینو کڕینو فرۆشتنی منداڵان بە هەر مەبەستێك بێ، پێشی پێ دەگرن.

**ماددەی ٣٦ (پشتیوانی لە بەرانبەر جۆرەکانی دیکەی چەوساندنەوەدا)**

دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە، لە بەرانبەر هەر جۆرە چەوساندنەوەیەکدا کە زیانی بۆ منداڵان هەبێ، پشتیوانییان لێدەکەن.

**ماددەی ٣٧ (قەدەغە بوونی ئەشکەنجەو پێویستیی دەستەبەری قانوونی بۆ بەڕێوەبردنی سزا)**

دەوڵەتان بەرعۆدە دەبن کە:

ئەلف - هیچ منداڵێك ئەشکەنجە نەدرێو ڕەفتاری نامرۆییو پڕ لە سووکایەتیی لەگەڵدا نەکرێ. بەڕێوەبردنی سزای ئیعدامو زیندانی درێژخایەن لە دژی منداڵان بەر لە تەواوکردنی تەمەنی ١٨ ساڵی، قەدەغەیە.

ب - دەستبەسەرکردنو زیندانیکردنی ناقانوونیو بە گوێرەی بڕیاری شەخسی، قەدەغەیە. حوکمی زیندانیکردنی منداڵ دەبێ بە گوێرەی قانوونو وەك دوا ڕێگا، ئەویش بۆ ماوەیەکی زۆر کورت، بێ.

پ- هەر منداڵێك کە دەخرێتە زیندان، دەبێ ڕەفتارێکی مرۆییو دوور لە سووکایەتیو گونجاو لەگەڵ تەمەنی خۆیدا لەگەڵ بکرێ. ئەو جۆرە منداڵانە دەبێ لە



زینداندا لە گەورەکان جوێ بکرێنەوە، مەگەر ئەوە کە ئەو جوێکردنەوەیە بە قازانجیان نەبێ. هەر منداڵێك لە هەلومەرجی دەگمەنو نائاساییدا نەبێ، مافی ئەوەی هەیە چاوی بە بنەماڵەکەی بکەوێ، یان بە هۆی نامەوە لەگەڵیان لە پێوەندی دابێ.

ت- هەر منداڵێکی زیندانی بۆ داکۆکیکردن لە خۆی، مافی گرتنی پارێزەری هەیەو دەبێ لە دادگایەکی قانوونیدا کە سەر بە دەوڵەت، حیزب، تاقم، یان ئایینێکی تایبەتی نەبێ، دادگایی بکرێ. منداڵ ئەو مافەی هەیە سکاڵای خۆی لەبارەی حوکمێك کە بۆیان بڕیوەتەوە بەرێتە لای ناوەندە قانوونییە خاوەن سەلاحییەتەکانو مافی خۆیەتی کە خێرا بە داواکەی ڕابگەن.

**ماددەی ٣٨ (پشتیوانی لە پێوەندی لەگەڵ سەربازیو چوونە شەڕدا)**

ئەرکی قانوونیی سەرشانی دەوڵەتانە کە تەنانەت لە هەلومەرجی شەڕیشدا، قانوونە ئینسانییەکانی پێوەندیدار بە منداڵان بەڕێوە بەرنو چاوەدێری بە سەر بەڕێوەچوونی ئەو قانوونانەدا بکەن.

٢- دەوڵەتان بەرعۆدە دەبن کە هیچ منداڵێك پێش تەواوکردنی تەمەنی ١٥ ساڵی بەشداری شەڕ نەکرێنو بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرپرسیارەتییە هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵدەگرن.

٣- دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە، کەسانێك کە هێشتا تەمەنی ١٥ ساڵییان تەواو نەکردوە، نانێرنە شەڕو لە هەلومەرجی نائاساییدا تەنیا لە کەسانی سەرووی ئەو تەمەنە کەڵك وەردەگرن.

٤ـ دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە لە کاتی شەڕدا، هەموو هەنگاوێکی پێویست بە مەبەستی پشتیوانی لەو منداڵانەی شەڕ زیانی پێگەیاندوون، هەڵدەگرن.

## ماددەی ٣٩ (پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیی منداڵانی زیان پێگەیشتوو)

بە مەبەستی سلامەتیی دەروونی، جەستەییو کۆمەڵایەتیی منداڵێك کە بووە بە قوربانیی جۆرێك لە بەدرەفتاری، ئەشکەنجە، چەوساندنەوەو هەر کردەوەیەکی دژی ئینسانی، دەوڵەتانی ئەندامی پەیمان هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵدەگرن.

بنیاتنانەوەی جەستەیی و دەروونی دەبێ لە جێگایەکی لەبارو لە هەلومەرجێکی گونجاودا، سلامەتیو حورمەتی منداڵ دابین بکا.

## ماددەی ٤٠ (بنیاتنانەوەی کۆمەڵایەتیی منداڵانی تاوانبار)

١- دەوڵەتان یارمەتیی هەر منداڵێك دەکەن کە بە دوای ماوەیەك گیران، یان تاوانبارکردندا زیانی پێگەیشتووە و هەنگاوی پێویست بۆ دەرمان و چارەسەرکردنی هەڵدەگرن، بە جۆرێك کە حورمەتی نەشکابێو ڕێزدانان بۆ مافی مرۆڤ و توانایی ئەو بۆ بەڕێوەبردنی نەخشێکی باش لە کۆمەڵدا بە سەرنجدان بە تەمەنی، لەودا بەهێز بکرێ.

٢- هاودەنگ لەگەڵ پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی دیکەدا، دەوڵەتان بەرعۆدە دەبن کە هیچ منداڵێك سەبارەت بە کردەوەیەك کە لەکاتی ئەنجامدانیدا بە گوێرەی قانوون "تاوان" نەبووە، سزا نادرێنو، هەر منداڵێك کە بە جۆرێك لە بەرانبەر قانووندا بە تاوانبار ناسراوە و تاوانی دەدرێتە پاڵو سزای دەدرێ، لانیکەم ئەو مافانەی هەن:

ئەلف- تا ئەو کاتەی تاوانەکەی بەشێوەیەکی قانوونی لەسەر جێ نەکراوەتەوە، بێتاوانە.

ب- دایكو باب، یان سەرپەرستی منداڵەکە دەستبەجێ لە تاوانەکە ئاگادار دەکرێنەوە و ، دەتوانن لە ئامرازی حوقووقی و گرتنی پارێزەر بۆ داکۆکی لە منداڵەکە، کەڵك وەربگرن.

پ- دادگا، یان هەر دامەزراوێکی حوقووقیی پێوەندیدار، دەبێ دەستبەجێ لە تاوانی منداڵەکە بکۆڵنەوە و ، ئەگەر تەمەنو هەلومەرجی منداڵەکە ڕێگا بداو قازانجو



ئاسوودەیی ئەو زیانیان پێ نەگا، دایكو باب، یان سەرپەرستی ئەویش لە دادگادا بەشدار دەبن.

ت- منداڵ نابێ ناچار بکرێ کە شایەدی بدا، یان خۆی بە تاوانبار بزانێو، یان لە ڕێگای پێوەندی لەگەڵ شاهیدان، شوێنیان لەسەر دابنێ.

ج- هەرکات بڕیاری دادگای سەرەتایی بریتی بوو لە تاوانبارکردنو سزادانی منداڵ، دەبێ دادگا، یان ناوەندێکی سەرووتر کە سەر بە دەوڵەت، حیزب، تاقمو ئایینێك نینو بە تەواوی نەبەستراوەن، چاو بەو حوکمەدا بخشێننەوە و بە سکاڵای پێوەندیدار بە حوکمەکە ڕابگەن.

چ- ئەگەر منداڵ زمانی (لێکۆڵەر) نازانێ، دەبێ بێئەوەی داوای کرێی لێبکەن وەرگێڕی بۆ بگرن.

ح- هیچکات نابێ هەرێمی تایبەتیی منداڵو کەسایەتیی ئەو زیانیان پێبگا.

٣- دەوڵەتان هەوڵ دەدەن بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئیمکاناتێکی جۆراوجۆر ڕەوتی کاری دادگا باشتر بکەنو، لەو جۆرە ناوەندانەدا هاوکاریی منداڵان بکەن. بەتایبەتی:

ئەلف- دیاریکردنی لانیکەمی تەمەن بۆ ئەوەی ئەگەر منداڵێك تاوانێکی ئەنجامدا، بتوانن وەك تاوانباری بناسن.

ب- هەوڵدان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان بێئەوەی کار بکێشێتە دادگا، بەڵام بە پێداگرتن لەسەر بەڕێوەچوونی مافی مرۆڤ و قانوونە مەدەنییەکان.

٤- بۆ دڵنیایی لە سلامەتیی ڕەوتی حوقووقی و بۆ ئەوەی هیچ ستەمێك لە منداڵ نەکرێ، دەبێ زنجیرەیەك کارهاسانی، لە پێشەوە، یان هەر لەکاتی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەدا، بکرێن. بۆ وێنە: دیاریکردنی سەرپەرست، دابینکردنی چاوەدێری و ڕاوێژی پێویست، دەستەبەرکردنی ئازادیی مەرجدارو چارەسەری کێشەکانی دیکەی پێوەندیدار بە

سەرپەرست، پەروەردەو فێرکردن و زۆر خاڵی دەروونناسی و کۆمەڵایەتیی دیکە.

**ماددەی ٤١ (لە پێشەوەبوونی هێندێك وڵاتی دنیا لەباری حوقووقییەوە)**

ئەم پەیماننامەیە هیچ ناتەباییەکی نییە لەگەڵ مافەکانی منداڵان لەو وڵاتانـەدا کـە لـەم بارەوە پێشکەوتووترنو، لە ڕێگای وەدیهاتنو بەرێوەچوونی باشتری مافـەکانی منداڵانـدا نابێ بە کۆسپ، بە مەرجێك کە ئەو مافانە بۆ منداڵان گونجاوتر بن:

ئەلف- بەشێك بن لە قانوونەکانی دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم پەیمانە.

ب- بەشێك بن لە مافە نەتەوەیی و مەدەنییەکانی ئەو وڵاتە.

## بەشی دووهەم

**ماددەی ٤٢ (ناساندنی ڕێککەوتننامە)**

دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە بە ئەرکی سەرشـانی خۆیـانی دەزانـن کـە نیـوەرۆكو پەسندکراوەکانی ئەم پەیماننامەیە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بـە ئاگـاداریی گـەورەکانو هەروەها منداڵان بگەیەنن تا ئەوان لەگەڵ ئەم پەیماننامەیە ئاشنا بن.

**ماددەی ٤٣ (کۆمیسیۆنی مافی منداڵان)**

١- کۆمیـسیۆنی مـافی منـداڵان، بـۆ چـاوەدێری بەسـەر بەرەوپێشـچوونی ئـەو کاروبارانەدا کە حکوومەتانی ئەندامی پەیمان بەرعۆدە بوون بـەرێوە بـەرن، پێکـدێ. ئەو کۆمیسیۆنە ئەم ئەرکو بەرپرسایەتییانەی دەکەونە سەرشان:

٢- کۆمیسیۆن لە ١٠ کەس کـە لـە بـاری ئـەخلاقو شـارەزایی لـە کارەکەیانـەوە، پسپۆڕی پایەبەرزن، پێکدێ کە لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیماننامەیەو لە نێو دانیشتووانی ئەوان هەڵدەبژێردرێن. لە پێکهاتەی ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنەدا سەرنج



دەدرێتە بەربڵاویی جۆگرافیاییو سیستەمی حوقووقیی وڵاتان.

٣- ئەندامانی کۆمیسیۆن بە شێوەی نهێنیو لە نێو لیستی پێشنیازکراوی دەوڵەتانی ئەندامی پەیمان هەڵدەبژێردرێن. هەر دەوڵەتێك دەتوانـێ یـەکێك لـە هاونیـشتمانانی خۆی پێشنیار بکا.

٤- یەکەمین هەڵبژاردنی گشتی کۆمیسیۆن، لانی زۆر ٦ مانگ پاش پەسـند کرانـی ئەم پەیماننامەیە بەرێوە دەچێو هەڵبژاردنی دواتـر، هـەر دوو سـاڵ جارێـك دەکـرێ. سکرتێری گـشتیی بـە نووسـراوەو لانـی زۆر ٤ مـانگ پـێش (هەڵبـژاردن) داوا لـە دەوڵەتانی ئەندامی پەیمان دەکا کـە پێـشنیازەکانی خۆیـان لـە مـاوەی دوو مانگـدا پێشکێش بکەن. سکرتێری گشتی بە گوێرەی ئەو پێـشنیازانە، هـەموو ناوەکـان بـە پێی تەرتیبی پیتەکانی ئەلف و بێو ڕوونکردنەوەی ناوی دەوڵەتی پێـشنیازدەر، ریـز دەکاو بە ئاگاداریی هەموو دەوڵەتانیان دەگەیەنێ.

٥- کۆبوونەوە بۆ هەڵبژاردن کـە لـە لایـەن سـکرتێری گـشتیی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکانەوە رادەگەیەنرێو پێکدێ، کاتێك سەلاحییەتی بڕیاردانی هەیە کـە دوو لە سێی دەوڵـەتانی ئەنـدامی پـەیمان تێیـدا بەشـداربن. کەسـانی پێـشنیازکراو بـۆ لیستەکە ئەگەر زۆرایەتیی ڕەهای دەنگـی بەشـداران وەدەسـت بێـنن، وەك نوێنـەرو پسپۆڕی ئەندامی کۆمیسیۆن دەناسرێن.

٦- ئەندامانی کۆمیسیۆن بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێنو ئەگەر جارێکی دیکە پێشنیاز بکرێنەوە، دەتوانن سەر لە نـوێ هەڵبژێردرێنـەوە. مـاوەی ئەندامـەتیی ٥ کەس لە ئەندامانی کۆمیسیۆن کە جاری یەکەم هەڵبژێردراون، پاش دوو سـاڵ تـەواو دەبێ. ناوی ئەو پێنج کەسە بەهۆی قورعـە (پـشك لـێ هاوێـشتن) دیـاری دەکـرێو دەستبەجێ بە دوای هەڵبژاردندا رادەگەیەندرێ.

٧- هەر کات ئەندامێکی کۆمیسیۆن بمرێ، یان دەست لە کار بکێشێتەوە، یان ئەگەر

ئەندامێک بەهەر هۆیەک نەیتوانی ئەرکەکانی جێبەجێ بکا، دەوڵەتێک کە ئەوی پێشنیار کردوە، لە نێو دانیشتووانی خۆیدا، پسپۆرێک دەناسێنێ کە بە رەزامەندیی کۆمیسیۆن، هەتا تەواوبوونی پاشماوەی دیاریکراو، دەبێتە ئەندامی کۆمیسیۆن.

٨- کۆمیسیۆن رێوشوێن‌و بەرنامە بۆ کارو تێکۆشانی خۆی دادەنێ.

٩- کۆمیسیۆن دەستەی بەڕێوەبەری خۆی بۆ ماوەی دوو ساڵ دیاری دەکا.

١٠- کۆبوونەوەکانی کۆمیسیۆن ساڵێ جارێک لە بنکەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان هەر شوێنێکی لەباری دیکە کە کۆمیسیۆن دیاریی بکا پێکدێ. ماوەی کۆبوونەوەکە بە رێککەوتن لەگەڵ سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دیاری دەکرێ.

١١- جێگاو شوێن‌و ئەو هێزە ئینسانییەی کە کۆمیسیۆن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی پێویستی دەبن، لە لایەن سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دابین دەکرێن.

١٢- ئەندامانی کۆمیسیۆن بە رەزامەندیی کۆمەڵەی گشتیی دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە مووچەیەکیان بۆ دەبڕێتەوە کە لە سندووقی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و بە گوێرەی ریوشوێنەکانی ئەو، دابین دەکرێ.

**ماددەی ٤٤ (راپۆرت دان‌و راپۆرت وەرگرتن)**

١- دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە ئەرکی سەرشانیانە کە راپۆرتی تێکۆشانی خۆیان‌و ئەو هەنگاوانەی بە مەبەستی بەدیهێنانی نێوەرۆکی ئەم پەیماننامەو جێبەجێکردنی بڕیارەکانی هەڵیان گرتوون، بەم پێیە ئامادەو پێشکێشی بکەن:

ئەلف- دوو ساڵ دوای پەسندکردنی ئەم پەیماننامەیە لە لایەن هەر دەوڵەتێکەوە کە بە ئەندام وەردەگیرێ.



ب- پاشان هەر پێنج ساڵ جارێک.

٢- لە راپۆرتەکاندا ئەو گیروگرفتە سەرەکییانەی کە کۆسپی سەر رێگای جێبەجێکردنی راسپاردەکان بوون، ناو دەبەن‌و چۆنیەتیی جێبەجێکردن‌و بەڕێوەبردنی راسپاردەکان بە روونی‌و بە تەواوی رادەگەیەنن.

٣- نیوەرۆکی ئەو راپۆرتە دەوڵەتییانەی پێشکێش کۆمیسیۆن دەکرێن نابێ لە راپۆرتەکانی دواتردا کە بە گوێرەی بەندی (ب)ی خاڵی (١)ی ئەم ماددەیە دەدرێن بە کۆمیسیۆن، دووپات بینەوە.

٤- کۆمیسیۆن دەتوانێ لە بارەی چونیەتیی بەڕێوەبردنی ئەم پەیماننامەیە، لێکۆڵینەوە لە دەوڵەتە پێوەندیدارەکان بکا.

٥- کۆمیسیۆن راپۆرتی تێکۆشانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی خۆی هەر دوو ساڵ جارێک پێشکێشی کۆمەڵەی گشتی دەکا.

٦- دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە ئەو راپۆرتانەی داویانن بە کۆمیسیۆن، لە وڵاتی خۆیاندا بڵاویان دەکەنەوەو بە ئاگاداریی خەڵکیان دەگەیەنن.

**ماددەی ٤٥ (ئەرکی ئۆرگانە تایبەتییەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان)**

بۆ بەرەوپێشبردن‌و بەڕێوەبردنی لێبڕاوانەی ئەم پەیماننامەیەو پەرەپێدانی هاوکارییە نێونەتەوەییەکان لەم پێوەندییەدا:

ئەلف- "کارگەی یارمەتیی منداڵان"و رێکخراوو دامەزراوە تایبەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەوبوارانەدا کە پێوەندییان بە ئەرکەکانیان‌و کارەکانیانەوە هەیە، بۆ بەڕێوەبردنی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان، نوێنەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن.

کۆمیسیۆن ئەگەر بە پێویست بزانێ دەتوانێ ئەو ئۆرگانە تایبەتیانەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری لە بوارە پێوەندیدارەکاندا، بانگهێشتن بکاو یارمەتییان لێ بخوازێ.

ب- کۆمیسیۆنی مافی منداڵان ئەگەر پێویست بوو پێوەندی بە ئۆرگانەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەگرێو لەگەڵ هێنانەگۆڕێی داوای خۆی بە نووسراوەو پێشکێشکردنی ڕاپۆرتی ئەو وڵاتانەی بۆ کاری خۆی لە بەرنامەی دان، لە باری تێکنیکیو پسپۆرییەوە یارمەتیی فکری لەو ئۆرگانانە دەخوازێ.

ج- کۆمیسیۆن دەتوانێ بەمەبەستی جێبەجێکردنی نێوەرۆکی ماددەکانی پێوەندیدار بە مافی منداڵانەوە لە ڕێگای کۆمەڵەی گشتییەوە، پرسیارو وڵامەکانی لەگەڵ سکرتێری گشتی بێنێتە گۆڕێ.

د- کۆمیسیۆن دەتوانێ بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی بە پێی ماددەکانی ٤٤، ٤٥ بەدەستی هێناون، پێشنیارو ڕاسپاردەی پێویست بدا بە دەوڵەتی پێوەندیدارو کۆمەڵەی گشتییان لێ ئاگادار بکا.

## بەشی سێهەم

**ماددەی ٤٦ (ئیمزاکان)**

ئەم پەیماننامەیە بۆ ئیمزاکردن دەدرێ بە هەموو دەوڵەتان.

**ماددەی ٤٧ (پەسند کردن بەرەسمی)**

ئەم پەیماننامەیە دەخرێتە بەر دەستی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەم پەیماننامەیە بە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەسپێردرێ.

**ماددەی ٤٨ (قەبوولکردنی ئەم پەیماننامەیە)**

ئەم پەیماننامەیە بەمەبەستی قەبوولکردن دەخرێتە ئیختیار هەموو دەوڵەتانو



بەڵگەنامەی پەسندکردنی لە لایەن هەر دەوڵەتێکەوە، بە تۆمارکراویو لە ژێر ناوی "بەڵگەنامەی قەبوولکردن" لەلای سکرتێری گشتییەوە دەمێنێتەوە.

**ماددەی ٤٩ (دەسەڵاتی بەڕێوەبردن)**

١- ئەم پەیماننامەیە ڕاست سی ڕۆژ دوای وەرگیرانی بیستەمین "بەڵگەنامەی قەبوولکردن" لە لایەن سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بەڕێوە دەبرێ.

٢- هەر کات دەوڵەتێک پاش وەرگیرانی بیستەمین بەڵگەنامەی قەبوولکردن، ڕەگەڵ ئەم پەیماننامەیە کەوتو ئیمزای کرد، سی ڕۆژ دوای پەیوەستبوونو مۆرکردنی بەڵگەنامەی قەبوولکردن، دەبێ دەست بکا بە بەڕێوەبردنو جێبەجێکردنی.

(ڕوونکردنەوە: ئیعتیبار پەیدا کردنو بەڕێوەچوونی ئەم پەیماننامەیە بە گوێرەی ئەم پەسند کراوەیە لە ڕۆژی ٢ی سپتامبری ١٩٩٠ ەوەیە. وەرگێڕ)

**ماددەی ٥٠ (ئاڵوگۆڕەکان)**

١- هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم پەیمانە دەتوانێ پێشنیازی ئاڵوگۆڕێک لەم پەیماننامەیەدا بدا بە سکرتێری گشتی. سکرتێری گشتی ئەو پێشنیازەی پێیگەیشتووە، بە ئاگاداریی دەوڵەتانی دیکەی ئەندامی پەیمان دەگەیەنێو لەم بارەیەوە بیروایان دەپرسێ. ئەگەر چوار مانگ پاش هاتنەگۆڕی پێشنیازێک، لانی کەم سێیەکی دەوڵەتەکان لەگەڵ پێشنیازەکەدا بوون، سکرتێری گشتی کۆبوونەوەی گشتی بۆ هێنانە گۆڕێی پێشنیازەکە رادەگەیەنێ. هەر ئاڵوگۆڕێک کە لە لایەن زۆرایەتیی بەشدارانی کۆبوونەوەکە قەبووڵ بکرێ، بۆ پەسندکران بە کۆمەڵەی گشتی

ڕادەگەیەنرێ.

٢- ئالوگۆڕی قەبوولکراو لە پەیماننامەدا، پاش پەسندکران لە لایەن کۆمەڵەی گشتیو ڕەزامەندیی دوو لە سێی زۆرایەتیی دەوڵەتان، بەڕێوە دەچێ.

٣- ئالوگۆڕێك کە ئیعتیباری پەیدا کردوەو کاتی بەڕێوەبردنی هاتووە، تەنیا بۆ ئەو دەوڵەتانەی قەبووڵیان کردوە، لێپرسینەوەی قانوونیی بەدواوەیە.

**ماددەی ٥١ (شەرتو مەرج)**

١- سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێداگرتنەوە ڕادەگەیەنێ: هەر دەوڵەتێك لە کاتی پەیوەستبوون بەم پەیماننامەیەدا مەرج دابنێ، بە باوەشی ئاوەڵاوە وەردەگیرێو مەرجەکە بە ئاگاداریی دەوڵەتەکانی دیکە ڕادەگەیەنرێ.

٢- ئەو مەرجانەی لەگەڵ ئامانجو مەبەستەکانی ئەم پەیماننامەیەدا لە ناتەبایی دابن، قەبوڵ ناکرێن.

٣- مەرجەکان دەتوانن بەهۆی نووسراوەیەکی کورت بۆ سکرتێری گشتیی کە ڕێکەوتی نووسینەکەی تێدا گونجابێ، وەربگیرێنەوە.

سکرتێری گشتی، دەوڵەتەکانی دیکە لەو نووسراوە، ئاگادار دەکاتەوە.

**ماددەی ٥٢ (دەست کێشانەوە)**

دەوڵەتێك دەتوانێ دەست هەڵگرتن لە ئەندامەتیو قەبوولکردنی ئەم پەیماننامەیە بەهۆی نامەوە بە ئاگاداریی سکرتێری گشتی ڕابگەیەنێ. ساڵێك دوای وەرگیرانی نامەکە لە لایەن سکرتێری گشتییەوە، دەست کێشانەوەکە لایەنی قانوونی پەیدا دەکا.



**ماددەی ٥٣ (ڕاگرتن)**

سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك پارێزەری ئەم پەیماننامەیە دیاری دەکرێ.

**ماددەی ٥٤ (ئەمانەت)**

(دەقی سەرەکیی ئەم پەیماننامەیە کە بە زمانەکانی عەرەبی، چینی، ئینگلیزی، فەرانسەیی، ڕووسیو ئیسپانییەو، هەموویان وەك یەك جێگای بڕوان، وەك ئەمانەت لە لای سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دانراوە).

---

✸ دەقی فارسیی ئەم پەیماننامەیە ـ کە دوکتور "ا. بشار" وەری گێڕاوەتە سەرزمانی فارسی ـ لە سایتی ئینتێرنێتیی "ایران امروز" وەرگیراوە.

✸ لە وەرگێڕانی ئەم پەیماننامەیە بۆ سەر زمانی کوردیدا، لەو جێیانەی ماددەکان بەسەر پیتەکاندا دابەش دەبن، پیتەکان بە تەرتیبی ئەلفوبێی کوردی دانراون.

## جاڕنامەی
## پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان

**بڕیارنامەی ٤٨/١٠٤ی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان**

٢٥ی نۆڤامبەر، بە "ڕۆژی جیهانیی لە نێو بردنی توندو تیژی دژی ژنان" ناودێر کراوە. ئەم ڕۆژە، ١٧ی دیسامبری ١٩٩٩ لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، لە هەشتاو سێهەمین کۆبوونەوەی گشتی (دەورەی پەنجاو چوارەم)دا بە ڕۆژی جیهانیی توندوتیژی دژی ژنان ناودێر کرا."جاڕنامەی پێشگیری لە تەندو تیژی دژی ژنان"، پەسەندکراوی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، مەبەست لە توندو تیژی دژی ژنان، ئەرکی دەوڵەتان وکۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەم پێوەندییەدا ڕووندەکاتەوە.



کۆمەڵەی گشتی،

بە ئاگاداری لەم پێویستییە بە پەلەیە کە مافەکانو بنەماکانی پێوەندیدار بە یەکسانی، ئاسایش، ئازادی، تەواوەتیو گەورەیی هەموو مرۆڤەکان، دەبێ بە شێوەیەکی جیهانگیر لەباری ژنانیشەوە ڕەچاو بکرێن،

بە سەرنجدان بەوە کە ئەم مافو بنەمایانە، لە بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکاندا، بۆ وێنە لە "جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ"(١)، "پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنیو سیاسییەکان"(٢)، "پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکان"(٢)، "ڕێککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان"(٣)و "ڕێککەوتننامەی دژی ئەشکەنجەو ڕەفتار، یان سزای توندوتیژ، نامرۆییو پڕ لە سووکایەتی"(٤)دا، ڕێزیان لێگیراوە،

بە ئاگاداری لەوە کە بەڕێوەبردنی هەرچی کاریگەرتری "ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان" یارمەتی بە نەهێشتنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان دەکاو، "جاڕنامەی نەهێشتنی توندوتیژی بە دژی ژنان" بەو جۆرە کە لەم جاڕنامەیەدا دەخرێتە ڕوو، ئەم ڕەوتە بەهێزو تەواو دەکا،

نیگەران لەوە کە توندوتیژی دژی ژنان کۆسپی گەیشتن بە یەکسانی، پێشکەوتنو ئاشتییە، هەروەك لە "ستراتیژییە داهاتووبینەکانی کۆنفرانسی نایرۆبی بۆ پێشکەوتنی ژنان"دا ڕوونکراوەتەوەو لەواندا هێندێك گەڵاڵە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی دژی ژنان پێشنیار کراوەو، بە مەبەستی بەڕێوەچوونی بە تەواویی "ڕێککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان"،

پێداگر لەسەر ئەمە کە توندوتیژی دژی ژنان، بناغەیەکە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی ژنانو، دەستڕاگەیشتنی ژنان بەم مافو ئازادییانە تاڕادەیەك، یان بە تەواوی ڕەتدەکاتەوە،

نیگەران لە سەرنەکەوتن لە پشتیوانیو بەرەوژووربردنی ئەم مافو ئازادییانە لە درێژخایەندا، سەبارەت بە توندوتیژی بە دژی ژنان،

بە ئاگاداری لەمە کە توندوتیژی دژی ژنان، نوێنگەیەکە بۆ پێشاندانی نایەکسانیی مێژوویی پێوەندییەکانی دەسەڵات لە نێوان ژنانو پیاواندا، کە بووە بە هۆی ژێردەست کردنو هەڵاواردنی ژنان بەهۆی پیاوانەوە و ، پێشگیری لە بەرەوپێشچوونی بە تەواویی ژنانی لێکەوتۆتەوە،

هەروەها [بە ئاگاداری لەمە کە] توندوتیژی دژی ژنان یەکێك لەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییە گرنگانەیە کە ژنان ناچار دەکا مل بۆ پلەو پایەو پێگەی نزمتر ـ لە چاو پیاوان ـ رابکێشن،

نیگەران لەوە کە هێندێك لە گروپەکانی ژنان بۆ وێنە ژنانی سەر بە گروپە کەمایەتییەکان، ژنانی خۆولاتی (بومی)، ژنانی پەنابەر، ژنانی کۆچەر، ئەو ژنانەی لە لادێ، یان ناوچە دوورە دەستەکان دەژین، ژنانی بێ‌ئەنوا، ژنانی بەندکراو، یان دەسبەسەر، کچانی مێرمنداڵ، ژنانی نەقوستانو بێ‌توانا، ژنانی بەساڵاچووو ژنانی ناوچە شەڕلێدراوەکان بەتایبەت لە بەرانبەر توندوتیژیدا لاوازن،

بە وەبیرهێنانەوەی دەرئەنجامی پاراگرافی ٢٣ی هاوپێچی بڕیارنامەی ٢٤ی مای ١٩٩٠ی شوورای کۆمەڵایەتی (ژمارە ١٥/١٩٩٠)و هەست کردن بەوە کە توندوتیژی دژی ژنان لە بنەماڵەو کۆمەڵگەدا پەرە گرتوویەو، لە سنووری داهات، چینو کولتوور تێ‌دەپەڕێ، دەبێ هەنگاوی بە پەلەو کاریگەر بۆ لەنێوبردنی ئەم دیاردەیە بنرێ،

هەروەها بە وەبیرهێنانەوەی بڕیارنامەی ١٩٩١/١٨ی شوورای ئابووریو کۆمەڵایەتی (٣٠ی مای ١٩٩١) کە شوورا لەودا پێشنیاری ئامادەکردنی بەڵگەنامەیەکی نێونەتەوەیی هێناوەتە گۆڕێ کە بە شێوەیەکی راشکاوانە سەرنج بداتە کێشەی



توندوتیژی بە دژی ژنان،

وەك پێشوازی لە رۆڵێك کە بزووتنەوەکانی ژنان لە راکێشانی رۆژ بەرۆژ زیاتری سەرنجەکان بۆلای نێوەرۆك، جیددیبوونو رەهەندەکانی کێشەی توندوتیژی بە دژی ژناندا هەیانە،

بە هەستکردنی ئەم مەترسییە کە دەرەتانو دەرفەتەکانی ژنان بۆ بەدەستهێنانی یەکسانیی مافەکانو بەرابەری لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابووریی کۆمەڵگەدا، بەهۆی جۆراوجۆرو یەك لەوان توندوتیژیی پەرەگرو بەردەوام، بەرتەسكو سنووردارن،

بە سەرنجدان بەو خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، بڕوامان وایە کە پێناسەیەکی گشتگیرو روون بۆ توندوتیژی دژی ژنان، جاڕنامەیەکی روون لە بارەی ئەو مافانەی دەبێ رەچاو بکرێنو دەستەبەری نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە هەموو شێوەو جۆرەکانی دان، هەروەها دەروەستبوونێك لەلایەن دەوڵەتانەوە بە نیازی رێزگرتن لەبەرپرسایەتییەکانیانو، دەروەستبوونێکیش لەلایەن سەرجەمی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان پێویستە. هەر بۆیە بەڕەسمی جاڕنامەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە خوارەوەدا رادەگەیەنینو، سوورین لەسەر ئەمە کە بۆ ناساندنو رێزگیرانی لە لایەن هەمووانەوە، دەبێ هەر چەشنە هەوڵێکی پێویست بدرێ:

**ماددەی ١:**

لەم جاڕنامەیەدا، مەبەست لە دەستەواژەی "توندوتیژی دژی ژنان" هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەتە کە ببێتە هۆی ئازاردانو زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جینسی، یان دەروونیی ژنان، یان لەوانەیە ببێتە هۆی ئەم جۆرە ئازارو زیانانە. هەڕەشە، یان کردەوەی هاوشێوە، زۆری کردن لە ژنان، بێبەشکردنی

زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی کە لەبەرچاوی خەڵك، یان لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتیدا روودەدەن، لە ریزی رەفتارو کردەوەی توندوتیژ دان.

**ماددەی ٢:**

لێکدانەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بەڵام هەر بەم نموونانە نابەسترێتەوە:

ئەلف- توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە لە بنەماڵەدا روودەدەن، بۆ وێنە لێدان، ئازاردانی جینسیی کچانی مێرمنداڵ لە ماڵدا، توندوتیژیی پێوەندیدار بە جیاز، دەستدرێژی لەلایەن مێردەوە، خەتەنەکردنی ژنانو ئەو دابونەریتانەی زیان بە ژنان دەگەیەنن، توندوتیژی لە پێوەندیی بەدەر لە ژنو مێردایەتیداو توندوتیژی تایبەت بەژنان.

ب- توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە لە بەستێنی ژیانی بە کۆمەڵدا روو دەدەن، بۆ نموونە: دەستدریژی، کەڵکی خراپ وەرگرتنی جینسی، ئازاردانی جینسی و ترساندن لە شوێنی کار، لە ناوەندە فێرکارییەکان و شوێنەکانی دیکەدا، کڕین و فرۆشتنی ژنان و لەشفرۆشیی بە زۆری.

پ- توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە بە هۆی دەوڵەتەوە ئەنجامدەدرێ، یان لە لایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ دەخرێ.

**ماددەی٣:**

ژنان بە شێوەیەکی یەکسان [لە گەڵ پیاوان] مافی دەستڕاگەیشتن بە هەموو مافە مرۆییەکان و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەلایەتی، کولتووری، مەدەنی و هەموو بوارەکانی دیکەداو، هەر وەها مافی پاراستنی ئەو ماف و ئازادییانەیان هەیە. ئەم مافانە بریتین لە:



ئەلف- مافی ژیان(٦)

ب- مافی یەکسانی (٧)

پ- مافی ئازادیو ئاسایشی کەسی(٨)

ت- مافی پشتگیری لەلایەن قانوونەوە(٧)

ج- مافی رزگاری لە هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن(٧)

چ- مافی کەڵکوەرگرتن لە زۆرترین رادەی گونجاوی سلامەتیی جەستەییو دەروونی(٩)

ح- مافی [هەبوونی] هەلومەرجی دادپەروەرانەو جێگای رەزامەندی بۆ کار(١٠)

خ- مافی ئەوە کە تاك نەکەوێتە ژێر ئەشکەنجە، یان سزاو رەفتاری توندوتیژ، نامرۆییو پرسووکایەتی.(١١)

**ماددەی ٤:**

دەوڵەتان دەبێ توندوتیژی دژی ژنان مەحکووم بکەنو، نابێ هیچ دابونەریت، یان تێبینیی ئایینی، بکەنە بیانوو بۆ ئەنجام [نە]دانی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ نەهێشتنی توندوتیژیدا. دەوڵەتان دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوە گونجاوەکانو بێ‌راوەستان، سیاسەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان هەتا سەر ئەنجامەکەی درێژە پێ بدەن. هەروەها دەبێ:

ئەلف- ئەگەر تا ئێستا بە تەواوی لە ئاست "رێککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن دژی ژنان" خۆیان بەرعۆدە نەکردوە، دەبێ پەسندی بکەن، یان بەشێوەی رەسمی ببن بە ئەندامیو، واز لە مەرجە تایبەتییەکانی خۆیان لەبارەی ئەم رێککەوتننامەیەوە بێنن.

ب- له به ئەستۆگرتنی هەر چەشنە توندوتیژییەك، خۆ بپارێزن،

پ- بە مەبەستی پێشگیری لە توندوتیژیو ئەنجامدانی لێكۆڵینەوە لەم پێوەندییەداو، دانانی سزا بۆ كردەوەی توندوتیژ دژی ژنان، هەموو هەوڵێكی پێویست بە گوێرەی قانوونەكانی وڵات بدەن. جا چ ئەم كردەوانە لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجام درابن، چ لەلایەن كەسانی تایبەتییەوە.

ت- لە قانوونەكانی وڵاتدا دەبێ لایحەی رەسمیی سزایی، مەدەنی، كاریو ئیداری بۆ قەرەبووكردنەوەی ئەو خەتایانە ئامادە بكەن كە دەرهەق بە ژنانی توندوتیژی چێشتوو، ئەنجامدراون. ئەو ژنانەی لەگەڵ توندوتیژی بەرەورِوو دەبن، دەبێ رێگاچارەی قەزاییيان بۆ دابین بكرێو، بە پشتیوانیی قانوونەكانی وڵات، زیانەكانیان بە شێوەیەكی دادپەروەرانەو كاریگەر بۆ قەرەبوو بكرێتەوە. دەوڵەت هەروەها دەبێ ژنان لە مافەكانیان لە پێوەندی لەگەڵ داوای قەرەبووكردنەوەی زیانو وەدەستهێنانی توانایی بەهۆی ئەم رێگاچارانەوە ئاگادار بكاتەوە.

ج- بەرنامەی نەتەوەیی بە مەبەستی پەرەپێدانی پشتگیری لە ژنان بۆ بەربەرەكانی لەگەڵ هەرچەشنە توندوتیژییەك، یان زیادكردنی هێندێك ماددە لە بەرنامەكانی خۆیان بەو مەبەستە، هەروەها هاوكاریی گونجاو لە هێندێك بواردا لەگەڵ رێكخراوە نادەوڵەتییەكان بەتایبەتی لەگەڵ ئەو رێكخراوانەی بە كێشەی توندوتیژییەوە خەریكن.

چ- دیاریكردنی رێگاكانی پێشگیری لە توندوتیژیو، دانانی پلانی گشتگیری كاری لە بوارەكانی حقووقی (مافەكان)، سیاسی، ئیداریو كولتووریدا كە پشتیوانی لە ژنان لە بەرانبەر هەر چەشنە توندوتیژییەك برەو پێ دەدەنو، دەبنە دەستەبەرێك بۆ ئەوەی ژنان سەبارەت بە هەستیارنەبوونی قانوون لە ئاست تێبینییە جینسییەكانداو لە ئاكامی جۆرەكانی بەرِێوەبردنی قانوونو خۆ تێهەڵقوتاندنە دەوڵەتییەكانی دیكەدا،



نابنەوە بە قوربانیی توندوتیژی.

ح- هەوڵ بدەن بۆ دەستەبەركردنی ئەوە كە ژنانی ژێر توندوتیژی، ئەگەر پێویست بوو منداڵەكانیان لە یارمەتییە تایبەتییەكانی وەك توانایی پێبەخشین، هاوكاری لە سەرپەرستیو چاوەدێریی منداڵانو ژیانوبەرِێچووندا، دەرمان، راوێژكاریو خزمەتە لەشساغیو كۆمەڵایەتییەكان بەهرەمەند بن. ناوەندەكان، پرۆگرامەكانو رێكخراوە یارمەتیدەرەكان دەبێ هەنگاوی پێویست بۆ بەرەوژووربردنی ئاسایشو توانایی بەخشینی جەستەییو دەروونی بەوان، هەڵبگرن.

خ- لە بوودجەی دەوڵەتدا، بەرِادەی پێویست بۆ تێكۆشانی پێوەندیدار بە نەهێشتنی توندوتیژی تەرخان بكەن.

د- بۆ فێركردنو راهێنانی هێزەكانی ئاسایشو بەرپرسانی دەوڵەتیی بەرپرسیار لە جێبەجێكردنی سیاسەتەكانی تایبەت بە پێشگیری، لێكۆڵینەوەو سزادانان بۆ توندوتیژی لە دژی ژنان، هەنگاوی پێویست هەڵبگرن تا ئەم كەسانە هەمبەر بە پێویستییەكانی ژنان هەستیار بن.

ر- هەنگاوی پێویست بەتایبەتی لە بواری فێركاریدا هەڵبگرن بۆ ئەوەی چاكسازی لەسەر مەشقە كۆمەڵایەتیو كولتوورییەكانی رەفتاری پیاوو ژندا بكەنو، هەڵاواردنەكان، رەفتاری باوو هەموو چەشنە رەفتارێك كە لەسەر بناغەی ژێردەستی، یان باڵادەستیی جنسێكەو، ژنو پیاو پێی راهاتوون، لە نێو ببەن.

ز- لێكۆڵینەوە، كۆكردنەوەی زانیاریو ئامار (ئەژمێرەكان)، بەتایبەتی لە باری توندوتیژیی بنەماڵەییو شێوە جۆراوجۆرەكانی توندوتیژی دژی ژنان، برەو پێ بدەنو هاندەر بن بۆ لێكۆڵینەوە لەباری هۆیەكان، نێوەرۆك، رادەی جیددیبوونو ئاكامەكانی توندوتیژی بەدژی ژنانو، رادەی كاریگەریی هەنگاوەكان بە مەبەستی پێشگیری لە توندوتیژیو هەروەها قەرەبووكردنەوەی زیانەكانی توندوتیژی لە هەمبەر ژنان. ئەم

ئامارو زانیارییانە دەبێ بخرێنە بەرچاوی هەمووان.

ژ- هەنگاوی پێویست بە مەبەستی نەهێشتنی توندوتیژی بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ژنانەدا کە لە بەرانبەر توندوتیژی لاوازن، هەڵبگرن.

س- لەو راپۆرتانەدا کە لە پێوەندی لەگەڵ بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤدا پێشکێشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەکەن، زانیاریی پێوەندیدار بە توندوتیژی دژی ژنانو، [راپۆرتی] هەنگاوی هەڵگیراو بە مەبەستی جێبەجێکردنی داواکانی ئەم جاڕنامەیە، بگونجێنن.

ش- هاندەری دانانی پلانی کاری بە مەبەستی جێبەجێبوونی بنەماکانی ئەم راگەیەندراوە بن.

ع- هاوکاریی چالاکیو تێکۆشانی بزووتنەوەو رێکخراوە نادەوڵەتییەکانی ژنان بکەنو لە ئاستی خۆجێیی، نەتەوەییو ناوچەییدا یارمەتییان بدەن.

غ- رێکخراوە ناوچەییە نێودەوڵەتییەکان کە تێیاندا ئەندامن هان بدەن، ئەگەر بۆیان دەگونجێ لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنان بخەنە نێو بەرنامەی خۆیان.

**ماددەی ٥:**

ئۆرگانەکانو نوێنەرایەتییەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ ئەوەندەی لە توانایان دایە، یارمەتیی ناساندنو هێنانەدیی ئەو مافو بنەمایانە بدەن کە لەم جاڕنامەیەدا هاتوون. بۆ نموونە دەبێ:

ئەلف- یارەمەتی بە گەشەکردنی ئەو هاوکارییە نێونەتەوەییو ناوچەیییانە بکەن کە ئامانجیان پێناسەکردنی ستراتیژییە ناوچەییەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی، گوازتنەوەی ئەزموونەکانو، بەرنامەماڵییەکانی تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنانە.



ب- هاندەری ئەو کۆبوونەوەو سمینارانە بن کە ئامانجیان پێکهێنانو گەشەپێدانی ئاگایی نێوان هەموو تاکەکان هەمبەر بە پرسی لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنانە.

پ- یارمەتیی گەشەپێدانی هاوهەنگاویو هاوبەشیی نێوان بنیاتو ناوەندەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن تا پرسی توندوتیژی دژی ژنان بەشێوەیەکی کاریگەر بکەوێتە بەر سەرنج.

ت- لەو لێکدانەوانەدا کە بۆ دامەزراوو ناوەندەکانی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی کێشەو گرفتو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ئامادەی دەکەن، وەك راپۆرتە ناوبەناوە (دەورەییە) کان لە بارەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی جیهان، توێژینەوە لەبارەی مەیلو بۆچوونەکان لە پێوەندی لەگەڵ توندوتیژی دژ بە ژنانیشدا بگونجێنن.

ج- فۆرمۆلەکردنی پلانکاری، یان نامیلکەکانی رێنوێنی لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان، برەو پێ بدەنو، ئەو هەنگاوانەی لەم جاڕنامەیەدا ئاماژەیان پێ کراوە، بگونجێنن.

چ- پرسی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان، ئەگەر دەگونجێ، ببەستنەوە بە جێبەجێکردنی بەرپرسیارەتییەکانی خۆیان لە بەڕێوەبردنی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤدا.

**ماددەی ٦:**

هیچ شتێك لەم جاڕنامەیەدا نابێ هیچ یەك لە ماددەکانی قانوونی وڵاتێك، یان هەر رێککەوتنو پەیماننامەیەکی کۆمەڵایەتی، یان هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە کە لە وڵاتێك جێبەجێ دەکرێو بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان روونترو بەبڕشتترن، بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی.

**پەراوێزەکان:**

١- بڕیارنامەی (٢١٧ AIII)

٢- بڕوانە بڕیارنامەی AXXI2200، هاوپێچ

٣- بڕوانە بڕیارنامەی ٣٤/١٨٠، هاوپێچ

٤- بڕیارنامەی ٣٩/٤٦، هاوپێچ

٥- راپۆرتی کۆنفرانسی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی دەسکەوتەکانی دەیەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان: یەکسانی، پێشکەوتنو ئاشتی، نایرووبی، ٢٦-١٥ی ژوئیەی ١٩٨٥ (لە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارەی E. 85. IV.10) فەسڵی I، بەشی A

٦- جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ماددەی سێهەم، رێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنیو سیاسییەکان، ماددەی ٦.

٧- پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنیو سیاسییەکان، ماددەی ٢٦.

٨- جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ماددەی ٣و، رێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنیو سیاسییەکان، ماددەی ٩.

٩- رێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکان، ماددەی ١٢.

١٠- جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ماددەی ٢٣و، رێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکان، ماددەکانی ٦و ٧.

١١- جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ماددەی ٥، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنیو سیاسییەکان، ماددەی ٧و، رێککەوتننامەی دژی ئەشکەنجە، رەفتار، یان سزای توند، نامرۆییو پڕ سووکایەتی.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی "ایران امروز"**

## جاڕنامەی بنەماکانی وێکهەڵکردن

**(لە ١٦ی نوامبری ١٩٩٥ لە لایەن وڵاتانی ئەندامی یونسکۆوە راگەیەندراوە و مۆر کراوە)**

وڵاتـــانی ئەنــدامی رێکخــراوی فێرکــاریی زانــستیو کولتــووریی رێکخــراوی نەتـــەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ) لە بیستو شەشەمین کۆبوونەوەی کۆنفرانسی گشتی لە پـاریس لە ٢٥ی ئۆکتۆبرەوە تا ١٦ی نوامبری ١٩٩٥ لێك کۆبوونەوە.

**بەرایی:**

بە سەرنجدان بەوە کـە راگەیەنـدراوی رێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان دەڵـێ: "ئێمـە خەڵکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێناوی پاراستنی نەوەکانی داهاتوو لە بەڵای شەڕ...و بە راگەیاندنەوەی بڕوای خۆمـان بـە مافـە بنەڕەتییـەکانی مرۆڤــ و ئـابڕوو و بایـەخی کەسیەتیی مرۆیی...و، هەروەها بۆ گەیـشتن بـەم ئامانجانـە لـە رێگـای وێکهـەڵکردنو پێکەوە ژیانی بە ئاشتی لە سێبەری هەبوونی گیانی پێکەوە حەوانەوەی باش"،

بە وەبیرهێنانەوەی ئەوەکە دیباچە (بەرایی)ی راگەیەندراوی یونسکۆ، پەسـندکراوی ١٦ی نوامبری ١٩٤٥ رادەگەیەنێ کە "ئەگەر بمانەوێ ئاشتی بـەردەوام و پایـەدار بـێ، دەبـێ



لەسەر بناغەی هاوپێوەندیی مەعنەوی و عەقڵانیی مرۆڤـ بنیات بنرێ"،

بە وەبیرهێنانەوەی ئەوەکە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤیش پێ لەسەر ئـەوە دادەگـرێ کە "هەموو مرۆڤێك مافی ئەوەی هەیە ئـازادیی بـیروڕاو دەربڕینـی هـەبێ" (مـاددەی ١٩)و، فێرکردن "دەبێ گیانی لێکتێگەیشتن، لێبووردنو رێزنان لـە بـیروڕای پێـچەوانە، دۆستایەتیی نێوان هەموو نەتەوەکانو کۆمەڵە رەگەزی، یـان ئایینییـەکان پـەرە پێبـدا" (ماددەی ٢٦)،

بە سەرنجدان بە بەڵگەنامە نێونەتەوەییە پێوەندیدارەکان، بۆ وێنە:

-"پەیمانی نێونەتەوەیی مافە مەدەنیو سیاسییەکان"

ـ "پەیمانی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکان"

ـ "رێککەوتننامەی نێونەتەوەیی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانانی رەگەزی"

ـ "رێککەوتننامەی رێ لێگرتنو سزادان بۆ کوشتاری بەکۆمەڵ (ژینۆساید)"

-"رێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ"

- "رێککەوتننامەی پێوەندیدار بە وەزعی پەنابەران (١٩٥١)و پرۆتۆکۆلی ١٩٦٧ی سەر بەم رێککەوتننامەیەو بەڵگەنامە ناوچەییەکانی پێوەندیدار بەو"

- "رێککەوتننامەی دژ بە ئەشکەنجەو رەفتار، یان سزای توندوتیژ، نامرۆییو تێکەڵ بـە سووکایەتی"

- "جاڕنامەی رێگاکانی نەهێشتنی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی"

- "جاڕنامەو بەرنامەی کردەوەی کۆنفرانسی جیهانیی مافی مرۆڤـ" ڤییەن

- "جاڕنامەو بەرنامەی کـردەوەی پەسـندکراوی کۆبوونـەوەی جیهـانی بـۆ پەرەپێـدانی کۆمەڵایەتی" کۆپنهاگ

- "جاڕنامەی رەگەزو جیاوازیدانانی رەگەزی" یونسکۆ

- ڕێککەوتننامەو ڕاسپێرییەکانی دژ بە جیاوازیدانان لە فێرکردن دا" یونسکۆ

بە سەرنجدان بە ئامانجەکانی "سێهەمین دەیەی خەبات بە دژی ڕەگەزپەرستیو جیاوازیدانانی ڕەگەزی، "دەیەی جیهانی بۆ فێرکردنی مافی مرۆڤ"و "دەیەی نێونەتەوەیی خەڵکی خۆجێیی (بومی)ی جیهان،

بە لەبەرچاوگرتنی ڕاسپێرییەکانی کۆنفرانسە کۆمەڵایەتییە ناوچەییەکان کە لە چوارچێوەی "ساڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وێکهەڵکردن"دا و، بە سەرنجدان بە کۆنفرانسی گشتیی یونسکۆ 27C بڕیارنامەی ٥٠١٤و هەروەها ئاکامگیریو ڕاسپێرییەکانی دیکەی ئەو کۆنفرانسو کۆبوونەوانە کە لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامی بەرنامەی "ساڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وێکهەڵکردن" پێکهاتبوون،

نیگەران لە ڕەوتی گەشەکردنی کردەوەی بێسەبرانە، توندوتیژی، تیرۆرریزم، دژایەتیکردنی بێگانە، نەتەوە پەرستیی دەستدرێژکارانە، ڕەگەزپەرستی، دژایەتیکردنی جولەکە، بێبەشکردنی ئەوانی دیکەو لە پەراوێزخستنو جیاوازیدانانی ئامانجدار بە دژی کەمایەتییە نەتەوەیی، قەومی، ئایینیو زمانییەکان، پەنابەران، کرێکارانی کۆچەر، کۆچەرانو گرووپە کەم دەسەڵاتەکانی کۆمەڵ، هەروەها کردەوەی توندوتیژو ترسێنەر بە دژی ئەو کەسانەی کە کەڵك لە ئازادیی بیروڕا دەربڕین وەردەگرن، کە هەموو ئەمانە هەرەشە لە پتەوبوونی ئاشتیو دێموکراسی لە ئاستی نەتەوەییو نێونەتەوەییدا دەکەنو، کۆسپی سەرڕێی پەرەگرتنن،

پێداگر لەسەر بەرپرسایەتیی وڵاتانی ئەندام بۆ پەرەپێدانو هاندانی (گیانی) ڕێزدانان بۆ مافی مرۆڤو ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ هەمووان، بە بێ جیاوازیدانانی ڕەگەزی، جینسی، زمان، پێگەی نەتەوەیی، ئایینی، یان بێدەسەڵاتی.

**قەبوولکردنو ڕاگەیاندنی بەرەسمیی ئەم جاڕنامەیەی بنەماکانی وێکهەڵکردن**

شێلگیر لەسەر بەکارهێنانی هەموو ڕێگاچارەیەکی پێویست بۆ پەرەپێدانی وێکهەڵکردن لە کۆمەڵگەکانماندا، چونکە وێکهەڵکردن هەر تەنیا بنەمایەکی جێگای ڕێز نییە، بەڵکوو



پێویستییەکە بۆ ئاشتیو گەشەی ئابووریو کۆمەڵایەتیی هەموو خەڵکان،

ئێمە ڕادەگەیەنین کە:

**ماددەی ١- واتای وێکهەڵکردن:**

١-١: وێکهەڵکردن بریتییە لە ڕیزگرتنو قەبوولکردنی جۆراوجۆریی کولتوورەکانی جیهانی ئێمەو، جۆرەکانی دەربڕینو ڕێگا جیاوازەکانی مرۆڤبوونی ئێمە. گەشەکردنی وێکهەڵکردن لە ڕێگای ئاگایی، ڕاشکاوی، پێوەندی، ئازادیی بیروڕاو ویژدانو دەربڕینەوە دەبێ. وێکهەڵکردن بریتییە لە هاوئاهەنگی لە ناکۆکیدا، ئەمە هەر تەنیا ئەرکێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکوو هەروەها پێویستییەکی سیاسیو قانوونیشە. وێکهەڵکردن ئەو تایبەتمەندییەیە کە ئاشتی مسۆگەر دەکاو، دەبێتە هۆی جێنشینکردنی کولتووری ئاشتی لە جیاتی کولتووری شەڕ.

١-٢: وێکهەڵکردن، ڕێککەوتنێکی گشتی نییە، ئیمتیازدان بە کەسێکی دیکە، چاوپۆشی لە ئیمتیازەکانی خۆت، یان بەخشینو لێبووردن نییە، وێکهەڵکردن، زیاتر لە هەر شتێکی دیکە قەناعەتێکی زەینییە کە بەرهەمی ناسینی مافی مرۆڤی جیهانیو ئازادییە بنەڕەتییەکانی کەسانی دیکەیە. هیچ شتێك لە هیچ هەلومەرجێکدا، ناتوانێ پاساودەری پێشێلکردنی ئەم بایەخە بنچینەییانە بێ. وێکهەڵکردن دەبێ هەم لە لایەن تاکەکانەوەو هەم لەلایەن گروپەکانو دەوڵەتانەوە بێ.

١-٣: وێکهەڵکردن بەرپرسایەتییەکە کە دان بە مافەکانی مرۆڤ، پلۆرالیزم (بۆ وێنە پلۆرالیزمی کولتووری)، دیموکراسیو ڕۆڵی قانووندا دەنێ. ئەمەش بە مانای ڕەتکردنەوەی دۆگماتیزمو ڕەهاگەری و قەبوولکردنی ستانداردە دیاریکراوەکان بە هۆی بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤە.

٤-١: میتۆدی وێکهەڵکردن، لەگەڵ رێزنان لە مافەکانی مرۆڤ یەکدیگرەو، بەمانای هەڵکردن لەگەڵ بێدادیی کۆمەڵایەتی، یان وەلانانو لاوازکردنی بیروبۆچوونەکانی تاك نییە. واتای وێکهەڵکردن ئەوەیە کە تاك ئازادە کە بە بیروبۆچوونەکانی خۆی وەفادار بێو، قەبوولێش بکا کە کەسانی دیکەش بە بیروباوەڕی خۆیان وەفادار بمێننەوە. ئەوە بەم مانایەیە ئەم حەقیقەتە قبوڵ بکەین کە مرۆڤەکان کە بە شێوەی سروشتی لە باری رواڵەت، هەلومەرج، قسەکردن، هەڵسوکەوتو بایەخەکانیانەوە جیاوازن، ئەو مافەیان هەیە کە بە ئاشتی بژینو چۆنێك هەن هەروا بن. ئەمە هەروەها بەو مانایەیە کە روانگەی مرۆڤێك نابێ بەسەر کەسانی دیکەدا بسەپێندرێ.

**ماددەی ٢- لە ئاستی دەوڵەتدا:**

**١-٢:** وێکهەڵکردن لە ئاستی نەتەوەییدا، پێویستی بە دادپەروەرو بێلایەن بوونی دەزگاکانی قانووندانان، بەڕێوەبەری، قەزایی‌و رەوتی ئیداری هەیە. هەروەها پێویستە کە دەرەتانە ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەکان بێ جیاوازیدانان بدرێن بە هەر تاکێك. بێبەشکردنو لە پەراوێز خستن دەتوانێ هەستکردن بە داماوی‌و [گیانی] دوژمنایەتی‌و دەمارگرژی بخولقێنێ.

**٢-٢:** بۆ هاوهەنگاویی جیهانی پێویستە کە تاکەکان، کۆمەڵەکانو نەتەوەکان، کەسایەتیی چەندکولتووریی بنەماڵەی مرۆڤایەتی قەبوڵ بکەنو رێزی لێبگرن. بە بێ وێکهەڵکردن، ئاشتی ناتوانێ هەبێو، بەبێ ئاشتی، پەرەپێدانو دیموکراسی نابێ.

**٣-٢:** بە مەبەستی گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی وێکهەڵکردووو دڵفرەوانتر، دەوڵەت دەبێ هەر رێککەوتننامەیەکی نێونەتەوەیی تایبەت بە مافی مرۆڤ هەیە، هەموویان پەسند بکاو، ئەگەر پێویست بوو قانوونی تازە دابنێ بۆ ئەوەی دەرفەتو رەفتاری یەکسان بۆ هەموو گروپەکانو تاکەکانی کۆمەڵگە دەستەبەر بکا.

**ماددەی ٣- رەهەندە کۆمەڵایەتییەکان:**

**١-٣:** لە جیهانی مۆدێرندا، وێکهەڵکردن لەهەر سەردەمێکی دیکە پێویستترە. ئێستا



سەردەمێکە کە مۆرکی بەجیهانیبوونی ئابووری‌و هەروەها گەشەکردنی رۆژبەرۆژ زیاتری راپەڕ، پێوەندییەکان، کۆخوازی‌و بەستراوەیی دوو لایەنە، کۆچکردنە بەرینەکانو گوێزرانەوەی حەشیمەتەکان، پەرەگرتنی شارنشینی‌و گۆڕان بەسەرداهاتنی هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی پێوە دیارە. بەم هۆیەوە کە هەر بەشێك لە جیهان بە تایبەتمەندیی جۆراوجۆری‌و جیاوازی لەوانی دیکە جیادەکرێتەوە، وێکهەڵنەکردنو پێکهەڵپڕژانی رۆژ بە رۆژ زیاتر بە کردەوە هەڕەشە لە هەر ناوچەیەك دەکا. ئەم راستییە هەر تەنیا تایبەت بە وڵاتێك نییە، هەڕەشەیەکی جیهانییە.

**٢-٣:** وێکهەڵکردن لە نێوان تاکەکانو لە بنەماڵەو لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا پێویستە. برەوپێدانی وێکهەڵکردنو ئامادەکردنی زەینەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەو پێشوازی لە راشکاوی، گوێ لێگگرتنی لایەنەکانو هاوپێوەندی، دەبێ لە قوتابخانەکانو زانکۆکانو لە رێگای فێرکردنە نافەرمییەکان لە ماڵەوە و لە شوێنی کاردا ئەنجامبدرێ. راگەیەنە گشتییەکان هەڵکەوتێکی ئەوتۆیان هەیە کە دەتوانن رۆڵێکی بنیاتنەریان لە رەخساندنی بواری دیالۆگو باسی کراوە و ئازاددا هەبێو، دەتوانن بەهاکانی وێکهەڵکردن پەرە پێبدەنو، مەترسییەکانی بێلایەنی لە ئاست گەشەکردنی گروپو ئایدۆلۆژییە دەمارگرژو کەم سیکەدانەکان زەق بکەنەوە.

**٣-٣:** هەروا کە لە "جاڕنامەی رەگەزو دەمارگرژیی رەگەزی"ی یونسکۆدا پێی لەسەردا گیراوە، دەبێ کەڵك لەو رێگاچارانە وەربگیرێ کە یەکسانیی کەرامەتو مافەکان بۆ تاکەکانو گروپەکان لە کاتی پێویستدا دەستەبەردەکەن. بە سەرنجدان بەمە دەبێ سەرنجێکی تایبەتی بدرێتە ئەو گروپە کەم دەرەتانانەی لە ئیمکاناتی کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی گونجاو بێبەشن، بۆ ئەوەی پشتیوانیی قانوونو رێگاچارە باوەکانی کۆمەڵ بۆ ئەوان بە تایبەتی لە بوارەکانی خانووبەرە، کاروپیشەو لەشساغی‌و دەرمانیان بۆ دابین بکرێ، رێز لە کولتوورو بەهاکانیان بگیرێو، هاسانکاری بکرێ بۆپێشکەوتنو هەڵکردنیان لەگەڵ کۆمەڵگە لە باری پیشەیی‌و کۆمەڵایەتییەوە بە تایبەتی لە رێگای فێرکردنەوە.

٣-٤: دەبێ تۆڕەکانی پێوەندیو لێکۆڵینەوەی زانستیی گونجاو بۆ هاوهەنگاوکردنی کۆمەڵگەی جیهانی وەك وڵامدانەوە بەم گرفتە جیهانییە پێکبێن. بۆ وێنە هۆکارە بنەڕەتییەکانو ڕێگا چارەکانی بەربەرەکانیی کاریگەر لەگەڵ دەمارگرژیو کەم سیکلدانەیی، دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان راڤە بکرێنو، هەروەها پێویستە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بە مەبەستی بەرهەمهێنانی سیاسەتو دیاریکردنی ستاندارد لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامەوە، ئەنجامبدرێ.

**ماددەی ٤ ـ فێرکردن:**

**٤-١:** یەکەم هەنگاو لە فێرکردنی وێکهەڵکردندا، ئەوەیە کە خەڵك فێری (شارەزای) مافە هاوبەشەکانیانو ئازادییەکانیان بکرێن. بۆ ئەوەی ڕێز لەو مافو ئازادییانە بگرنو، ویستی پشتیوانی لە مافو ئازادیی کەسانی دیکە، لەنێو ئەواندا، بەرەوژوور بچێ.

**٤-٢:** فێرکردن دەبێ وەك پێویستییەکی گرنگ لە خزمەت وێکهەڵکردندا، سەیری بکرێ. هەر بۆیە برەوپێدانی شێوە عەقڵانیو سیستماتیکەکانی فێرکردنی وێکهەڵکردن بە مەبەستی دژایەتیکردنی هۆکارە کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسیو ئایینییەکانی خولقێنەری نەسازانو کەم سیکلدانەیی ـ واتە ریشە سەرەکییەکانی توندوتیژیو بێبەشکردنی کەسانی دیکە ـ پێویستە. بەرنامەو سیاسەتەکانی تایبەت بە فێرکردن دەبێ لە خزمەت گەشەکردنو پەرەپێدانی لێکتێگەیشتن، هاوپێوەندیو وێکهەڵکردنو سەربەخۆیی لە نێوان تاکەکان وەك گروپە قەومی، کۆمەڵایەتی، کولتووریو زمانییەکانو نەتەوەکان دابن.

**٤-٣:** فێرکردن لە پێناوی وێکهەڵکردندا، دەبێ لەسەر کاریگەریی دوو لایەنە (بەرانبەر) کە دەبنە هۆی ترساندنو بێبەشکردنی کەسانی دیکە، کار بکاو، یارمەتیی لاوان بدا تا توانایی داوەریی سەربەخۆیانە، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو، بەڵگەهێنانەوەی ئەخلاقی لە



خۆیاندا گەشە پێ بدەن.

**٤-٤:** ئێمە بەرعۆدە دەبین کە بەرنامە لێکۆڵینەوەییە زانستی و کۆمەڵایەتییەکانو، فێرکردن لە پێناوی وێکهەڵکردندا، پشتگری مافی مرۆڤو نەهێشتنی توندوتیژی بنو، بەڕێوەیان ببەین. ئەمە بە مانای سەرنجدانی تایبەتی بە پەروەردەکردنی هەرچی باشتری مامۆستایان، ماددەکانی فێرکردن، نێوەرۆکی کتێبەکانو، دەقی وانەکانی خوێندن، ماددە فێرکارییەکانی دیکەو یەك لەوان تەکنۆلۆژییە فێرکارییە نوێیەکان بە مەبەستی فێرکردنی هاووڵاتیانی بەرپرسو هەستیار لە ئاست مافەکانی کەسانی دیکەیە، تا لە هەمبەر کەلتورەکانی دیکە کراوە بن، ڕێز بۆ ئازادیو کەرامەتو جۆراوجۆریی مرۆیی دابنێنو، پێشی گرژیو شەڕو توندوتیژی بگرن، یان بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە چارەسەریان بکەن.

**ماددەی ٥- دەروەستبوونی بە کردەوە:**

ئێمە بەرعۆدە دەبین کە وێکهەڵکردنو دووری لە توندوتیژی لە ڕێگای بەرنامەو ڕێکخراوە تایبەتییەکان لە بوارەکانی فێرکردن، زانست، کولتوورو پێوەندییەکاندا برەو پێ بدەین.

**ماددەی ٦- ڕۆژی جیهانی بۆ وێکهەڵکردن:**

بە مەبەستی پێکهێنانی ئاگایی گشتی، پێداگرتن لەسەر مەترسییەکانی کەم سیکەدانەییو دەمارگرژیو، بە نیشانەی وەفاداریی دووبارەو بەکردەوە بە پشتگیری لە فێرکردنو برەوپێدانی وێکهەڵکردن، ئێمە بەرەسمی ڕۆژی ١٦ی نوامبری هەموو ساڵێك وەك "ڕۆژی جیهانی بۆ وێکهەڵکردن" رادەگەیەنین.

وەرگێڕان بۆ فارسی: سوهەیلا وەحدەتی

www.unesco.org/tolerance/declaeng.htm

سەرچاوە: ماڵپەڕی www.iran emrooz.com

# بەرنامەی پێشنیارکراوی

# ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون

# بۆ پێشگیری لە ڕفاندن و بێ سەروشوێنکردنی مرۆڤەکان

**بەرایی:**

هەر کات کەسێك لە لایەن یەکێك لە ئۆرگانە دەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی نارەسمی بگیرێ و هیچ چەشنە زانیارییەك لە سەر وەزعی ناوبراو بە دەستەوە نەبێ، ئەو کەسە وەك ڕفێندروا، یان بێ سەروشوێنکراو ناو دەبەین.

ئەم ڕووداوە بۆ کەسە بێ سەروشوێنکراوەکەو بنەماڵەکەی سەرچاوەی ئازار و نارەحەتییەکی لەڕادەبەدەرە. ئەم کردەوەیەی کاربەدەستانی دەوڵەتی بە یەکێك لە تاڵترین نموونەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەژمێردرێ. مرۆڤی ڕفێندراو، یان بێ سەروشوێنکراو بە هەڵکەندران لە شوێنی ژیانی خۆی هەموو چەشنە پشتیوانییەکی قانوونی لە دەست دەدا و دەکەوێتە ژێر ئازار و ئەشکەنجەوە. زۆر لە قوربانییەکان هیچ کات جارێکی دیکە چاویان بە ئامێزی بنەماڵەکەی خۆیان ناکەوێتەوە، بنەماڵەیەك کە ئیدی ئێستا بە بۆنەی بێ ئاگایی لە چارەنووسی یەکێك لە ئازیزەکانی لە نێو دەردو ئازاردا بە تەنیا دەتلێتەوە.



ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، داوا لە هەموو دەوڵەتان دەکا سەرنج بدەنە "بەرنامەی پێشگیری لە ڕفاندن و بێ‌سەروشوێنکردن"ی مرۆڤەکان و، سەرنجی ئەوان بۆ ڕەچاو کردن و بەڕێوەبردنی نیوەرۆکی ئەم چاردە ماددەیە کە لێرە بەدواوە دەخرێنە بەرچاو، ڕادەکێشێ و لە قوربانییەکانی ئەم چەشنە جینایەتانە و ڕێکخراوی پێوەندیدار بەوانەوە بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم بەرنامەیە داوای یارمەتی دەکا.

دەوڵەتان بە جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە، ویست و ئیرادەی خۆیان لە بارەی کوتاییهێنان بەم جینایەتە نیشان دەدەن و لە هەوڵۆ هەنگاوی نەهێشتنی ئەم ستەمە لە جیهان دا، بەشدار دەبن.

**١- مەحکووم کردنی ڕەسمیی "ڕفاندن و بێ‌سەروشوێنکردن"**

دەبێ بەرزترین ناوەندەکان و نوێنەرانی دەوڵەتان بە ڕەسمی و لەو پەڕی ڕاشکاویدا ڕفاندن و بێ‌سەروشوێنکردنی ئینسانەکان مەحکووم بکەن و دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ئەم جینایەتە ڕابگەیەنن. ئەوان دەبێ پۆلیس، ئەرتەش و هێزە ئاسایش پارێزەکانیان تێبگەیەنن کە بێ‌سەروشوێنکردن و لە نێو بردنی مرۆڤەکانیان بە هیچ جۆر و لە هیچ هەلومەرجێکدا، لێ قەبووڵ ناکەن.

**٢- دیار بوونی ئاست و دەسەڵاتی فەرماندەری و لە ژێر چاوەدێریدا بوونی هێزە ئاسایش پارێزەکان.**

داوا لە بەرپرسانی بەشە جۆراوجۆرەکانی هێزە ئاسایش پارێزەکان دەکرێ کە بە دەرکردنی فەرمانی ڕوون و لە ڕێگای چاوەدێریکردنی هەموو کاروبارەکانەوە کۆتایی بە گرتنی لەخۆوە بنێن و، پێشی ڕفاندن و بێ سەروشوێنکردنی مرۆڤەکان بگرن و دڵنیابن کە ئەو کارانە جێبەجێ دەبن. دەبێ هەموو ئەو کاربەدەستانەی بە جۆرێك دەستیان لە قوربانیکردنی مرۆڤەکاندا هەیە بکەونە ژێر لێکۆڵینەوە و سزای قانوونی بدرێن.

**٣- ئەركی گەیاندنی زانیاری لەبارەی گرتن و ئازادكردنی مرۆڤەكان**

دەبێ بنەماڵە، پارێزەر و دادگای پێوەندیدار دەستبەجێ لە گرتن، راگوێزتن، یان ئازادكردنی گیراوەكە ئاگادار بكرێن و زانیاریی وردیان لە بارەی ئەو كەسەوە، بۆ وێنە: كات و شوێنی گیران و هۆیەكەی، پێ بدرێ.

ئازادكردنی هەر بەندییەك دەبی بە پێی بەڵگە بێ و، ئەمنییەتی دوای ئازادكردنی دەستەبەر بكرێ.

**٤- هەنگاونان بە مەبەستی پشتیوانی لە گیراوەكان و روونكردنەوەی شوێنی گیرانیان**

داوا لە دەوڵەتان دەكرێ بە جێبەجێ كردنی هەنگاوی كاریگەری حوقووقی ئەو بوار و دەرەتانە بۆ پارێزەران و بنەماڵەی بەندییەكان پێكبێنن تا بتوانن پێوەندی بە ناوەندە خاوەن سەلاحییەتەكان بگرن و بە زوویی لە شوێنی گیران و دەستبەسەركرانی گیراوەكان ئاگادار ببنەوە. پارێزەران و بنەماڵەكان دەبێ ئیمكانی پێوەندی گرتن لەگەڵ ئۆرگان و دامەزراوەكانی بەرپرس لە گرتنەكانیان هەبێ و بتوانن شكایەتیان لێ بكەن و بۆ ئازادیی كەسانێك كە لە خۆوە گیراون، هەوڵ بدەن.

**٥- دژایەتی لەگەڵ گرتنی بە نهێنی**

دەوڵەتان دەبێ دڵنیایی بدەن كە گیراوەكان تەنیا لە بەندیخانە ناسراو و رەسمییەكاندا رادەگیرێن و، دەبێ ناونیشان و تایبەتمەندیی گیراوەكانی هەركام لە بەندیخانەكان لە دەفتەری بەندیخانەكەیان و هەروەها لە ناوەندە پێوەندیدارەكان بە شێوەیەكی رەسمی تۆمار كرابێ. بنەماڵەكان، پارێزەران، قازییەكان و كەسان و ناوەندەكانی دیكە دەبێ دەستیان بەو دەفتەر و شوێنانە رابگا كە ناوەكانیان تێدا تۆمار كراوە و قانوون مافیان پێ دەدا كە بیان بینن. بەندیخانە و گرتنە نهێنییەكان دەبێ كۆتاییان پێبێ.



**٦- دەستبەسەرداگرتن و زیندانیكردن تەنیا دەبێ لە لایەن بەرپرسە قانوونییەكانەوە بێ.**

هەر جۆرە ئەمرێكی گرتن و زیندانی كردن دەبێ تەنیا لە لایەن بەرپرسانێك كە قانوون دەستنیشانی كردوون، دەربچێ و جێبەجێ بكرێ. مەئمووران دەبێ خۆیان بە تاوانباركراو بناسێنن و كارتی پێناس نیشان بدەن. ئەگەر لە شوێنی گرتنەكە، كەسانێك وەك شایەدی رووداوەكە هەبن و داوا بكەن كە مەئمووران خۆیان پێ بناسێنن، دەبێ خۆ بە وانیش بناسێنن. دەوڵەتان لە سەریانە كە ئۆرگانەكانیان و كەسانی بەرپرس لە كاروباری گرتن و زیندانی كردنی مرۆڤەكان بە تەواوی دیاری بكەن و لە كاتی لادان و پێشێلكاریدا، تەمبێیان بكەن.

**٧- دەستڕاگەیشتن بە گیراوەكان**

هەموو ئەو كەسانەی دەگیرێن دەبی دەستبەجێ بە دادگا و بەرپرسانی قەزایی بسپێردرێن. ئەندامانی بنەماڵە، پارێزەران، وەكیلەكانی دادگوستەری و پزیشكەكان دەبێ بە رێكوپێكی گیراوەكە لە هەموو قۆناغەكانی گیراندا ببینن. دەبێ رێگای سەردان و پشكنینی رێكوپێك، لەپڕوناكاو و بەبێمەرج، لە هەموو بەندیخانەكان بە لێكۆڵەرانی دەوڵەتی بدرێ.

**٨- "رفاندن و بێسەروشوێنكردن" دەبێ مەنعی قانوونیی لەسەر دابنرێ:**

دەوڵەتان دەبێ لێبڕاوانە رفاندن و بێسەروشوێنكردنی ئینسانەكان بە پێچەوانەی قانوون و، بە تاوان دابنێن و هەركەس لێی لادا، تەمبێی بكەن.

**٩- بەرپرسایەتیی تاكەكەسی:**

دەبێ لە خولە فێركارییەكاندا ئەو مەئموورانەی كاری دەستبەسەركردن و بەندكردنی كەسانی تاوانباریان پێ سپێردراوە، قەدەغە بوونی رفاندن و بێ سەروشوێنكردنیان وەبیر بخرێتەوە و بە جیددی تێ بگەیەنرێن. ئەم مەئموورانە دەبێ بزانن كە هەم مافی

ئەوەیان هەیە، هەم ئەرکی سەرشانیانە ئەمری سەرەوەتری خۆیان لەبارەی رفاندن و بێسەروشوێنکردنی ئینسانەکان رەت بکەنەوە و دژی بوەستن. مەئمووران دەبێ لەو کێشە حوقووقییە ئاگادار بن کە ئەگەر لە رفاندن و بێسەروشوێنکردنی ئینسانەکاندا هاوکاریو بەشداری بکەن، هیچ بیانوو و پاساوێکیان لێ قەبوڵ ناکرێو ناتوانن خۆیان بەمە بپەڕێننەوە کە فەرمانێکی دەوڵەتیان جێبەجێ کردوە و لە هەر حاڵدا بەتوندی سزا دەدرێن.

**۱۰- پێڕاگەیشتن و لێکۆڵینەوەی نەبەستراوە [بە دەوڵەت] :**

دەوڵەتان دەبێ لێبڕاوانە هەوڵ بدەن کە سکاڵا و راپۆرتەکانی پێوەندیدار بە رفاندن و بێسەروشوێنکردنی مرۆڤەکان، لەلایەن دامەزراوێکی ناحیزبیو نەبەستراوە بە وردی بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە و پێڕاگەیشتن. ئەو رێکخراوە دەبێ هیچ بەستراوەییەکی بەو لایەنەوە نەبێ کە سکاڵای لێ کراوە و، پێویستە بەڵگەنامە و ئامرازی پێویست بۆ بەدواداچوون و دۆزینەوەی راستییەکانی بە دەستەوە هەبێ. مەئموورانی تاوانبارکراو بە ئەنجامدانی کردەوەی رفاندن و بێسەروشوێنکردن، دەبێ لەو ماوەیەدا کە لە پەروەندەکەیان دەکۆڵرێتەوە لە کارەکەیان وەلابنرێن. ئەندامانی بنەماڵەی قوربانی دەبێ دەستیان بە هەموو زانیاری و بەڵگەیەکی پێوەندیدار بە پەروەندەکەوە رابگاو، هەروەها مافی پێوە زیاد کردنی سکاڵا و بەڵگەنامەی دیکە بە پەروەندەکە، بۆ ئەندامانی بنەماڵەی قوربانییەکە بپارێزرێ. دەبێ بە مەبەستی پشتیوانی لە خاوەن سکاڵاکان، شاهیدان، پارێزەران و هەموو ئەو کەسانەی پەروەندەکە پێوەندی بەوانەوە هەیە، هەنگاوی پێویست بنرێ و، پێشی هەر چەشنە تۆڵەستاندنەوە، هەڕەشە و مەترسییەکی دیکە بۆ سەر گیانی ئەوان بگیرێ. دەبێ لێکۆڵینەوە و بەردەوامبوون لەسەر پەروەندەکە تا روونبوونەوەی چارەنووسی قوربانییەکە بە رەسمی درێژەی هەبێ.



**۱۱- لێپرسینەوەی قانوونی لە تاوانباران:**

دەوڵەتان دەبێ لێبڕاوانە هەوڵ بدەن کە کەسانی بەرپرس و بەشدار لە تاوانی رفاندن و بێسەروشوێنکردنی مرۆڤەکاندا، بکێشنە دادگا و لێیان بکۆڵنەوە. ئەم بڕیارە دەبێ هەموو کات و لە هەموو جێیەك بەڕێوەبچێ و هیچ پێوەندییەکی بە شوێنی ژیان، شوێنی روودانی تاوان، میللییەت (نەتەوایەتی)ی تاوانبار، میللییەتی قوربانی، یان کاتی روودانی تاوانەکەوە نییە. هەر چەشنە هەنگاونانێکی قانوونی بە مەبەستی سووککردنی سزا، یان پشتیوانی لە تاوانباران، ئیعتیبار و بایەخێکی نییە و، بە ناڕەوا دەزانرێ.

**۱۲- قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لە قوربانی کەوتوون:**

ئەرکی سەرشانی دەوڵەتانە کە ئەو زیان و خەسارانە کە لە قوربانیی ئەشکەنجە و بنەماڵەکەی کەوتوون، قەرەبووبکەنەوە. دانی رادەیەکی گونجاو دراو (پارە)، یەکێك لەو قەرەبووکردنەوانەیە. بۆ ئەو کەسە بێسەروشوێنکراوانەش کە پەیدا دەبنەوە، دەبێ خزمەتە دەرمانییەکان و ئیمکاناتی پزیشکی دابین بکرێ.

**۱۳- پەسند کردنی بە رەسمیی رێککەوتننامە و پەیماننامە جیهانییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و جێبەجێکردنیان.**

هەموو دەوڵەتان دەبێ پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی تایبەت بە ڕەچاوکردن و بەڕێوەبردنی مافەکانی مرۆڤ و قەدەغەبوونی رفاندن و بێسەروشوێنکردنی ئینسانەکان بە شێوەیەکی رەسمی پەسند بکەن. نموونەی ئەو پەیماننامە نێونەتەوەییانە بریتین لە: پەیماننامەی نێو نەتەوەیی لەبارەی مافە شارۆمەندی (هاووڵاتیەتی) و سیاسییەکان، جاڕنامەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێککەوتننامە نێونەتەوەییەکانی دیکە کە رفاندن و بێسەروشوێنکردنی ئینسانەکان مەحکووم و پشتیوانی لە قوربانییەکانی دەکەن. دەوڵەتان هەروەها بە شێوەیەکی بەردەوام دەبێ بۆ جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی پەیماننامەکان تێبکۆشن.

### ١٤- بەرپرسایەتیی دەوڵەتان لە مەیدانی نێونەتەوەییدا:

دەوڵەتان دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئیمکاناتێك کە هەیانە دژی دەوڵەتێك کە تاوانی رفاندن و بێسەرو شوێنکردنی مرۆڤ ئەنجام دەدا، بوەستن و ئاگادار بن کە هەر چەشنە یارمەتییەکی سەربازی، پولیسی و ئەمنییەتیی ئەوان بە وڵاتانی دیکە، نەبێتە هۆی رفاندن و بێ سەرو شوێنکردنی ئینسانەکان. دەوڵەتان دەبێ دڵنیابن کە ئەو کەسانەی لەوانەیە لە وڵاتێکدا لەگەڵ مەترسیی رفێندران و بێ سەروشوێنکردن بەرەوڕووبن، بە زۆری نەیاندەنەوە بەو وڵاتە.

**دوکتور "ا. تەبەری" وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی**

**(لە سایتی"ایران امروز" وەرگیراوە)**



## پەیمانی شووراى ئەوروپا
## بۆ پشتیوانی لە
## کەمایەتییە نەتەوەییەکان

پێشەکیی وەرگێڕی فارسی(*):

ئەم پەیمانە، رێککەوتننامەیەکە لە چەشنی جاڕنامەی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە لایەن شوورای ئەوروپاوە و بە ئامانجی پشتیوانی لە کەمایەتییە نەتەوەییەکانو، پێشگیری لە جیاوازیدانان بە دژی ئەوان، پەسند کراوە و بڵاو بۆتەوە. ئەم مافانەی لەم پەیمانەدا هاتوون لە مافە شارۆمەندییەکان کە ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە وڵاتی ئەوروپاییدا، وەك ئەندامانی دیکەی کۆمەڵ هەیانە، جیاوازن. ئەم مافانە هەروەها لەو مافە سیاسییانە کە زۆربەی میللییەتە ئەوروپاییەکان بە تایبەتی لەچوارچێوەی سیستەمە فیدراتیڤەکاندا هەیانە، جیاوازن. ئەم مافانە هێندێك بنەمای گشتیو، لانیکەمی ئەو مافانەن کە ئەندامانی ئەو کەمایەتییانە، بێ لەبەرچاوگرتنی جۆری سیستەمی سیاسی، دەبێ هەیانبێ. شتێکی سروشتییە کە مافەکانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە سیستەمە فیدراتیڤەکاندا، زۆر لەوانەی لەم پەیمانەدا هاتوون، زیاترن. بۆ نموونە دانمارکییەکانی وڵاتی ئەڵمان، مافی سیاسیی تایبەت بە خۆشیان هەیە لە حاڵێکدا، لەم راگەیەندراوەدا هیچ ئاماژەیەکیش بەوان نەکراوە.

هەروەها دەبێ لەنێوان میللەت (نەتەوە)، یان میللییەت (نەتەوایەتی)و "کەمایەتیی نەتەوەیی" جیاوازی دابنێین. "کەمایەتیی نەتەوەیی" بە تاقمێك، یان بەشێك لە

ئەندامانی کۆمەڵ دەگوترێ کە لەمێژساڵە لەو کۆمەڵگەیەدا دەژین، ئەندامی ئەو کۆمەڵگەیەن[ هاووڵات، یان شارۆمەندی ئەوێن]، بەڵام لە باری "نەتەوەیی"، کولتووریو زمانییەوە لەگەڵ زۆرایەتیی کۆمەڵگە، جیاوازن. بۆ وێنە لە ئەڵمان کەمایەتییەکانی "سینتی"و "روما" لەچاو ئەڵمانییەکانی دیکە، وەزعێکی ئەوتۆیان هەیە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە لەو وڵاتانەدا کە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی جۆراوجۆریان هەیە ـ وەك سویسرو بێلژیك ـ لە جیاتی زاراوەی "کەمایەتیی نەتەوەیی"، لە چەمکی "میللییەت" کەڵك وەردەگرن. چونکە لەوێ هەرلەجێدا "زۆرایەتییەکی نەتەوەیی" نییە تا"کەمایەتییەك"یش لەوێدا هەبێ، "کەمایەتی" وەك کەرتێك، یان لقێك لە بەرانبەر "زۆرایەتی"دا، سەیر بکرێ. بەڵکو هەر میللەتێك ناوچە، یان سەرزەویی تایبەت بە خۆی هەیەو، بۆخۆی زۆرایەتیی ئەو ناوچەیە پێکدێنێ.

ئەگەر لەبارەی ئێرانەوە بمانەوێ نموونەیەك بێنینەوە، دەبێ بڵێین کە میللییەتە ئێرانییەکان ـ ئازەری، کورد، عەرەب، بەلووچ ـ ناتوانین پێیان بڵێین "کەمە نەتەوە"، یان "کەمایەتیی نەتەوەیی"، چونکە ئەوان، لەسەر یەك لەناوچەی خۆیاندا نیشتەجێنو زۆرایەتیی کۆمەڵگەی ئەوێ پێکدێنن. تەنیا بەو تاقمە لە میللییەتەکان دەتوانین بڵێین "کەمایەتیی نەتەوەیی" کە لەنێو میللەتەکانی دیکەدا دەژین. بۆ نموونە ئەگەر ئێرانی داهاتوو وڵاتێکی فیدراتیڤ پێکهاتوو لە ئەیالەتە جۆراوجۆرەکان بێ، ئەو کات دەتوانین بە ئازەرییەکانی ئەیالەتی کوردستان، یان بە کوردەکانی ئازەربایجان بڵێین "کەمایەتیی نەتەوەیی"، کە دەبێ لانی کەمی مافەکانیان کە لەم پەیمانەدا هاتووە، بۆیان دابینو دەستەبەر بکرێ.



## پەیمانی شوورای ئەورووپا
## بۆ پشتیوانی لە
## کەمایەتییە نەتەوەییەکان

ئێمە وڵاتانی ئەندامی شوورای ئەورووپاو، وڵاتانی دیکە کە ئەو پەیمانەیان ئیمزا کردووە:

- بەم هۆیەوە کە دەمانەوێ ئامانجی نزیك کردنەوەی هەرچی زیاتری ئەندامانی شوورای ئەورووپا بێنینەدی،

- بەم هۆیەوە کە دەمانەوێ نێوەرۆکی ڕێککەوتننامەی ٩ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣ی سەرۆکانی دەوڵەتانی ئەندامی شوورای ئەورووپا لە ڤیەننا جێبەجێ بکەین،

- بەم هۆیەوە کە لێبڕاوین ئیدەئالە ئینسانییەکانو، ڕێوشوێنە دێمۆکراتیکەکان کە میراتی هاوبەشی هەموومانن، بپارێزینو پەرەیان پێبدەین تا لەم ڕێگایەوە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان گەشە بکەنو قووڵتر ببنەوە،

- بەم هۆیەوە کە پارێزگاری لە بوونی کەمایەتییە نەتەوەییەکانو داکۆکی لە مافەکانی ئەوان، بۆ سەقامگیری، هێمنایەتیی دێمۆکراتیكو ئاشتی لە ئەورووپادا، گرنگیی خۆی هەیە،

- بەم هۆیەوە کە هەر کۆمەڵگەیەکی بەراستی دیموکراتیكو پلۆرالیستی نەك هەر دەبێ ناسنامە ئەتنیکی، کولتووری، زمانیو ئایینییەکانی هەموو ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان بپارێزێ، بەڵکوو دەبێ هەلومەرجی پێویست بۆ خۆنواندنی ئازادانەو پاراستنو گەشەکردنی ئەم پێناسەیەش پێکبێنێ،

- بەم هۆیەوە کە پێویستە کەشوهەوای وێکهەڵکردنو وتووێژ بپارێزرێو قووڵ بکرێتەوە،

- بەم هۆیەوە کە جۆراوجۆریی کولتووری بۆ هەرکام لەو کۆمەڵگایانە نەك هەر هۆیەكو سەرچاوەیەك بۆ جیایی‌و لێکدابڕان لەواندا نییە، بەڵکوو دەتوانێ ببێتە هۆی دەوڵەمەند نیشاندانیشیان،

- بەم هۆیەوە کە گەشەکردنو پەرەگرتنی ئەورووپا، هەر بە هاوکاریی نێوان وڵاتانی ئەم پارچە وشکاییە نەبەستراوەتەوە، بەڵکوو بۆ وێنە بە هاوکاریی نێوان ئۆرگانەکانو دەزگا دەوڵەتییە هەرێمی‌و ناوچەییەکانی دەرەوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتانەش، دیارە بە ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنە قانوونییەکانو مافی حاکمییەتی نەتەوەیی هەریەك لەو وڵاتانەشەوە، بەستراوە،

- هەر وەها بە وەبەرچاوگرتنی ڕێککەوتننامەی مافی مرۆڤو ئازادییە بنەڕەتییەکانو پەیماننامە پێوەندیدارەکان،

- بەسەرنجدان بەو دەروەستو بەرپرسیارەتییانە کە لە جاڕنامەو پەیماننامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو، لە پێوەندی لەگەڵ پشتیوانی لە کەمایەتییە نەتەوەییەکاندا، هاتوون،

بەرعۆدە بووین ئەو ڕێوشوێنانەی لە پێوەندی لەگەڵ ئامانجەکانی سەرەوەدا دەبێ بەڕێوەبچن، هەروەها ئەو دەروەستو پابەندییە قانوونی‌و سیاسییانەی کە لەوانەوە سەرچاوە دەگرن، دەستنیشانو ئامادە بکەین تا هەموو ئەو وڵاتانەی ئەم ڕاگەیەندراوە ئیمزا دەکەن، پارێزگاری‌و داکۆکیی کاریگەر لە کەمایەتییە نەتەوەییەکانو، ماف و ئازادییەکانی ئەوان لەسەر بناغەی پرنسیپەکانی دەوڵەتی قانوونی‌و، مافی سەربەخۆیی‌و، دەسەڵاتی نەتەوەیی وڵاتانی پێوەندیدار، دابینو دەستەبەر بکەن.

ڕێوشوێنەکانی گونجاو لەم پەیمانەدا دەبێ لەنێوخۆی وڵاتانێکدا کە ئیمزایان کردوە، بن بە ڕێوشوێنی حوقووقی‌و لەلایەن دەوڵەتەکانی ئەوانەوە بەڕێوە ببرێن.

ئەم ڕێوشوێنە بناغەییانەی ئیمزاکەران پابەندن بەرەچاوکردنیان بریتین لە:



## فەسڵی یەکەم

**ماددەی١:**

پارێزگاری‌و داکۆکی لە کەمایەتییە نەتەوەییەکانو ماف و ئازادییەکانی ئەندامانی ئەوان، شتێکی جیانەکراوە لە داکۆکیی نێونەتەوەیی لە مافەکانی مرۆڤ و، بەشێك لە هاوکارییە نێونەتەوەییەکان پێکدێنێ.

**ماددەی٢:**

نێوەرۆکی ئەم پەیمانە دەبێ لەسەر بناغەی بڕواو متمانەو، بە گیانی وێکهەڵکردنو لێکتێگەیشتن، شانبەشانی ڕێزدانان بۆ دراوسێیەتی‌و پێوەندیی دۆستانەو هاوکاریی نێوان دەوڵەتان بەڕێوەببرێ.

**ماددەی ٣:**

١- هەر کەسێك کە سەر بە کەمایەتییەکی نەتەوەییە، مافی ئەوەی هەیە ئازادانە بڕیار بدا کە ئایا لەسەر بناغەی بەستراوەیی بەو کەمایەتییە نەتەوەییە، هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ، یان نا. هەر بڕیارێك بدا نابێ ببێتە هۆی زەوتکردنی مافەکانی‌و، هیچ زیانو خەسارێکی بۆ ئەو بەدواوە بێ.

٢- ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان دەتوانن لەو ماف و ئازادییانە کە لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتوون، بە شێوەی تاکەکەسی‌و بە کۆمەڵ کەڵك وەربگرن و بەڕێوەیان ببەن.

## فەسڵی دووهەم

**ماددەی ٤:**

١- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە، بەرعۆدە دەبن کە مافی یەکسانبوون لەبەرانبەر قانووونداو، پارێزگاریی قانوونیی وەکیەك بۆ هەرکەسێك کە سەر بە کەمایەتییەکی

نەتەوەییە، دەستەبەر بکەن. بەم پێیە هەر چەشنە جیاوازیدانانێك لەسەر بناغەی بەستراوەیی بە کەمایەتییەکی نەتەوەیی، قەدەغەیە.

٢- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە، بەرعۆدە دەبن ئەگەر پێویست بوو هەنگاوی گونجاو هەڵبگرن بۆ ئەوەی بەرابەریی تەواوو راستەقینە لە نێوان ئەندامانی کەمایەتییەکی نەتەوەیی لەگەڵ زۆرایەتیی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکانی ئابووری، سیاسیو کولتووریی ژیاندا، جێگیر بێو، قووڵتر بێتەوە. لەم روانگەیەوە ئەوان بە شێوەیەکی لەبار بایەخ دەدەن بە هەلومەرجی تایبەتیی ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکانو رەچاوی دەکەن.

٣- ئەو هەنگاوانەی لە سەربناغەی خاڵی دووهەمی ئەم ماددەیە هەڵدەگیرێن، وەك جیاوازیدانان سەیر ناکرێن.

**ماددەی ٥:**

١- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە، بەرعۆدەن هەلومەرجێك پێکبێنن تا ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان بتوانن کولتووری خۆیان بپارێزنو بیبووژێننەوە و لایەنەکانی پێکهێنەری ناسنامەی خۆیان وەك ئایین، زمان، نەریتەکانو میراتە کولتوورییەکانی خۆیان بپارێزن.

٢- جیا لەو هەنگاوە گشتییانەی بۆ راکێشانو تێکەڵاوبوونی ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لەکۆمەڵدا، پێویستە هەڵبگیرێن، ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆر کردوە، لە هەر هەنگاوو ئامانجێکی دیکە کە بە مەبەستی لاواز کردنو وەکیەك لێکردنی زۆرەملیو تواندنەوە (ئاسیمیلاسیۆن)ی ئەوان بێ، دووری دەکەنو، هەوڵ دەدەن پشتیوانی لەو کەسانە بکەن کە لەگەڵ ئەم رەفتارو سیاسەتە ئاسیمیلاستیانە بەرەوروو دەبن.

**ماددەی ٦:**

١- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە، گیانی وێکهەڵکردنو وتووێژی کولتووری



لەنێوان مرۆڤەکان بەهێز دەکەنو، هەنگاوی کاریگەر بە مەبەستی گەشەکردنو قووڵبوونەوەی رێزو لێکتێگەیشتنی بەرانبەرو، لە پێناوی پەرەپێدانی هاوکاریی نێوان هەموو ئەو مرۆڤانەی لە وڵاتەکانیاندا دەژین، بەتایبەتی لە بوارەکانی فێرکردن، فەرهەنگو راگەیەنە گشتییەکاندا، هەڵدەگرن. ئەویش بەبێ وەبەرچاوگرتنی ناسنامەی نەتەوەیی، کولتووری، زمانیو ئایینیی ئەوان.

٢- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە، بەرعۆدە دەبن هەنگاوی پێویست بە مەبەستی پارێزگاریو پشتیوانی لەو مرۆڤانە هەڵبگرن کە سەبارەت بە بەستراوەیی نەتەوەیی، کولتووری، زمانیو ئایینییان لەگەڵ جیاوازیدانان، کردەوەی دوژمنانەو توندوتیژ بەرەوڕوون، یان لەوانەیە بەرەوڕوو بن.

**ماددەی ٧:**

ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە، مافەکانی هەموو تاکێکی سەربە کەمایەتییە نەتەوەییەکان بۆ پێکهێنانی کۆڕوکۆبوونەوەی هێمنانەو ئاشتیخوازو بۆ خۆرێکخستنی ئازادانە، دابینو دەستەبەر دەکەنو، هەروەها رێز لە ئازادیی دەربڕین، بیروڕا، ویژدانو ئایینیی ئەوان دەنێنو رەچاویان دەکەن.

**ماددەی ٨:**

ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە، بەرعۆدە دەبن مافی هەموو کەسێك لە کەمایەتییە نەتەوەییەکان بۆ دەربڕینی بیروڕا ئایینییەکانو جیهانبینیی خۆیانو، هەروەها بنیاتنانی ناوەندو رێکخراوو کۆمەڵەی ئایینی بە رەسمی بناسن.

**ماددەی ٩:**

١- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە، بەرعۆدە دەبن مافی هەر تاکێك لە کەمایەتییە نەتەوەییەکان بۆ دەربڕینی ئازادانەی بیروڕاو بۆچوونەکانی خۆیان بەرەسمی بناسن. ئەم مافە، هەبوونی بیروبۆچوونی [جۆراوجۆر]، ناردنو وەرگرتنی هەواڵو بیروڕا بە زمانی خۆیان بێخۆتێهەڵقوتاندنو دەستێوەردانی دەوڵەتیو بێسەرنجدان بە

سنوورەکانی وڵات، دەگرێتەوە. ئیمزاکەرانی ئەم پەیمانە هەروەها بەرعۆدە دەبن لەچوارچێوەی سیستەمی حوقووقیی خۆیاندا، ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ ئەوەی ئەم کەمایەتییانە لە پێوەندی لەگەڵ ڕاگەیەنە گشتییەکاندا، لەگەڵ جیاوازیدانان بەرەوروو نەبن.

٢- خاڵی ١ی ئەم ماددەیە نابێ ڕێ لەوە بگرێ کە وڵاتانی ئیمزاکەری ئەم ڕاگەیەندراوە بەبێ فەرقوجیاوازیو، بەگوێرەی پێوانە ناسراوەکانو، بە پێی پرۆسەیەکی قانوونیو ئیداری، ئیجازەی تێکۆشانو کارکردن بدەن بە ڕێکخراوەکانو کۆمپانیا رادیۆیی، تەلەفیزیۆنیو سینەماییەکان.

٣- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە، ڕێ لەوە ناگرن کە ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان، چاپەمەنیی تایبەت بەخۆیان هەبێو کەڵکی لێوەربگرن. ئەو وڵاتانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە لەچوارچێوەی ڕێوشوێنە قانوونییەکاندا، مافی کەڵکوەرگرتن لە رادیۆو تەلەفیزیۆن بۆ ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکانو، هەروەها ئەوەندەی بگونجێو، بەوەبەرچاوگرتنی خاڵی یەکەم (یئەم ماددەیە) وەزعێکی وا پێکدێنن کە کەمایەتییە نەتەوەییەکان ڕاگەیەنە گشتییەکانی تایبەت بەخۆیان هەبێو کەڵکیان لێوەربگرن.

٤- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە لە چوارچێوەی قانوونەکانیاندا هەنگاوی پێویست بە مەبەستی هاسانکاری بۆ کارتێکردنو دەست ڕاگەیشتنی ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان بە ئامرازەکانی پێوەندیگرتنی گشتی هەڵدەگرنو، گیانی نەرمی نواندنو وێکهەڵکردن بەهێز دەکەنو، بوار بۆ پلۆرالیزمی کولتووری پێکدێنن.

**ماددەی ١٠:**

١- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە، بەرعۆدە دەبن کە مافی هەموو تاکێکی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەییەکان بۆ کەڵکوەرگرتنی ئازادانەو بێگیروگرفت لە زمانی خۆیان بە شێوەی زارەکیو بە نووسراوە، چ لەچوارچێوەی بنەماڵەو ژیانی تایبەتیداو چ



لەبەرچاوی خەڵك، بەڕەسمی بناسن.

٢- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە هەوڵ دەدەن لەو ناوچانەدا کە کەمایەتییە نەتەوەییەکان، هەر لە کۆنەوە لەوێ دەژین، یان ژمارەیەکی زۆریان نیشتەجێی ئەوێن، ئەگەر ئەندامانی ئەو کەمایەتیانە بۆخۆیان بیانەوێو هەر بەڕاستییش ئەو پێویستییە هەبێ، ئەوەندەی بگونجێ هاسانکارییان بۆ بکەن تا لە وتووێژی ڕۆژانەو پێوەندیگرتنی ئەو کەمایەتییانە بە ئیدارەو دامودەزگا دەوڵەتییەکاندا، لە زمانی ئەو کەمایەتییانە کەڵك وەربگیرێ.

٣- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆر کردوە بەرعۆدە دەبن ئەو مافە بۆ هەر کەسێك لە کەمایەتییە نەتەوەییەکان لەکاتی گیراندا دەستەبەر بکەن کە خێراتر بە زمانێك کە لێی تێدەگا، لە بارەی هۆیەکانی گرتنو، سەبارەت بە جۆری ئەو تاوانانەی دراونە پاڵی، قسەی لەگەڵ بکەنو، ئەو مافەی هەیە کە بەو زمانەو، ئەگەر پێویست بوو بە یارمەتیی وەرگێڕێك کە بەخۆڕایی کاری وەرگێڕانی بۆ بکا، داکۆکی لەخۆی بکا.

**ماددەی ١١:**

١- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە بەرعۆدە دەبن کە مافی هەر کەسێك لە ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان بۆ هەڵبژاردنی ناو و ناوی بنەماڵەیی بە زمانی خۆیان و تۆمارکردنیان لە بەڵگەنامە ڕەسمییەکاندا بە ڕەسمی بناسن، بە جۆرێك کە سیستەمی حوقووقیی وڵاتی پێوەندیدار ددان بەو مافەدا بنێ.

٢- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە، بەرعۆدە دەبن کە مافی هەر تاکێك لە کەمایەتییە نەتەوەییەکان بۆ هەڵواسینی تابلۆ، نووسینی سەر بەردی کێل، کاری پرۆپاگەندە، هێنانی روونووس [وێنە، یان نموونەی نووسراوە و بەڵگەنامەکان]و نووسینی پێوەندیدار بە ژیانی تایبەتی بە زمانی خۆیان، بە جۆرێك کە بۆ هەموو لایەك ببینرێ، بەرەسمی بناسن.

٣- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە هەوڵ دەدەن لەو ناوچانەدا کە کەمایەتییە

نەتەوەییەکان هەر لە کۆنەوە بە ژمارەیەکی زۆرەوە، دەژین، لە چوارچێوەی ڕێوشوێنە قانوونییەکانداو لەوانەشە بەرێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی دیکەو بەسەرنجدان بەو تایبەتمەندییانەی هەن، تابلۆی ناوی ناوچەکان، گەڕەکەکان، شەقامەکانو نیشانە جوگرافیاییەکانی دیکە، هەر بە زمانی ئەو کەمایەتییانە بنووسن. دیارە بەمەرجێك کە ئەم کارە داواکاری پێویستی هەبێ.

**ماددەی ١٢:**

ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە، لەبەشی فێرکردنو لێکۆڵینەوەدا هەنگاوی پێویست بەمەبەستی ناسینی قووڵتری فەرهەنگ، مێژوو، زمانو ئاییینی کەمایەتییە نەتەوەییەکانو زۆرایەتیی کۆمەڵ هەڵدەگرن.

**ماددەی ١٣:**

١- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە مافی ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان بۆ دامەزراندنو بەڕێوەبردنی قوتابخانەو دامەزراوە فێرکارییەکانی تایبەت بە خۆیان لە چوارچێوەی سیستەمە فێرکارییەکانی وڵاتی خۆیاندا بەرەسمی دەناسن.

٢ـ جێبەجێکردنی ئەم مافە هیچ بەرعۆدەییو بەرپرسیارەتییەکی ماڵی ناخاتە سەر ئەو وڵاتانەی ئەم ڕاگەیەندراوەیان مۆرکردوە.

**ماددەی ١٤:**

١- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە مافی ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان بۆ خوێندنو فێربوون بە زمانی خۆیان بەرەسمی دەناسن.

٢- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە، لەو ناوچانەدا کە کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە دێرزەمانەوە و بە ژمارەیەکی زۆرەوە دەژین، هەوڵ دەدەن بە مەرجێك داواکار بەرادەی پێویست هەبن، ئەوەندەی دەگونجێ لە چوارچێوەی سیستەمی فێرکردنی وڵاتەکانیاندا، ئەندامانی ئەو کەمایەتییە نەتەوەییانە زمانی نەتەوەیی خۆیان فێر



بن، یان بەو زمانە بخوێنن.

٣- خاڵی ٢، بێ ئەوەی فێربوونی زمانی ڕەسمیی وڵات، یان خوێندن بەو زمانە، زەبرێکی لێ بکەوێ بەڕێوەدەچێ.

**ماددەی ١٥:**

ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە، هەلومەرجی پێویست بۆ بەشداریی کاریگەری ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە ژیانی کولتووری، کۆمەڵایەتیو ئابووریی کۆمەڵ بەگشتیو، لە دەزگای ئیداری بەتایبەتی لەو کارانەدا کە دەگەڕێتەوە بۆ خۆیان، پێکدێنن.

**ماددەی ١٦:**

ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە خۆ لەو هەنگاوانە دەپارێزن کە ڕێژەو پێوەندیی خەڵك لەو ناچانەدا کە کەمایەتییە نەتەوەییەکانیان لێ دەژین، دەگۆڕنو، دەبنە هۆی بەرتەسك کردنی ماف و ئازادییەکانی ئەوان کە لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتوون.

**ماددەی ١٧:**

١- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە بەرعۆدە دەبن مافی ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان بۆ پێکهێنانو درێژەدانی پێوەندی لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە بە شێوەی قانوونی لەو دیوی سنوورە جوگرافیاییەکاندا دەژینو، بە تایبەتی پێناسەو تایبەتمەندیی نەتەوەیی، کولتووری، زمانیو ئاییینیی وەك یەکیان هەیە، یان خاوەنی هەر هەمان میراتی کولتوورین، لەبەرچاو بگرن.

٢- ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە بەرعۆدە دەبن ڕێز لە ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان بۆ بەشداری لە تێکۆشانی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان هەم لە ئاستی نەتەوەییو هەم لە ئاستی نێونەتەوەییدا بگرنو ئەم بەشداریکردنە نەبەنە ژێر پرسیار.

**ماددەی ١٨:**

١ـ ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە هەوڵ دەدەن ئەگەر پێویست بوو بە هۆی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی دوو لایەنەو چەند لایەنە لەگەڵ وڵاتانی دیکە، بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا، پارێزگاریو پشتیوانی لە ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان دەستەبەر بکەن.

٢ـ ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە، ئەگەر بۆیان گونجا، هەنگاوی پێویست بە مەبەستی بەهێزکردنی هاوکارییەکانی دەرەوەی سنوورەکان، هەڵدەگرن.

**ماددەی ١٩:**

ئەوانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردوە بەرعۆدە دەبن ڕێز لەو بنەمایانە بگرن کە لەم پەیماننامەیەدا هاتوونو جێبەجێیان بکەن. ئەگەر لەبەر هەر پێویستییەکیش بەربەستێکیان لەسەر ڕێگایان دروستکرد، دەبێ لەو چوارچێوانەدا بن کە لە ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکانو، بەتایبەتی لە ڕێککەوتننامەی پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانو هەروەها لە پەیماننامە پێوەندیدارەکاندا هاتوونو، گرنگیو بایەخێکی تایبەتی بەو ماف و ئازادییانە دەدەن کە لەم بنەمایانەوە سەرچاوە دەگرن.

## فەسڵی سێهەم

**ماددەی ٢٠:**

ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لەکاتی کەڵکوەرگرتن لەو ماف و ئازادییانەیان کە لە بنەماکانی ئەم پەیمانە سەرچاوە دەگرن، دەبێ ڕێوشوێنە قانوونییەکانی وڵاتێك کە لێی دەژین، بەتایبەتی مافەکانی ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکەو زۆرایەتیی کۆمەڵ، ڕەچاو بکەن.

**ماددەی ٢١:**

ئەو بنەماو ڕێوشوێنانەی لەم پەیمانەدا هاتوون، نابێ بەجۆرێك لێکبدرێنەوە کە ڕێگا بە ئەنجامدانی هەر کارو کردەوەیەك بدەن کە لەگەڵ بنەماکانی مافەکانی



نێونەتەوەیی بە تایبەتی بەرابەری (یەکسانی)ی سەربەخۆیی، مافی دەسەڵاتدارەتیی نیشتمانیو سەربەخۆیی سیاسیی دەوڵەتاندا، ناتەبان.

**ماددەی ٢٢:**

ئەو بنەماو ڕێوشوێنانەی لەم پەیمانەدا هاتوون، نابێ بەجۆرێك لێکبدرێنەوە کە ببنە هۆی بەرتەسك کردنو کەمکردنەوەی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان کە بە گوێرەی قانوون هەرکام لە مۆرکەرانی ئەم ڕاگەیەندراوە، یان بە پێی ڕێککەوتننامەکانی دیکە کە ئەو وڵاتانە مۆریان کردوون، بەرعۆدە بوون دەستەبەرو دابینیان بکەن.

**ماددەی ٢٣:**

ئەو ماف و ئازادییانەی لە بنەماو ڕێوشوێنەکانی ئەم پەیمانە سەرچاوە دەگرن و، هەر لەو کاتەدا لەگەڵ ڕێککەوتننامەکانی دیکەی وەك ڕێککەوتننامەی پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکانو پەیماننامە پێوەندیدارەکانیان، لە نێوەرۆکدا یەك شتن، دەبێ بە گوێرەی نێوەرۆکی ئەو ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییانە، پێناسە بکرێن.

## فەسڵی چوارەم

**ماددەی ٢٤:**

١- کۆمیتەی وەزیرانی شووڕای ئەورووپا بە سەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی نێوەرۆکی ئەو پەیمانەدا لەلایەن وڵاتانێکەوە کە مۆریان کردوە، چاوەدێری دەکا.

٢- ئەو وڵاتانەی ئەم ڕێککەوتننامەیەیان مۆرکردوە، بەڵام ئەندامی شووڕای ئەورووپا نین، لە میکانیزمێك بۆ چاوەدێری بەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ئەو پەیمانەدا ـ کە تا ئەم کاتە هێشتا دیاری نەکراوە. بەڵام ڕووندەکرێتەوە ـ بەشداری دەکەن.

**ماددەی ٢٥:**

١- هەركام لەو وڵاتانەی ئەم پەیمانەیان مۆركردوە، پاش ئەوەی پەیمانەكە ئیعتیباری قانوونیی پەیدا كرد، دەبێ لە ماوەی ساڵێكدا زانیاریی تەواو لە بارەی هەنگاوەكانی خۆیان كە لە بواری قانووندانان و بە مەبەستی جێبەجێكردنی بنەماو ڕێوشوێنەكانی گونجاو لەم پەیمانەدا، هەڵیانگرتوون، بدەن بە سكرتێری گشتیی شوورای ئەوروپا.

٢- بەدوای ئەمەشدا، هەركام لە وڵاتانی مۆركەری ئەم ڕێككەوتننامەیە، دەبێ بە ڕێكوپێكیو هەرچەند جار كە شوورای ئەوروپا بیەوێ، زانیاریی دیكە كە بۆ جێبەجێكردنی نێوەرۆكی ئەو ڕێككەوتننامەیە گرنگن، بۆ شوورای ئەوروپا بنێرن.

**ماددەی ٢٦:**

١- بۆ هەڵسەنگاندنی لەباریو گونجاوبوونی ئەو هەنگاوانەی لەلایەن وڵاتانی مۆركەری ئەم ڕێككەوتننامەیەوە بۆ جێبەجێكردنی بنەماو ڕێوشوێنەكانی هەڵگیراون، كۆمیتەی وەزیران لەلایەن كۆمیسیۆنێكی ڕاوێژكاری كە ئەندامەكانی لە زانستی پارێزگاریو پشتیوانی لە كەمایەتییە نەتەوەییەكاندا پسپۆڕن، پشتگیری دەكرێ.

٢- پێكهاتەی ئەم كۆمیسیۆنە ڕاوێژكارییەو شێوەی كاركردنی، دوای دابین بوونی ئیعتیباری قانوونی بۆ ئەم ڕێككەوتننامەیەو كارپێكردنی، لە ماوەی ساڵێكدا لەلایەن كۆمیتەی وەزیرانەوە دیاری دەكرێ.

## فەسڵی پێنجەم

**ماددەی٢٧:**

ئەم ڕێككەوتننامەیە بە مەبەستی مۆركردن دەدرێ بە ئەندامانی شوورای ئەوروپا. هەروەها وڵاتانی دیكە لەلایەن كۆمیتەی وەزیرانەوە بانگهێشت كراون لە ئێستاوە تا ڕۆژی ئیعتیبار پەیداكردنی ئەم پەیمانە لە باری قانوونییەوە و دەست پێكردنی، ئیمزای



بكەن. بەڕێوەبردنی نێوەرۆكی ئەم بەڵگەنامەیە پێویستی بە پەسندكردن، قەبووڵكردنو دەركردنی ئیجازەنامەی پێویست لەلایەن پارلمانی وڵاتە پێوەندیدارەكانەوە هەیە. بەڵگەنامەكانی تایبەت بەپەسندكردن، قەبووڵكردنو ئیجازەدان بەبەڕێوەچوونی ئەم ڕێككەوتننامەیە، لەلای سكرتێری گشتیی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان ڕادەگیرێن.

**ماددەی ٢٨:**

١- بەڕێوەبردنی نێوەرۆكی ئەم ڕێككەوتننامە بناغەییە، ڕاست لەو ڕۆژەڕا دەست پێدەكا كە ٣ مانگی تەواو بەسەر ڕەزامەندی دەربڕینی ١٢ ئەندامی شوورای ئەوروپا بە گوێرەی ماددەی ٢٧ لەگەڵ ئەو ڕێككەوتننامەیەو، بەرعۆدەبوونیان لە ئاست بەڕێوەبردنی نێوەرۆكەكەی، ڕابردبێ.

٢- هەر وڵاتێكی ئەندام كە دواتر ڕەزامەندیی خۆی لەگەڵ ئەم ڕێككەوتننامەیەو، بەرعۆدەبوونی خۆی لە ئاست بەڕێوەبردنی نێوەرۆكەكەی ڕادەگەیەنێ، ٣ مانگ دوای ئەوەی بەڵگەنامەكانی تایبەت بە پەسندكردن، قەبووڵكردنو ئیجازەنامەی دەوڵەت، یان پارلمانی وڵاتەكەیدا، بە شوورای ئەوروپا، ڕاست لە ڕۆژی دواترەوە دەست دەكا بە بەڕێوەبردنی.

**ماددەی ٢٩:**

١- كۆمیتەی وەزیرانی شوورای ئەوروپا پاش ئەوەی ئەم ڕێككەوتننامەیە ئیعتیباری قانوونیی پەیدا كردو، بۆ بەڕێوەبردن ئامادە بوو و، هەروەها بەدوای ڕاوێژ لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا كە ئەم پەیمانەیان مۆركردوە، بەگوێرەی بڕیارێك ـ كە بە پێی ماددەی ٢٠، پیتی "د"ی پێڕەوی نێوخۆی شوورای ئەوروپا بە زۆرایەتیی دەنگ دەدرێ ـ دەتوانێ لە هەر دەوڵەتێكی كە ئەندامی شوورای ئەوروپا نییەو بە گوێرەی ماددەی ٢٧ پێشتر داوای لێكراوە ئەم پەیمانە مۆر بكا بەڵام نەیكردوە، هەروەها لە هەر وڵاتێكی دیكە كە ئەندامی شوورا نییە، دەتوانێ داوا بكا ڕەگەڵ ئەم ڕێككەوتننامەیە بكەونو مۆری بكەن.

٢- هەر وڵاتێك كە بەم راگەیەندراوە پەیوەست دەبێ، لە یەكەم رۆژی دوای تێپەڕبوونی ٣ مانگ بەسەر تەحویلدرانی بەڵگەنامەكانی تایبەت بە پەیوەستبوونی ئەو وڵاتە بە شوورای ئەوروپا، دەبێ دەست بكا بە بەڕێوەبردنی نێوەرۆكەكەی.

**ماددەی ٣٠:**

١- هەر وڵاتێك كە رەگەڵ ئەم پەیماننامەیە دەكەوێ، دەتوانێ لە كاتی مۆركردن، یان سپاردنی بەڵگەنامەكانی تایبەت بە پەسندكردنو قەبووڵكردنی لەلایەن دەوڵەت، یان پارلمانی ئەو وڵاتەوە، یان لەكاتی سپاردنی بەڵگەنامەی پەیوەستبوون بەم رێككەوتننامەیە بە شوورای ئەوروپادا، رابگەیەنێ كە لە كام یەك لە ناوچەكانی ژێردەسەڵاتیدا نێوەرۆكی ئەم رێككەوتننامەیە بەڕێوەدەچێ.

٢- هەر وڵاتێك كە ئەم رێككەوتننامەیە مۆردەكا دەتوانێ هەر كاتێك بیەوێ لە روونكردنەوەیەكدا كە بۆ سكرتێری گشتیی شوورای ئەوروپای دەنێرێ، رابگەیەنێ كە لە چ ناوچەیەكی دیكەی ژێردەسەڵاتیدا، بنەماو رێوشوێنە دیاریكراوەكانی ئەم پەیمانە، بەڕێوە دەبا. نێوەرۆكی ئەم راگەیەندراوە لە رۆژی دوای تێپەڕینی ٣ مانگی تەواو بەسەر گەیشتنی ئەو روونكردنەوەیە بە دەست سكرتێری گشتی، ئیعتیباری قانوونی پەیدا دەكا.

٣- هەر روونكردنەوەیەك كە بە گوێرەی خاڵەكانی ١و٢ی ئەم ماددەیە نووسرابێ، دەكرێ بەهۆی نامەیەكەوە كە بۆ سكرتێری گشتی دەنێردرێ، وەربگیرێتەوە. ئەو وەرگرتنەوەیە، لەو رۆژەوە ئیعتیبار پەیدا دەكا كە ٣ مانگی تەواو لە گەیشتنی نامەكە بە سكرتێری گشتی رابردبێ.

**ماددەی ٣١:**

١- هەركام لەو وڵاتانەی ئەم راگەیەندراوەیان مۆركردوە دەتوانن بە هۆی نامەیەكەوە كە بۆ سكرتێری گشتیی شوورای ئەوروپای دەنێرن، پەیوەستبوونی خۆیان بەم رێككەوتننامەیە هەڵوەشێننەوە و ، بەم جۆرە دابڕانی خۆیان لەم پەیمانە رابگەیەنن.



٢- ئەم دابڕانە لەو رۆژەڕا ئیعتیباری قانوونی پەیدا دەكا كە ٦ مانگی تەواو بەسەر گەیشتنی نامەی دابڕان لەو رێككەوتننامەیە بە سكرتێری گشتی رابردبێ.

**ماددەی ٣٢:**

سكرتێری گشتیی شوورای ئەوروپا، هەموو وڵاتانی ئەندام، وڵاتانی دیكەش كە ئەم پەیمانەیان مۆركردوە، هەروەها هەر وڵاتێك كە پێیەوە پەیوەست دەبێ، لەم خاڵانەی خوارەوە ئاگادار دەكاتەوە:

ئەلف- هەر مۆركردنێك.

ب- هەر بەڵگەنامەیەكی پەسندكردن، قەبووڵكردنو پەیوەستبوون بەم پەیماننامەیە.

پ- هەر كات، یان رۆژێك كە رێككەوتننامەكە بە گوێرەی ماددەكانی ٢٨، ٢٩و ٣٠ ئیعتیباری قانوونی پەیدا دەكا.

ت- هەر ئاڵوگۆڕێكی دیكە، نامەیەك، یان هەواڵێك لە پێوەندی لەگەڵ ئەم رێككەوتننامەیەدا.

بۆ ئەوەی ئەم پەیمانە لایەنی دیكۆمێنتی و رەسمی بەخۆیەوە بگرێ، نوێنەرانی وڵاتانی مۆركردوو، ئیمزایان كرد. ئەم كارە لە یەكی فێوریەی ساڵی ١٩٩٥ لە شاری ستراسبۆرگ بە زمانەكانی ئینگلیزی و فەرانسەیی ئەنجامدرا. لێرەدا دەبێ بگوترێ كە دەقە ئەسلییەكەی هەر دوو نوسخە كە لە ئەرشیڤی شوورای ئەوروپادا رادەگیرێن، گرنگیو ئیعتیباری قانوونیی وەك یەكیان هەیە. سكرتێری گشتیی شوورای ئەوروپا نوسخەیەكی بڕواپێكراوی ئەم راگەیەندراوە بۆ هەموو وڵاتانی ئەندامی شوورای ئەوروپاو سەرجەمی ئەو وڵاتانە دەنێرێ كە بۆ مۆركردنو پێوەپەیوەستبوون، بانگهێشتكراون.

---

(*) ن. نوریزادە (وەرگێڕی فارسیی ئەم دەقە) ١٠ی رێبەندانی ١٣٨١.

(**) ئەم راگەیەندراوە، "ناسر ئێرانپوور" لە ئەڵمانییەوە كردوویە بە فارسی و، لە ماڵپەڕی "كوردستان سایت"دا بڵاو بۆتەوە.